منداڵ ئەوشتە دەکێشێت، کە دەیزانێت، نەک دەیبینێت، هەتا تەمەنی بەرەوسەر بڕوات زیاتر پشت بە چاوەکانی دەبەستێت لە دەربڕینەکانیدا.

«ڤیکتۆر لۆنفیلد»

سەرپەرشتی زانستی : سالار جەلال ئەحمەد
سەرپەرشتی هونەری : عوسمان پیرداود کواز
خالد سليم محمود
تایپکردن : شڤان سابیر عولا
نەخشەسازی بەرگ : عوسمان پیرداود کواز
نەخشەسازی ناوەرۆک: شڤان سابیر عولا

# پەروەردەی هونەر
# بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەت

ڕێبەری مامۆستا

# پەروەردەی هونەر
# بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەت

## ڕێبەری مامۆستا


ئامادەکردنی

م. خەلیل عەلی عەبدوڵا

پێداچوونەوەی زمانەوانی

پ.ی.د. عەباس مستەفا عەباس

پ.ی.د. عەتا ڕەشید حسێن

د. شێروان حسێن خۆشناو

پێداچونەوەی زانستی

د. قادر حسێن ساڵح

د. محەمەدئەمین عەلی عەبدوڵا

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی | ٨ |
| فەلسەفەی پەروەردەی هونەر | ٩ |
| بنەما گشتییەکانی گەشە | ١٣ |
| قۆناخی بنەڕەتی | ١٤ |
| قۆناخی دەربڕین لەڕاستی ١١، تا ١٣ ساڵ | ١٨ |
| تاقیکردنەوە | ٢١ |
| خشتەی پێشنیارکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا | ٢٦ |
| تەوەری یەکەم: مێژووی هونەر | |
| وانەی یەکەم | |
| مێژوو مرۆڤ | ٣٠ |
| وانەی دووەم | |
| هونەر لە چەرخی بەردینی کۆندا | ٣٥ |
| وانەی سێیەم | |
| هونەر لە چەرخی بەردینی نوێدا | ٤٦ |
| تەوەری دووەم: هونەری شێوەکاری | |
| وانەی یەکەم | |
| دەربڕینخوازی | ٥٧ |
| وانەی دووەم | |
| ڕەنگە ساردو گەرم و بێلایەنەکان | ٦٨ |
| وانەی سێیەم | |
| دیاریکردنی ڕووگە لەڕێگەی بۆیەی جۆراوجۆرەوە | ٧٩ |
| وانەی چوارەم | |
| سروشت و مۆدێل و شتی بێگیان (ستیل لایف) | ٩٠ |
| تەوەری سێیەم: نەخشەسازی | |
| وانەی یەکەم | |
| بەهای نەخشەسازی | ١٠٥ |
| وانەی دووەم | |

| | |
|---|---|
| پێکهاتەی ڕازاندنەوە | ١١٧ |
| وانەی سێیەم | |
| خۆشنووسین | ١٣١ |
| تەوەری چوارەم: کاردەستی | |
| وانەی یەکەم | |
| بارستەو بۆشایی | ١٤٢ |
| وانەی دووەم | |
| دووبارەبەکارهێنانەوە (بارستەو بۆشایی) | ١٥٦ |
| فەرهەنگۆک | ١٦٨ |
| سەرچاوەکان | ١٨٨ |

## پێشەکی

مامۆستای بەڕێز، ئەم پرۆگرامە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم پەیوەندی بە کۆمەڵێک بابەتی مێژووییەوە هەیە، کە ڕاستەوخۆ دەگەڕێنەوە بۆسەر لایەنی هونەری و سەرەتاکانی ژیانی هونەری لەگەڵ مرۆڤدا دەخاتە ڕوو. هەروەها ئەم زانیارییانە زۆر گرنگن بۆ قوتابی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، چونکە جگە لە زانیارییە کرادارەکییەکان قوتابی کۆمەڵێک زانیاری نوێش بەدەست دەهێنێت، کە ئەو لە ڕابردوودا هەروەک مێژوو مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، بەڵام لەم بەشەدا، وەک بابەتی هونەری دەیانناسێت و پێیان ئاشنا دەبێت.

کەواتە ئەم زانیارییانە تازەن و پێوستە لەسەر مامۆستای پەروەردەی هونەر بەنەرمی مامەڵە لەگەڵ ئەو زانیاریانەدا بکات و لەشێوەی چیرۆک بیگەیەنێتە قوتابییەکان و هەنگاوەکانی گەشەکردن و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان بۆ قوتابییەکان ڕوون بکاتەوەو زانیارییەکانیان لێ سەخت نەکات و گەیاندنەکەش ئاڵۆز نەکات، چونکە مەبەستی سەرەکی لەم زانیاریانە، تەنها ئاشنا بوونی قوتابییەکانە بە کۆمەڵێک زانیاری هونەری نوێ، کە لەمەوپێش بەم شێوەیە پێی نەگەیشتووە.

بەڵام لە بەشی دووەمدا، بابەتە کردارییەکان جارێکی دی دەبنەوە جێگەی کارکردنی قوتابییەکان، بەڵام پێویستە مامۆستا لەم قۆناخەدا ڕێچکەیەکی نوێ لە وانە کردارییەکاندا بگرێتەبەر، چونکە قوتابییەکان تەمەنیان دوازدە ساڵەو شێوازی مامەڵەکردن و زانیارییەکانیشیان پێشکەوتووەو تواناو گەشەی لەشەکی و ئەقڵیشیان لە بارێکی پێشکەوتووتردایە، چونکە منداڵ لەم تەمەنەدا هەستکردنی بە شتەکان زۆر پێشکەوتووەو جێگەو ڕێگەیان دەناسێت و پێگەی هەریەک لەشتەکانیش دەزانێت، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، کە منداڵ لەو تەمەنەدا زیاتر پشت بە چاوەکانی دەبەستێت، وەک لە بیری، ئەوەش بە خاڵی جیاوازو جیاکەرەوەی ئەم پۆلە لەگەڵ پۆلەکانی تری پێش خۆی دادەنرێت.

کەواتە قوتابییەکان هەوڵدەدەن شێوەی شتەکان لە شێوە ڕاستەقینەکە بچوێنن و زیاتر نزیکی بکەنەوە لە بابەتە ڕاستیگەراییەکان، هەر ئەوەشە ئەم تێبینییە زۆر گرنگە بۆ مامۆستاو دەبێت ڕەچاوی ئەم پێشکەوتنانە بکات و نابێت ئەو ڕەفتارانەی لەگەڵ منداڵانی پۆلی دووەمدا نواندوویەتی، هەمان ڕەفتار لەگەڵ منداڵانی پۆلی شەشەمیشدا دووبارەیان بکاتەوە، چونکە یەکەم قوتابییەکان هەراسان دەکات و دووەمیش خۆی پەرێشان دەبێت و کۆمەڵێک کێشەی چاوەڕواننەکراو ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

کەواتە گرنگە مامۆستا ڕەچاوی تێبینی و ڕێنماییەکان بکات، کە لەنێو پرۆگرامەکەدا بۆی دەستنیشان کراوەو لەهەر شوێنێکیشدا تووشی کێشەهات دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ پرۆگرامەکانی پێش ئەم پرۆگرامە.

م. خەلیل عەلی

## فەلسەفەی پەروەردەی هونەر

لەبەر ڕۆشنایی تیۆرە هاوچەرخەکانی بواری پەروەردە هونەرییەکان و بەپێی پەیماننامەی جۆریی بۆ پەروەردەی هونەر، ئەوا بەم شێوەیە فەلسەفەی پەروەردەی هونەر داڕێژراوەتەوە:

### ١. پەروەردەی هونەرو قوتابخانەی سەرنجڕاکێش:

ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی وانەی پەروەردەی هونەر لەسەر دەروون و شێوازی بیرکردنەوەی منداڵ زۆرە لە قوتابخانەدا، چونکە ئەوە وانەی هونەرە دەتوانێت کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر حەزو ویستەکانی منداڵ بەجێبهێڵێت و پاشان توانا کارامەییەکانی بجوڵێنێت و وانەکە لە وانەیەکی تیۆرییەوە بگۆڕێت بۆ وانەیەکی کردارەکی و ئنجا منداڵەکان بخاتە گروپەوەو هەستێکی کۆمەڵایەتی بەهێز لەناخی منداڵەکاندا گەشە پێبدات. کەواتە ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئارەزووی منداڵ بۆ قوتابخانەو خوێندن و لە کۆتاییشدا سەرنجی منداڵ بۆ قوتابخانە ڕادەکێشێت و لای خۆشەویست دەکات.

### ٢. پەروەردەی هونەر، وێستگەی گەشەپێدانی توانا پیشەییەکانی منداڵانە لە قوتابخانەدا:

پەروەردەی هونەر، دەروازەیەکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی توانا زانیاری و زانستییەکانی منداڵ لە قۆناخە جیاوازەکانی خوێندندا، چونکە لەڕێگەی تەوەرە جیاوازەکانی وانەی پەروەردەی هونەرەوە منداڵ دەتوانێت دنیابینی خۆی، ئنجا ژیانی خۆی بگۆڕێت و وردە وردە لەڕێگەی کردارەکییەوە زانیارییەکانی دەوڵەمەند بکات. بێگومان، ئەم زانیاریانەش لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە سوودێکی زۆری بۆ منداڵەکە دەبێت لە ژیانی قۆناخی زانکۆییدا.

### ٣. پەروەردەی هونەرو قوتابخانەی فرەکار:

مەبەست لە گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی بریتییە لە پوختەکردن و ڕێککردن و بەرزکردنەوەی ئاستی کار لەڕێگەی بەرهەمهێنانەوە. هەموو ئەوانەش لەڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی جوانناسی و بەهادارکردنی کاری هونەریی

لای منداڵ دەستەبەر دەبن، چونکە ئەگەر منداڵ بەهای ئەو کارە نەزانێت، کە ئەنجامی دەدات، ئەوا بێگومان، کارەکە ناتەواو و ناڕێک دەبێت و لەڕووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشەوە نەنگ دەبێت. بۆیە یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی پەروەردەی هونەر، بریتییە لە بەستنەوەی بوارە هونەرییەکە بە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە، تا منداڵ بتوانێت بوارە هونەرییەکە بخاتە خزمەت کۆمەڵگاکەیەوە و ئیتر لەوێوە ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرو فەرهەنگی هاوچەرخی جیهانی پەیدا بکات. لەڕاستیدا، بەدەستهێنانی کارامەیی پەیوەستە بەوەی، کە تا چەند ئەومنداڵە دەتوانێت لەگەڵ پیشەگەرەکانی دەرەوەی قوتابخانە پەیوەندی بگرێت و ڕێز لە پیشەگەر بگرێت و تواناکانیان بەهەند وەربگرێت، تا ئەویش لە ئاییندەدا بتوانێت، وەک ئەوان بەرهەمداربێت و خزمەت بە کۆمەڵگاکەی بکات.

### ٤. پەروەردەی هونەرو کەلەپووری هونەری جیهانی و ناوخۆیی:

هونەر دەروازەیەکە، تا لێیەوە ئاشنایەتی لەگەڵ شارستانیەتی خۆجێیی و شارستانییەتی تردا پەیدا بکات. یەکێک لەو بنەما سەرەکییانەی هونەریش پشتی پێدەبەستێت بریتییە لە کەلەپوور، بۆیە پێویستە کەلەپوور بکرێتە دەروازەیەک بۆ چوونە ناو هونەرەوە، تا لێیەوە منداڵ شارستانییەت و فەرهەنگ و هونەری میللەتەکەی خۆی بناسێت، ئەمەش وادەکات شانازی بە مێژووی میللەتەکەیەوە بکات. کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەم بیرکردنەوەیەدا ڕێز لە مێژووی هونەری گەلان دەگرێت و بە بەهاوە لێیان دەڕوانێت، وەک پاشماوەیەکی مرۆڤایەتی و پاشان دەیانپارێزێت.

### ٥. پەروەردەی هونەر و ئاوێتەبوون لەگەڵ هونەرەکانی ترو بوارەکانی تری زانیاریدا:

هونەر، بۆخۆی پرۆسەیەکە پێویستی بە شارەزایی و ئەزموونکردن هەیە، تا لەڕێگەی ئەم شارەزایی و ئەزموونکردنەوە کەرەستەو شمەکەکان پێکەوە ببەستێتەوەو پاشان زانیارییە جیاوازەکان پێکەوە گرێبدات. کەواتە ئەم پەیوەندییەش لە دوو بواردا ئەنجامدەدرێت، ئەوانیش بریتین لە:

### دەروازەی یەکەم:

وانەی پەروەردەی هونەری شێوەکاری پەیوەندی گرێدەدات لەگەڵ بوارەکانی تری هونەردا، وەک: مۆسیقا، شانۆ، ڕیتمی جوڵەیی (سەما) .... بەڵام ئەگەر پەیوەندی وانەی پەروەردەی هونەر لەگەڵ وانەکانی تری خوێندن باس بکرێت، ئەوا بێگومان، ئەو پەیوەندیە لەڕێگەی بەکارهێنان و گۆڕینەوەی زانیاریەوەیەو لەهەمانکاتیشدا هاوکاری وانەکە دەکات لەڕێگەی ناسین و بەکارهێنانی کەرەستە جیاوازەکانی تردا. بۆنموونە منداڵ شێوە ئەندازەییەکان لەوانەی هونەردا بەکاردەهێنێت و پاشان، کە گەورەبوو دەتوانێت هەمان ئەو شێوە ئەندازەییانە لە بواری بیرکاری و ئەندازیاریشدا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەکاربهێنێتەوە. کەواتە منداڵ لێرەدا فێردەبێت دەستەواژەکان لەجێگەو پێگەی خۆیدا بەکاربهێنێت.

### دەروازەی دووەم:

وانەی پەروەردەی هونەر وا لە منداڵ دەکات گەشە بەلایەنە باشەکان بدات و وڵات و نیشتمانەکەی خۆی خۆشبوێت و خاک و ئاوو کەرەستەو شمەکە گشتییەکان بپارێزێت و هەستی نەتەوایەتی پەرەپێبدات و هەست بە بەرپرسیارییەتی بکات بەرانبەر هەموو ئەوشتانەی لەدەوروبەریدا هەن و پاشان شانازیان پێوە بکات، چونکە خۆی بەشێکە لەو مێژوو و کەلتورو فەرهەنگە.

### ٦. پەروەردەی هونەرو کەرەستەو تەکنەلۆجیا:

پێشکەوتنی کۆمەڵگە، وایکرد چەندین بیروبۆچوونی جیاوازو پێشکەوتوو و هاوچەرخ دەربکەون لەبارەی بەکارهێنانی کەرەستەو شمەکی هاوچەرخ و تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو لە بواری هونەردا. ئەمەش وایکردووە هونەری هاوچەرخ بەرهەمبهێنێت و بیکاتە بەشێک لەو پێشکەوتنە مەزنەی ئەمڕۆ، کە بەهونەری هاوچەرخ، یان بەهونەری نوێ ناوزەند کراوە.

### ٧. پەروەردەی هونەرو ئاڕاستەکردن و هەڵسەنگاندن:

پەروەردەی هونەر بەیەکێک لەو وانانە دادەنرێت، کە چەندین شارەزایی جیاوازو دیاریکراو لەخۆدەگرێت، ئەمەش بە ئاڕاستەکردنی وەرگر (قوتابی) لەڕێگەی ڕاهێنان و ڕاهێزان و گەشەو دەربڕینخوازیدا، پاشان

مامۆستا دەتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ وەرگر بکات، تا بزانێت ئایا پێوەرەکانی ئاڕاستەکردن کاری خۆیان کردووە؟ دواتر بڕیار لەسەر هەڵسەنگاندنی ئاستی گەشەی وەرگر دەدات، تا بزانێت ئایا وەرگر چێژی لەوانەکە وەرگرتووە؟ ئایا کەرەستەو شمەکەکانی بە باشی بەکارهێناوە؟ ئایا توانای زانیارییەکانی پێشکەوتووە؟ ئایا توانای داهێنان و کارامەیی زیادی کردووە؟ ئایا لەو گەشتانەی کردوویانە بۆ ناو سروشت و سەردانەکانیان بۆ مۆزەخانەو گالێری و ناوەندە هونەرییەکانی تر هیچ لە بیروباوەڕی قوتابییەکانیان گۆڕیوە؟ ئیدی لێرەوە مامۆستا دەبێت هەوڵبدات لەسەر ئەم هەڵسەنگاندنانە پەیوەندی بگرێت لەگەڵ قوتابییەکان، تا بتوانن ڕابردوو بە ئێستەوە ببەستنەوە و هەندێک چالاکی ئەنجام بدەن، کە پەیوەندی بە خەیاڵکردن و وەڵامدانەوەوە هەیە، جارێکی تر دەستەواژەو ناوە هونەرییەکان بناسنەوەو لەبیریان نەکەن. لە کۆتاییشدا منداڵەکان، جا لەڕێگەی گفتوگۆوە، یان نووسینەوەبێت بیرۆکەو پێشنیارو سەرنجەکانی خۆیان لەبارەی وانەکەوە بخەنە ڕوو.

### ٨. پەروەردەی هونەرو داهێنان:

وانەی پەروەردەی هونەر تیشک دەخاتە سەر وەرگر، تا پاڵی پێوەبنێ بۆ داهێنانکردن و دۆزینەوەی شتی تازە. واتە وا لەوەرگر دەکات زمانی دەربڕینخوازی هونەری بدۆزێتەوە، تا لێیەوە گوزارشت لە خواست و ویستەکانی خۆی و بیرۆکەو تێڕوانینەکانی پێ بکات و ئەم بنەمایانەش بگۆڕێت بۆ هێمای هونەری و ئاستێکی بینگەیی جوانی جوانناسی بخاتە بەرچاو. بێگومان لێرەدا داهێنان تەنها ناوەستێت لەسەر جۆری کەرەستە بەکارهاتووەکان، بەڵکو ڕادەوستێت لەسەر هەڵبژاردن و شێوازو جۆرو چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم کەرەستەو شمەکانە لەکاری هونەریدا. هەروەها گۆڕینی بۆ کارێکی داهێنەرانەی هونەری جوان، کە شایستەی بینین بێت.

### ٩. پەروەردەی هونەرو پەیوەندیگرتن:

ئەم شێوازی فێربوونە واله قوتابی دەکات، کە فێری پەیوەندیگرتن بێت. واتە پێویستە ئەوە بزانرێت، کە تەکنەلۆجیای پەیوەندیگرتن وایکردووە کارئاسانی زۆر بکرێت بەمەبەستی دۆزینەوەو کارکردن بەو کەرەستەو

شمەكە تەكنەلۆجیانە، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی كاری هونەری. جا لەبەر ئەوە پێویستە ئاستی بینین لەڕێگەی تەكنەلۆجیاوە بەرز بكرێتەوە، كە پێی دەڵێین (دیجیتاڵ ئارت). ئەمەش وادەكات ئاستی ڕۆشنبیری بەكاربەر بەرز بكاتەوەو لەهەمانكاتیشدا هۆشیاری زۆرتر بەدەستبهێنێت و لەبواری جوانناسیشدا پێشبەكەوێت و ئەزموونی زۆرتریش بەدەستبخات.

### ١٠ پەروەردەی هونەرو هەڵبژاردن:

وانەی پەروەردەی هونەر هەوڵدەدات وا لەقوتابی بكات ئاستی هەڵبژاردنی باش بكات و توانای بیركردنەوەی قوڵتر بكات، تا بتوانێت جیاوازی لە نێوان باش و خراپ، جوان و ناڕێک، پیس و خاوێن، بیرۆكەی باش و بیرۆكەی تێكدەرانەدا بكات. بێگومان ئەمەش لەڕێگەی هەڵبژاردنی دروستەوە دەبێت، كە پێویستە سەرەتا قوتابییەكە ئاستی جوانناسی بەرزبكرێتەوە، تا بتوانێت جیاوازی بكات، ئنجا هەڵبژاردنی دروست ئەنجام بدات. كەواتە وانەی پەروەردەی هونەر هەوڵدەدات ئاستی هەڵبژاردن لای قوتابی بەرز بكاتەوە، تا بڕیاری دروست و شیاو بدات و پاشان ئەم كارانە بخاتە خزمەت وڵات و ژینگەو كۆمەڵگاكەیەوەو بازاری پێ ببوژێنێتەوەو دواتر سوود بەخۆشی بگەیەنێت.

## بنەما گشتییەكانی گەشە

### بنەما گشتییەكانی گەشە بریتین لە:

#### ١. بنەمای یەكەم: گەشە پرۆسەیەكی بەردەوامە:

لەوكاتەوەی یەكەم خانە لەجەستەدا دروست دەبێت، ئەوا گەشەی مرۆڤیش دەستپێدەكات. ئەم گەشەیەش قۆناخ بە قۆناخ لەگەڵ هەڵكشانی تەمەنی مرۆڤ بەردەوام دەبێت.

#### ٢. بنەمای دووەم: پرۆسەی گەشە تاكلایەنەیە:

وەک ئاشكرایە گەشەی دوو كەس، وەک یەک نین. واتە هەرتاكێک لەو تاكانە لە شێوازو ڕێژەی گەشەكردندا جیاوازن.

#### ٣. بنەمای سێیەم: گەشە پرۆسەیەكی لێكگرێدراوە:

ویـرای ڕوودانـی لایەنە جیاوازەکـانی گەشــە لە قوتابیـدا، بەڵام هەموویـان پەیوەستن بەیەکەوە.

٤. **بنەمای چوارەم: فێربوون ئاماژەیە بۆ گەشە:**

واتە قوتـابی ناتوانێـت فێرببێـت، ئەگەر بوارەکـانی گەشــەی بـاش نەبێـت و پێنەگەیشتبێت.

٥. **بنەمای پێنجەم: گەشە بەئاڕاستەی گشتاندن بۆ جێبەجێکردن، ئنجا بۆ دیاریکردن دەچێت:**

واتە لە گشتییەوە بۆ تایبەت و لە گشتەوە بۆ بەش و لەبنکەوە بۆ نموونەیی دەچێت.

هەرلەبەر ڕۆشـنایی ئەم پێـنج بنەمـایە پێویسـتە مامۆسـتا ئاگـاداری قۆنـاخە جیاوازەکـانی گەشــەی منـداڵ بێـت، چــونکە هەر قۆناخێـک لە قۆناخەکـان پێویسـتی بە ڕەفتـارو هەڵسـوکەوت و گفتوگۆو کەرەسـتەو شـمەکی جیـاواز هەیە. واتە مامۆســتا نابێـت هەرلەخـۆیەوە ڕەفتـار بنوێنێـت، ئەگەر نەزانێـت لەبەرانبەر چ جۆرە منداڵێکدا ڕاوەستاوە؟

کەواتە ئەم پڕۆگرامە پۆلێن دەکرێت بۆ سـێ قۆنـاخی جیاوازی گەشـەکردن، کە بریتین لە:

**یەکەم:** قۆناخی ژێرتەمەنی خوێندن

**دووەم:** قۆناخی بنەڕەتی

**سێیەم:** قۆناخی ئامادەیی

بەڵام لێـرەدا بەپێویسـت دەزانرێـت، تەنهـا بـاس لە قۆنـاخی دووەم بکرێـت، چونکە پەیوەستە بەم قۆناخەی تەمەنی قوتابییەوە.

لەگەڵ هەڵکشــانی تەمەنــی منــداڵ، کــارە هونەرییەکانیشــی جــوانترو پوختەتر دەبن، بـۆیە گرنگە مامۆسـتا باشـتر لە قۆنـاخی بنەڕتی تێبگات و لە ئاستی قوتابییەکان پێشینەی هەبێت، وەک:

## قۆناخی بنەڕەتی

لەم قۆنـاخەدا منـداڵ ئەزمـوون لەوشــتە وەردەگرێـت، کە لەڕابـردوودا بەدەستی هێناوەو ساڵ بە ساڵیش لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا ڕاهێزانی زۆرتر دەکـات و ئاســتی تێگەیشــتن و بیرکــردنەوەو کارکردنیشــی بەرەو باشـترو

جوانتر و ڕێکتر دەچێت. کەواتە ڕەفتاری بەدەستهاتوو هاوکاری قۆناخەکانی تری گەشەی دەکات و ئەم قۆناخەش خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی گەشەیە، لەوانەش:

**یەکەم: گەشەی لەشەکی:**

- لەم قۆناخەدا جەستە لەڕووی تویکارییەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، وەک قەبارەو شێوەو تایبەتمەندی و پێکهاتەکانیەوە.
- تێبینی گەورەبوونی قەبارەکەی و گەشەی جوڵەکی دەکرێت. (جوڵەی زۆردەبێت).
- سەرەتا بە گەشەی بەردەوام و هێواشی لەشەکی دەستپێدەکات و لەناوەڕاستی تەمەنیدا گەشەی خێرا دەبێت و لەگەڵیدا شێوەو ڕوخساری وردە وردە گۆڕانکاریان بەسەردادێت.
- ماسولکەکانی گەشە دەکات و ئێسقانەکانی لەڕابردوو بەهێزتر دەبێت.
- کارو فەرمانەکانی پەل و بەشەکانی تری جەستەی پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیانەوە دەبینن.
- ئەم قۆناخە بەوە جیادەکرێتەوە، کە چالاکی جوڵەکی زۆردەبێت و کە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکە.

**دووەم: گەشەی تاوگیری:**

- گەشە ڕەفتارییە تاوگیریەکانی بەرەو جێگیربوون دەچن، کە ئەوەش پەیوەستە بەو کات و سات و ژینگەیەی تێیدا دەژیت.
- پێداویستییەکانی بەشێوەیەکی لەبارو شیاو تێردەکات، بێئەوەی هانا بۆ توڕەبوون و خۆگیڤکردنەوە بەرێت.
- لایەنی سۆزداری بنیاتدەنێت و تێبینی مەترسییەکان دەکات و توانای گوزارشتکردنی فرە دەبێت.
- لەکۆتایی ئەم قۆناخەشدا زیاتر بەرەو جێگیربوون و ئارامی و جێگیربوونی تاوگیرییەکانی دەچێت، لایەنە ویژدانییەکانی گەشەدەکەن و مەترسییەکانی کەم دەکاتەوەو کەمتر پشت بە یاخیبوون دەبەستێت، لەجیاتی خیرەکردن پشت بە پاشملە باسکردن دەبەستێت، توانای خەیاڵبازی زۆردەبێت و خەونەکانی زیاد دەکات و ویستە پیشەییەکانی زۆرتر دەبێت.

### سێیەم: گەشەی کەسیەتی:

- چەمکی خودگەرایی گەشە دەکات، هەستی ئاگایی تاک گەشە دەکات و ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ڕێکخستنی هۆش و وەرگرتنی شارەزایی و دیاریکردنی ڕەفتارو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی.
- سوود لەبەهای ئەوانی تر وەردەگرێت و هەوڵدەدات بسازێت و هاوسەنگی بپارێزێت، دواتر پێدەگات و فێردەبێت.

### چوارەم: گەشەی ئەقڵی:

- هەوڵدەدات دواکارییە زانیارییەکان بۆ ئەقڵ دەستەبەر بکات. سەرەتا لەڕێگەی پرسیارکردن و پاشان لەڕێگەی دۆزینەوەو گەڕان و چاودێریکردن و تێڕامان و لێووردبونەوەوە زانیارییەکانی زۆرتر دەکات.
- ئەقڵی گەشەیەکی خێرا دەکات، سەرەتا لەڕێگەی بەخۆزانییەوە، پاشان کارامەییە بنەڕەتییەکان فێردەبێت و لەڕێگەی خوێندنەوەو نووسین و بیرکارییەوە شتەکانی تر بەدەستدەهێنێت. گەشەی زیرەکی زۆرتر دەبێت (پەی پێبردن)، بیرهێنانەوەی گەشە دەکات (شتی بیرناچێتەوە)، ئاستی تێبینیکردنی هەستیاردەبێت (ئەوە بۆوایە؟ دەزانم چ دەکەی؟)، بیرکردنەوەی گەشە دەکات، توانای خەیاڵبازی و سروشی، لە ڕاستییەوە بۆ داهێنان و لێکبەستن گەشە دەکات. توانای چاودێریکردن و ئارەزووی بیستنی چیرۆک و بەسەرهات و سەیرکردنی تەلەڤزیۆن و سینەماو بیستنی ڕادیۆی زۆر دەبێت.
- توانا تایبەتییەکانی جیادەکاتەوە لە زیرەکییەکەی و توانا ئەقڵییە گشتییەکەی و هەوڵدەدات خەیاڵبازییەکی داهێنەرانەی ڕاستەقینە ئەنجام بدات، لە چەمکەکان تێدەگات و خۆی ئامادە دەکات، تا لە پرۆگرامە ئاڵۆزەکان تێبگات و زانیاری زۆرتر لەسەر ژینگەی دەوروبەری و جیهان کۆدەکاتەوە. هەروەک چۆن تێبینی ئەوەدەکرێت ڕەخنە لەگەورەکان بگرێت و لەکۆتایی قۆناخەکەشدا ڕەخنە لەخۆیشی بگرێت.

### پێنجەم: گەشەی کۆمەڵایەتی:

- بەردەوام دەبێت لە خۆسازان و گەشەپێدانی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوون لەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت.

- بازنەی پەیوەندییەکانی فرەوان دەکات و هاوسۆزی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا گرێ دەدات.
- پێوانە کۆمەڵایەتییەکان فێردەبێت و هەست و دەرکپێکردنە کۆمەڵایەتییەکانی گەشە دەکات. توانای هاوڕێگرتن و خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و ململانێکردنی گەشە دەکات. هەوڵدەدات پێگەی کۆمەڵایەتی و هەستی بەخۆزانی بەهێز بکات، توانای پێشەوایەتیکردن و سەرکێشیکردنی لێبەدەردەکەوێت. توانای کارتێکردنی بەسەر هاوڕێکانیدا زۆر دەبێت، ویژدانی گەشەدەکات، بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت و خۆی دەناسێت.
- ڕۆشنبیری گشتی پێشدەکەوێت و هەست بە بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی دەکات و تا تەمەنی بەرەو هەڵکشان بچێت، توانای کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانی دەبێت.

لە کۆتاییدا، مامۆستای بەڕێز... هەنگاونان بۆ ناسینی منداڵ لەم قۆناخەدا پێویستی بە لێوردبوونەوە لە ڕەفتارەکانیدا هەیە، بۆیە پێویستە ڕەفتاری قوتابییەکان فەرامۆش نەکرێت و بتوانن خۆیان لەگەڵ بگونجێنن، چونکە لەم تەمەنەدا منداڵ هەوڵدەدات ڕاستییەکان، وەک خۆی ببینێت. واتە زیاتر پشت بە چاوی دەبەستێت (هەستی بینین)، وەک لە هەستەکانی تر.

گەشەی هونەری منداڵ لەم قۆناخەدا (١١ بۆ ١٣) ساڵ

بۆ تێگەیشتن لە هونەری منداڵ پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ پۆلێنکردنە بەناوبانگەکەی زانای سویسری «ڤیکتۆر لۆنفیلد»، کە تیایدا گەشەی توانای وێنەکێشان لای منداڵ دابەش دەکات بۆ حەوت قۆناخ و ئەو قۆناخانەش بە پێی تەمەنی منداڵ دابەش دەکات. لەو ڕووەشەوە گەشەی لەشەکی و ئەقڵی، کاریگەری دەبێت لەسەر کارە هونەرییە بەرهەم هاتووەکەو بەپێی تەمەنەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت و تا گەورەتربێت، وێنەکانی جوانترو باشتر دەبێ. هەروەها ناسینەوەی هێمای ناو وێنەکانیش ساناترو ڕوونتر دەبێت بۆ بینەر. کەواتە سەرەتا منداڵ ئەوشتە دەکێشێت، کە دەیزانێت نەک دەیبینێت، تا گەورەتریش دەبێت زیاتر پشت بە چاوەکانی دەبەستێت لە دەربڕینەکانیدا.

## قۆناخەکانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیکتۆر لۆنفیلد):

١- قۆناخی ئامادەبوون بۆ هێڵکاری: لە تەمەنی دووای بوون تا ٢ساڵی.
٢- قۆناخی هێڵکاری: لە تەمەنی (٢ تا ٤) ساڵی.
٣- قۆناخی ئامادەبوون بۆ هەستکردن بەشێوەکان: لە تەمەنی (٤ تا ٧) ساڵی.
٤- قۆناخی هەستکردن بە شێوەکان: لە تەمەنی (٧ بۆ ٩) ساڵی.
٥- قۆناخی هەوڵدان بۆ گوزارشت لە ڕاستی: لە تەمەنی (٩ بۆ ١١) ساڵی.
٦- قۆناخی گوزارشت لە ڕاستی: لە تەمەنی (١١ بۆ ١٣) ساڵی.
٧- قۆناخی باڵقبوون (هەرزەکاری): لە تەمەنی (١٣ بۆ ١٨) ساڵی.

شایانی باسە لەم هەنگاوەی ئێستادا، تەنها خاڵی شەشەم هەڵدەبژێرین، کە پەیوەستە بە منداڵی تەمەن (١١ بۆ ١٣) ساڵ. بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر جۆری چالاکی و شێوازی جێبەجێکردنیان دەوەستین و لەگەڵ حەزو ویستی منداڵەکان هەنگاو دەنێین و تۆی مامۆستاش پێویستە ڕەچاوی هەستیاری تەمەنی ئەم قۆناخەی منداڵ بکەیت و هەڵپە نەکەیت لەکاتی جێبەجێکردنی وانە کردارییەکاندا.
بۆ ئەو مەبەستەش، سەرەتا زانیاری پەروەردەیی پێویست بۆ ئەم قۆناخە دەخرێتە بەرچاوی مامۆستای وانەی هونەر، کە بریتییە لە گوزارشتکردن لە ڕاستییەکان.

## قۆناخی دەربڕین لەڕاستی، ١١ ساڵ تا ١٣ ساڵ

لەم قۆناخەی منداڵدا گۆڕانکاری گەورە بەسەر ژیانیدا دێت، بەتایبەت لەژیانی منداڵییەوە بەرەو ژیانی گەورەیی دەڕوات. هەروەها گەلێک گۆڕانکاری بەرفراوان لەگشت ڕوویەکەوە تێیدا ڕوودەدات، وەک: مێشک، هزر، جەستە، تاوگیرییە دەروونییەکان، باری کۆمەڵایەتی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر دەربڕینی هونەری.
هەروەها یەکێک لەو گۆڕانانە ئەوەیە، کە بەرهەمی کەم دەبێتەوەو ئارەزووی کاری هونەری نامێنێ. بەشێوەیەکی گشتی کاری هونەری لەم قۆناخەدا دوو شێوازی هەیە ئەویش شێوازی خۆیی، شێوازی دیتن. لەیەکەم شێوازدا منداڵ دەربارەی ڕاستییەکانی خۆی و دەربڕینەکانی دەکێشێ،

بابەتیانە بابەتەکە لەڕاستی نزیک دەکاتەوە، بەڵام لە شێوازی دووەمدا پشت بە چاوەکانی دەبەستێت و ئەو بابەتانە وێنە دەکێشێ، کە لە پێش چاویدا هەبن، جا لەبەر ئەوە دەکرێت زۆر بە باشی ڕێنمایی بکرێن لە هەردوو شێوازەکەدا، تا بەرەو ئارەزووی هونەریی بچن، بەتایبەت ئەو مندالانەی ڕێگەی هونەر دەگرنە بەرو بەردەوام دەبن لە کاری هونەریدا هەربۆیە (ئەگەر مامۆستا ئەم حەزە هونەریە گەشە پێ بدات و پەروەردەیەکی دروست پێشکەش بە منداڵەکە بکات، ئەوا منداڵەکە تێدەکۆشێت بۆ گەیشتن بە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، یان کۆلیژە هونەرییەکان).

هەرچەندە لەم قۆناخەدا منداڵ بەرهەمی هونەری کەم دەبێتەوە، بەڵام دەبێت قوتابییەکە ڕابسپێردرێت، تا کارێک بکات ئەمەش جیاوازە لە قۆناخەکانی تری تەمەنی ڕابردووی، بۆیە ناتوانرێت فشاری زۆری بۆ بهێنرێت، تا کاری هونەری ئەنجام بدات، یان زیاتر لەکارێک بکێشێت، ئەگەر خۆی حەزی لێ نەبێت، چونکە تەمەنی چۆتە سەرو لە قۆناخی باڵق بوندایە. لەهەمانکاتیشدا هەندێک منداڵ دەردەکەون حەزیان لە کارکردنەو تواناو بەهرەکانیان دەردەخەن و شێواز و شێوەی تازەی کارکردنیان دەخەنە ڕوو، ئەمەش وا دەکات هەستی هونەری لە ناخیاندا چەکەرە بکات و ئاییندەیەکی هونەری چاوەڕێیان بێت.

جا لێرەدا هەڵوێستی مامۆستا زۆر گرنگە، چونکە ئەوە مامۆستایە دەتوانێت بایەخ بەو هونەرە بدات و گەشەی هونەریش لەناخی قوتابییەکاندا گەشە پێبدات و بیانخاتە سەر ئەو ڕێچکەیەی، کە خۆیان حەزی پێدەن و ڕێگە ڕاست و شیاوەکەیان پیشان بدات.

### هەڵوێستی مامۆستا:

١- چاوکردنەوەی قوتابی (بەرچاوڕوونی) بە سروشتی هونەرو کاری هونەری، بۆ ئەوەی تێبگەن هونەر دەربڕینە، نەک لاسایکردنەوە.

٢- لەم قۆناخەدا قوتابی بە ڕێڕەوی خۆی ڕێنمایی بکرێت، تا چێژ لە دیتن وەربگرێت و بەهاش بۆ کارە هونەرییەکان دابنێت.

٣- دەست ڕەنگینی فێری قوتابی بکرێت. واتا ئەو زانیاریانەی هەیانە زۆرتربکرێن و ئەزموونی زیاترو نوێتر وەربگرن و ڕاهێزان لەسەر کاری هونەری نوێ بکەن لە ڕووی تەکنیکیەوە، تا کارەکانیان

باشترو جوانترو پوختەتر بەرهەم بهێنن. (دەست ڕەنگینی بەو واتایەی ڕاهێزان لەسەر کەرەستەو پێداویستییە هونەریەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان بکەن).

٤- ڕێکخستنی بەرهەمەکانیان.

٥- بزواندنی قوتابیان بۆ گوزارشتکردن لەو بابەتە دەوڵەمەندانەی پڕن لە هێماو واتاو پاڵەوانیەتی و ڕوخساری ژیانی گەل و نەتەوە.



# تاقیکردنەوە

یەکێک لەو ئەرکە گرنگانەی دەکەوێتە سەرشانی مامۆستا، بریتییە لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، بەڵام پێویستە مامۆستا ئەوە بزانێت، کە نابێت تاقیکردنەوەی سەرکاخەز ئەنجام بدات. واتە تاقیکردنەوەی هاوشێوەی وانەکانی تر، بەڵکو وەک ئەم شێوازەی بۆی دانراوە دوو جۆر تاقیکردنەوە ئەنجام دەدات، وەک:

**تاقیکردنەوەی گروپکاری:** کاتێک مامۆستا ڕۆژانە ئەرک بە کۆمەڵەکان دەسپێرێت و دواتر لێیان وەردەگرێتەوە، ئنجا پێویستە بەپێی خشتەی ژمارە (١) نمرە بۆ کۆمەڵەکە دابنێت.

**تاقیکردنەوەی تاککاری:** لێرەدا مامۆستا بەپێی خشتەی ژمارە (٢) قوتابییەکان ڕۆژانە تاقیدەکاتەوەو تاقیکردنەوەکەش ئەنجامی ئەو چالاکییەیە، کە قوتابی لەپۆلدا، یان لە چالاکی ئەرکی ماڵەوەدا ئەنجامی دەدات، دواتر وەک لە خشتەی (٣) یەمدا دەرخراوە دوو نمرە کۆدەکرێتەوەو نمرەی کۆتایی قوتابی دەردەچێت، بۆ تاقیکردنەوەی سەریساڵیش بەهەمان شێوەیە، بەڵام پێویستە نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لەسەر ئەو ئامادەکاریانە دابنرێت، کە قوتابییەکان خۆیان بۆ ئامادەکردووە بۆ ئەنجامدانی فێستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەکەیان. واتە مامۆستا ئەم ماندووبون و ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی کارە هونەرییەکان تاک، تاک کاری قوتابییەکان هەڵدەسەنگێنێت و نمرەی خۆیان بۆ دادەنێت، کە ئەوەش بەیەکێک لە هەڵسەنگاندنە دادپەروەرەکان دادەنرێت و ئەرک و ماندووبونی قوتابیش لەبەرچاودەگیرێت و هەمووان بەپێی توانای خۆیان نمرە وەردەگرن، بەڵام پێویستە مامۆستا دادپەروەربێت و کارێک نەکات قوتابی لەئەنجامدانی کاری دڵسۆزانەو هونەریانە پاشگەز بکاتەوە، چونکە هەڵهێنانی هەر هەنگاوێکی هەڵە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر پرۆسەی پەروەردەی قوتابییەکان دروست دەکات و شڵەژانێک لەنێویاندا دەخولقێنێت. جا بۆ ئەوەی ئەم بەرتەکە ڕوونەدات دادپەروەری مامۆستا سەنگی مەحەکە بۆ سەرخستنی تەواوی پرۆسە هونەرییەکە.

## خشتەی ژمارە (١)

### تاقیکردنەوەی گروپکاری

پۆلی:                    لقی:                    وەرزی:

| ناوی گروپەکان | نمرەی چالاکییەکان | | | | | | | | | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |

مامۆستای وانە

## خشتەی ژمارە (٢)

پۆلی: لقی: وەرزی:

| ژ | ناوی قوتابییەکان | نمرەی ڕۆژانە | | | | | | | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | | | | |
| ٣ | | | | | | | | | | |
| ٤ | | | | | | | | | | |
| ٥ | | | | | | | | | | |
| ٦ | | | | | | | | | | |
| ٧ | | | | | | | | | | |
| ٨ | | | | | | | | | | |
| ٩ | | | | | | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | | | | |
| ١١ | | | | | | | | | | |
| ١٢ | | | | | | | | | | |
| ١٣ | | | | | | | | | | |
| ١٤ | | | | | | | | | | |
| ١٥ | | | | | | | | | | |
| ١٦ | | | | | | | | | | |
| ١٧ | | | | | | | | | | |
| ١٨ | | | | | | | | | | |
| ١٩ | | | | | | | | | | |
| ٢٠ | | | | | | | | | | |
| ٢١ | | | | | | | | | | |
| ٢٢ | | | | | | | | | | |
| ٢٣ | | | | | | | | | | |
| ٢٤ | | | | | | | | | | |
| ٢٥ | | | | | | | | | | |

## خشتەی ژمارە (٣)

پۆلی:　　　　　　　　لقی:　　　　　　　　وەرزی:

| ژ | ناوی قوتابی | نمرەی گروپکاری | نمرەی تاککاری | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | |
| ٢ | | | | |
| ٣ | | | | |
| ٤ | | | | |
| ٥ | | | | |
| ٦ | | | | |
| ٧ | | | | |
| ٨ | | | | |
| ٩ | | | | |
| ١٠ | | | | |
| ١١ | | | | |
| ١٢ | | | | |
| ١٣ | | | | |
| ١٤ | | | | |
| ١٥ | | | | |
| ١٦ | | | | |
| ١٧ | | | | |
| ١٨ | | | | |
| ١٩ | | | | |
| ٢٠ | | | | |
| ٢١ | | | | |
| ٢٢ | | | | |
| ٢٣ | | | | |
| ٢٤ | | | | |
| ٢٥ | | | | |

## خشتەی پێشنیارکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا

### دوو خشتە بۆ مامۆستا خراوەتە ڕوو:

**لە خشتەی یەکەمدا:** خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ساڵانە هەیە، کە مامۆستا سەرەتا تەوەرەکان دابەش دەکات و کاتی دەستپێکردن و کاتی کۆتایی هاتنی تەوەرەکان دیاریدەکات، تا بەرچاوی ڕوونبێت، کە لە ساڵەکەدا چۆن تەوەرەکان لە وەرزەکانی خوێندندا تەواو دەکات؟

**لە خشتەی دووەمدا:** خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە هەیە، کە مامۆستا تەوەرەکان، ئنجا وانەکان دیاری دەکات و کاتی دەستپێکردن و بابەتەکانیش دەردەخات، تا بزانێت ئامانجی فێرکاری و هۆکارەکانی فێرکاری چۆن لەکاتی وانەگوتنەوەدا دەخاتە ڕوو. هەروەها لە کۆتایی هەروانەیەکیشدا خشتەی هەڵسەنگاندن هەیەو مامۆستای وابەستە بە هەڵسەنگاندن کردووە، تا ئاستی فێرکاری و زانیاری قوتابییەکان دیاری بکات.

لەم دوو خشتەیەدا پلانێک بۆ بەرچاوڕوونی مامۆستا دەردەخات و ئاگاداری دەکاتەوە، کە وابەستەی پلانی بۆدارێژراوبێت، مەرجیش نییە کت و مت پلانەکە، وەک خۆی لە کات و ساتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت، بەڵام گرنگە مامۆستا بزانێت، چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ کەی تەواوی دەکات؟ ئەوەش مەبەستی سەرەکی خشتەکانە و دەبێت مامۆستا ڕەچاوی بکات.

# خشتەی پێشنیارکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا

## خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ساڵانە

پۆل:                                                                        وەرزی خوێندن:

| تەوەرەکان | کاتی دەستپێکردن | کاتی کۆتایی | تێبینی |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

سەرنج:

مامۆستای وانە:

## خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە

تەوەر: وەرزی خوێندن:

وانەی:

| کاتی دەستپێکردن | بابەت | ئامانجی فێرکاری | سەرچاوەی فێرکاری | هەڵسەنگاندن | سەرنج |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

مامۆستای وانە:

# تەوەری یەکەم



# مێژووی هونەر

# وانەی یەکەم

تەوەر: مێژووی هونەر

بابەت: مرۆڤ و مێژوو

کاتی دیاریکراو: ١ بەشەوانە

---

## پێشکار

مامۆستای بەڕێز، لەم تەوەرەدا باسی مێژووی سەرهەڵدانی کاری هونەری کراوەو بە شێوەیەکی ورد زانیارییەکان خراونەتە ڕوو، جا لەسەر مامۆستای پەروەردەی هونەر ئەوەیە ئەم زانیارییانە بخوێنێتەوەو بە شێوەیەکی سادەو ساکار بە پێی ئاستی تێگەیشتنی قوتابییەکان زانیارییەکان ببەخشێت و نابێت زانیارییەکان بە ئاڵۆزی و دژواری بگێڕێتەوە.

کەواتە لەسەر مامۆستایە بە هێمنی مامەڵە لەگەڵ ئەو زانیاریانەدا بکات و دەستەواژەو واتاکان شی بکاتەوەو بە شێنەیی و بەپێی پلانێکی دیاریکراو ڕوونکاری بکات و کەشێکی لەبارو گونجاوو شیاو بۆ قوتابییەکان بڕەخسێنێت. هەروەها لەگەڵ وانەکانیشدا پلان و خشتەی چۆنییەتی بابەتە ڕوونکارییەکان خراونەتە ڕوو، تا مامۆستا ئاگای لەتەواوی خستنەڕووی بابەتەکەبێت.

مامۆستای بەڕێز، ئەم زانیارییانە بۆ لەبەرکردن نین و تەنها ئاشناکردنی قوتابییەکانە بە مێژووی هونەری مرۆڤایەتی و زانینی هەندێک زانیاری شاراوە، کە ئەو تەنها وەک مێژوو خوێندوویەتی و لایەنە هونەرییەکەی لا ڕوون نەبووە، بەڵام لێرەدا بوارە هونەرییەکە پێش بوارە مێژووییەکە خراوەو بە شێوەیەکی زانستی، ئنجا هونەری مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئەوەی لێرەشدا دەمێنێتەوە ئەوەیە، کە پێویستە ئەم زانیارییانە لە شێوەی چیرۆک بۆ قوتابییەکان بگێڕدرێتەوەو چێژ بە وانەکە، ئنجا بە قوتابییەکان ببەخشێت، جا ئەگەر شانۆگەرییەکیش لەو بارەیەوە سازبکرێت، زۆر باش دەبێت و قوتابییەکانیش زانیارییەکان بە سادەیی وەردەگرن و بیریان ناچێتەوە.

شایانی باسە، ئەم تەوەرە بۆ تاقیکردنەوە نییەو نابێت بە زارەکی و سەرکاخەز قوتابی تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجام بدات، بەڵکو مامۆستا بەپێی

ئەو خشتەیەی بۆی دیاریکراوە، تەنها هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی تێگەیشتن و زانیارییە وەرگیراوەکانی قوتابییەکان دەکات.

**تێبینی: مامۆستای بەڕێز بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرترو وردترو گەڕانەوە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکان، بگەڕێوە بۆ هەردوو کتێبی هونەری گرافیک و هونەری ئیسلامی، لە نووسین و لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانی خەلیل عەلی.**

### خستنەڕووی بابەت:

مامۆستا، دوای ئەوەی تەواوی بابەتەکە دەخوێنێتەوە، وەک دەستپێک بۆ خستنەڕووی ئەم بابەتە، پێویستە گفتوگۆی ئەم پرسیارو زانیاریيانە لەگەڵ قوتابییەکاندا ڕاڤە بکات و لە ڕێگەی پرسیارکردن و وەڵامدانەوەدا بە سادەیی بۆیان شی بکاتەوەو هیچ گومانێک لە هۆش و بیری قوتابییەکاندا نەهێڵێتەوە، بەم شێوەیە:


هەستی بینین

١. هەستی بینین چییە؟ سوودەکانی بۆ مرۆڤ چین؟
٢. هەستی بیستن چییە؟ سوودەکانی بۆ مرۆڤ چین؟
٣. ئەگەر مرۆڤ نەبینێت چی ڕوودەدات؟
٤. گوێتان بگرن، ئایا هەست بەچی دەکەن؟
٥. دەستەکانتان بخەنە سەر چاوتان، ئێستە هەست بەچی دەکەن، ئایا هیچ دەبینن؟
٦. جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ چییە؟
٧. شارستانییەت چییە؟
٩. مرۆڤ چۆن شارستانییەتی دروستکردووە؟ چۆن گەشەی پێداوە؟
٠١. مرۆڤ لە کۆندا چۆن مێژووی خۆی نووسیوەتەوە؟
٠١١. بۆچی مرۆڤ بۆ ژیانکردن ئەشکەوتەکانی هەڵبژاردووە؟

### قوتابییەکان چی فێردەبن؟

١. فێردەبن، کە کاریگەری بینین و بیستن بۆ ژیانکردن چەند گرنگە؟
٢. بەهای بینین و بیستن دەزانن و بێ بەها لێی ناڕوانن.
٣. لەم نیوەندەدا سێ هەستی بۆ ئەم کارە زۆر بەلاوە گرنگ دەبێت، ئەوانیش (بینین، بیستن، دەستلێدان)، چونکە کاری هونەری لەڕێگەی ئەم سێ هەستەوە ڕایی دەکرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، جا لەبەر ئەوە پێویستە ئەوە بۆ قوتابییەکان ڕوونبکرێتەوە، کە هاوسەنگی هەرسێکیان گرنگن.



هەستی بیستن

بۆ دەستخستن و پێکەوەگرێدانی ئەم بابەتە، بگەڕێوە بۆ پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەم- ڕێبەری مامۆستا، تەوەری حەوتەم - بابەتی چاپگەری پەنجەمۆر Stamping

## مرۆڤ و مێژوو

ئەگەر تەماشـایەکی سـەرەتای گەشـەکردنی هـونەرو پەیـدابوونی بکرێت، ئەوا تێبینی دەکرێت، کە (بینین و بیستن) دوو هۆکاری گرنگن، ئەم دوو هۆکـارەش هاوبەشـن لەنێـوان گیانـداران و مرۆڤدا، بەڵام لەبەرئەوەی مرۆڤ بە مێشک و هەستکردن بە جوانی جیادەکرێتەوە لەگیاندارانی تر، جگە



لەوەش مـرۆڤ دەیەوێ ژیـانی جوان بکات. لێرەدا بیسـتن و بینـین لەگەڵ کۆئەنـدامی مێشـک و ماسـولکەکانی مرۆڤـدا هاوبەشـی دەکەن و مـرۆڤ بە هۆیـانەوە دەبێتە دروسـتکەرێکی چـالاک و کارمەنـدێکی شـیاو لە بـواری ژیـان و هـونەردا. بـۆیە دەردەکەوێت، کە هەر لەسـەرەتای دروسـتبوونی شارسـتانیەت و سـەرەتاکانی مرۆڤـایەتی تـا ئێستـا، هەرچـی بەتواناو لێهاتوویی مرۆڤ دروستکراوەو چی بەرهەم و پاشماوەی مرۆڤە، کە بە گەورەیـی و مەزنـی ماونەتەوە، بـریتین لە کـاری دەسـت و هەسـت و بینین و بیستنی مرۆڤ، لەوانەش کارە هونەریەکانن.

هەربـۆیە وادەردەکەوێت، کە هەرچـی پاشـماوەو کەلەپووری بەرەنگ نەخشـێنراوەو لە مرۆڤـی چەرخە بەردینەکـان جێمـاوە، باسـی حـاڵی ئەوکـات و سـەردەمانە دەگێـڕێتەوە، کە تیایـدا گوزەرانیـان کـردووەو بیرکردنەوەکـانی خۆیـان لەڕێـی وێـنەو ڕازانـدنەوەی ئەشـکەوت و نەخشـاندنی چەک و کەل و



منداڵ لەڕێگەی دیتنەوە بە دەوروبەر سەرسام دەبێت

پەلەکانیان، کە ژیانیانی پێوە بەند بووە، بەرجەستە کردووە.

بە سەرنجدان لە مێژوو شارستانییەتەکان دەردەکەوێت، کە هەر لەوسەردەمانەوەو لەگەڵ دروستبوون و سەرهەڵدانی شارستانییەت لەسەردەستی مرۆڤ لە ناوچە جیاجیاکانی، وەک میزۆپۆتامیا (دۆڵی ڕافیدێن) و دۆڵی نیل و ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵات و پاشان یۆنان و ڕۆمان و ناوچەکانی تری ڕۆژئاوا لە سەردەمی دێرین و پاشان گەشەکردنی لە جیهانی سەردەمی چەرخەکانی ناوەڕاست و سەردەمی نوێ و سەدەکانی وریابوونەوە ، تا ئەمڕۆی ژیان هونەریش بە گەلێک گۆڕانکاری و داهێنان و بەرزبوونەوەو ڕۆچووندا تێپەڕیوە.




هەربۆیە، بۆ نزیک بوونەوە لە هونەرو تاموچێژ وەرگرتن لێی، گرنگە نەوەکانی ئەمڕۆ ئەم چالاکیە مرۆڤایەتییە بزانن و لێی تێبگەن. یەکێکیش لەو هونەرانەی، کە بۆتە جێی هەڵوەستە لەسەرکردن و مەبەستی هونەری شێوەکارییە، تا بزانرێت مرۆڤ چۆن لەکۆنەوە ئالودەی هەڵکۆڵین بووە، بۆ ئەو مەبەستەش ئەم هەڵکۆڵینە لەسەر ئێسک، یان دار، یان پێستە، یان سەردیوارو تەلاشەبەردە گەورەکان بووە پێش ئەوەی دەستبکات بە کاری چاپگەری و لەبەرگرتنەوە.


منداڵ بە دەستلێدان باشتر لە شتەکانی دەوروبەر فێردەبێت

جا بۆ ئەنجامدانی ئەمکارانەش مرۆڤ پێویستی بە سێ هەستەوەر هەبووە، کە ئەوانیش بریتین لە: ‹دەستلێدان، بینین، بیستن›، ڕاستە هەموو هەستەوەرەکان بۆ مرۆڤ گرنگن، بەڵام بۆ کاری هونەری ئەم سێ هەستەوەرە کاریگەری گەورە لەسەر شتەکان بەجێدەهێڵێت.

## وانەی دووەم

تەوەر: مێژووی هونەر

بابەت: چەرخی بەردینی کۆن Palaeo lithic

کاتی دیاریکراو: ١ بەشەوانە

---

### خستنەڕووی بابەت:

پێویستە مامۆستا بابەتەکە بخوێنێتەوەو ئەم پرسیارانە لەشێوەی زانیاری هونەری ببەخشێت و لەنێو پۆلیشدا بیانوروژێنێت و سەرنجی قوتابییەکان بۆلای خۆی، ئنجا بۆلای بابەتە هونەرییەکە ڕابکێشێت بەم شێوەیە:

١. چەرخی بەردین چییە؟ بۆچی پێی دەڵێن چەرخی بەردین؟

٢. مرۆڤ لەوسەردەمەدا چۆن بووە؟ چۆن ژیاوە؟

٣. ئەو کەرەستەو شمەکانەی بەکاری هێناون چی بوون؟ لەچی دروستکراون؟

٤. مرۆڤی نیاندەرتاڵ کێیە؟ لە کوێ ژیاوە؟

٥. ئەشکەوتی شانەدەر و ئەشکەوتی هەزارمێرد لە کوێن؟ کەوتوونەتە کوێ؟

٦. مرۆڤە نیاندەرتاڵییەکان چۆن ژیاون؟ بۆچی لە کوردستان ژیاون؟

٧. مرۆڤە کرۆمانیۆنەکان چۆن پەیدابوون؟ لە کوێڕا هاتن؟

٨. مرۆڤە کرۆمانیۆنەکان بایەخیان بەچی دەدا؟

٩. جیاوازی نێوان مرۆڤی نیاندەرتاڵی و کرۆمانیۆنی چییە؟

١٠. مرۆڤ لە چەرخی بەردینی کۆندا چۆن نیگاری لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان کێشاوە؟

١١. مرۆڤ لە چەرخی بەردینی کۆندا وێنەی چی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان کێشاوە؟ بۆچی؟

### سوودەکانی ئەم وانەیە:

١. قوتابی فێردەبێت مرۆڤ بۆچی ئەم وێنانەی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان کێشاوە؟

٢. قوتابی فێردەبێت مرۆڤ لە چەرخی بەردینی کۆندا چۆن ژیاوە؟

٣. قوتابی لە هونەری سەرەتایی تێدەگات و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی هونەری لا ڕۆشن دەبێت.

# چەرخی بەردینی کۆن Palaeo lithic

بە یەکێک لە کۆنترین سەردەمەکانی ژیان دادەنرێت لە سەر زەوی و لە هەموو چەرخە بەردینەکانی دوای خۆی درێژخایەنتر بووە، چونکە بەر لە زیاتر ‹‹٢,٣٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و سی سەد هەزار ساڵ پێش زایین›› و لە نیوەی دووەمی چەرخی ‹‹پلایستوسین›› (Pleistocene)، لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤ سەری




هەڵداوە تا دەوروبەری (١٢٠٠٠) دوازدە هەزار، یان (١٠٠٠٠) دە هەزار ساڵ پێش زایین و لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەردەمی سەهۆڵبەندان کۆتایی پێهاتووە. لەبەر درێژی ماوەی چەرخەکەو دەرکەوتنی گۆڕانکاری لە سات و سەردەمە جیاجیاکانیدا بۆ سێ چەرخی (بەردینی کۆنی خوارو یان دوور و چەرخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست، چەرخی بەردینی کۆنی سەروو، یان باڵا دابەشکراوە.




لەڕاستیدا ئەم چەرخە بە سەردەمی دەستپێکردنی شارستانی مرۆیی و درێژترینی تێکڕای قۆناخەکانی ئەو شارستانییەتە لە مێژووی مرۆڤایەتی و سەخت و دژوارترینیان بۆ مرۆڤ دادەنرێت، کە توانیویەتی و لە هەمان کاتیشدا ناچاربووە بۆ دروستکردنی ئامرازی پێویست و بە ئامانج گیراو جێ مەبەستەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە بەرد و کەرەستەی تری وەک ‹‹ئێسک و تەختەو عاج و سەدەف›› ببەستێت و بەو شێوەیەی ویستویەتی بۆ مەبەستە دیاری

کراوەکانی بیگونجێنێت. ئیدی لێرەوە مرۆڤ یەکەم ئامرازی هونەری لە بەرد دادەتاشێت و دروستی دەکات بۆ مەبەستی ڕایی کردنی کاری ڕۆژانەی.

هەروەها زاراوەی ‹‹هۆمۆ ئەریکتوس» Homo –Erectus ‹‹مرۆڤی بالاڕێک››، وەک ناو بەسەرجۆرێک لە مرۆڤی ئەوسەردەمەدا بڕاوە، کە لە ناوچەکانی سوریاو ئەردەن و فەلەستین و لوبنان و بەردە بەلەکەی عێراقیش هەبووە.

لەو ڕووەوە‹‹هۆمۆ›› بە واتای وشەی ‹‹مرۆڤ›› (انسان) دێت، کە جیای دەکاتەوە لە مەیمون، کە هەندێک پێیان وابووە مەیمون جۆرێک بووە لە ڕەگەزی مرۆڤ. بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە، کە مرۆڤ (هۆمۆ)، کەرەستەکانی بریتی بوون لە بەردی سادەو ئاسایی و ئەم قۆناخەش لە مێژوودا بە قۆناخی دروستکردنی کەرەستە بەردینە سادەکان دەناسرێتەوە. هەروەها ئەو کەرەستە سادە لەبەرد دروستکراوانەش جگە لە دروستکردنیان، مەبەستی ئابوری و بەردەوامیدان بە ژیان هەبوو، لە هەمانکاتیشدا بەرهەمی هونەری سەردەمەکەشن.

قەبارەو جۆری ئەو بەردانەی وەک بڕەر بەکارهاتوون



شایانی باسە، مرۆڤ لەم سەردەمەدا بەمەبەستی پەیداکردنی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی گەڕۆک بووەو بەدوای ڕاوکردن و کۆکردنەوەی ڕووەک و بەری دارو دەوەندا گەڕاوە بۆ پارچەکردن و کەوڵکردن لەبری چەقۆ ئەو بەردە تیژە داتاشراوانەی بەکارهێناوە، کە بەردێکی تایبەت بووەو دایان تاشیون، دوای تاشین چەندین جار لە ‹موس›ی ئاسایی تیژتر بووە. هەروەها توانیویەتی گۆشتی پێ پارچە پارچە بکات و ڕەگی دارو دەوەنی پێ ببڕێت.



قۆناخەکانی گەشەی مرۆڤ لە کۆنەوە، تا ئێستە

هەروەها لەم سەردەمەدا مرۆڤ توانیویەتی سوود لە ئێسک و دارو پێستەش وەربگرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی. لەو چوارچێوەیەشدا، مێژوونووس و توێژەرەوان دوای پشکنین و توێکاریکردن لەسەر ئێسک و پروسکی پاشماوە بەجێماوەکان بۆیان دەرکەوتووە چەند جۆر مرۆڤ هەبووە، لەوانەش وەکو:- ‹‹ستralوپیتکوس و هۆمۆ هابیلیس و هۆمۆ ئەریکتوس››. دواتر لە چەرخی بەردیندا مرۆڤێکی تریان لێ دروست دەبێت و بە مرۆڤی ژیر ناسراوە ‹‹هۆمۆ ساپینس››. دواتر، ئیدی بەم شێوەیە تا مرۆڤی ئێستا لێژدەبێتەوە، تا‹‹١٢٠٠٠ دوازدە هەزار ساڵ››.



سنووری بڵاوبونەوەی مرۆڤە نیاندەرتاڵی و کرۆمانیۆنییەکان

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەگەڵ گەشەی ژیاندا مرۆڤیش گەشەی بە کەرەستەکانی بەردەستی داوەو هەوڵی داوە باشتریان بکات. دواتر مرۆڤی ‹‹نیاندەرتاڵ›› هاتووە پێش ‹‹١٥٠,٠٠٠سەدو پەنجا هەزار ساڵ›› دوای ئەوانیش مرۆڤی ‹‹کرۆمانیۆنییەکان (مرۆڤی نوێ)›› هاتوون پێش‹‹٤٣,٠٠٠ چل و سێ هەزار ساڵ›› ژیانیان لەسەر ڕاوو کۆکردنەوەی بەری دارو دەوەن و ڕەگی ڕووەک بووە. شایانی باسە، کاتێک مرۆڤی کرۆمانیۆنییەکان لە باکورو ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیاوە بەرەو باکورو ڕۆژئاوای ئاسیاو باشوری ئەوروپا کۆچ دەکەن شوێن پێ بە نیاندەرتاڵەکان لێژدەکەن و ناوچەکانیان داگیردەکەن و نیاندەرتاڵەکان دەربەدەر دەبن. ئیتر ژیانێکی نوێ لە ئەوروپا دەست پێدەکات و نەوەیەکی نوێی ژیر بە هۆی ژن و ژن خوازییەوە لە نێوان ‹‹نیاندەرتاڵ و کرۆمانیۆنیەکان›› دروستدەبێت. هەرچەندە زۆربەی پاشماوە دێرینەکانی مرۆڤی کۆن دەستڕەنگینی و لێزانی مرۆڤەکان دەردەخەن، کە چەند هونەرکارییانە شمەک و کەرەستەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بەشێوازێکی هونەری ساز کردووە.

## مرۆڤی نیاندەرتاڵ

کوردستان بە یەکێک لە لانکەی مرۆڤی نیاندەرتاڵ دادەنرێت، کە پاشماوەکانیان لە ئەشکەوتی شانەدەر لە ناوچەی هەولێر و ئەشکەوتی هەزارمەرد (هەزارمێرد) لە ناوچەی سلێمانیدا پاشماوەی مرۆڤی نیاندەرتاڵیان تێدا دۆزراوەتەوە.



شێوەیەکی دروستکراوەی مرۆڤی نیاندەرتاڵی

لەوچوارچێوەیەشدا هەندێ زانیاری پێویست لە سەر مرۆڤی نیاندەرتاڵ، دەبیسترێت، کە:

- تەمەنیان کورت بووەو لە ٤٥ ساڵ زۆرتر هەڵنەکشاوە، ئەوەش بەهۆی نەخۆشی و سەختی ژیان لەو سەردەمەدا.
- نەیان توانیوە داهێنانی گەورە ئەنجام بدەن، تا بتوانن کەمێک لە سەختی ژیانیان کەم بکەنەوە.
- گەڕۆک بوون، بەدوای خۆراکدا گەڕاون، کوێ خۆراکی لێبووبێ، لەوێ نیشتەجێ بوون.
- بەکۆمەڵ ژیاون.
- ڕاوکردنیان بەدەست و داری داتاشراو بووە.
- جل و بەرگیان لە پێستەی ئاژەڵە ڕاوکراوەکان دروست کردووە.
- ئەو گۆڕانەی دۆزراونەتەوە لە شانەدەر (٤) پەیکەری مرۆڤ دۆزراوەتەوە سێیان هی مرۆڤی پێگەیشتوون و تەنها یەکیان منداڵەو تەمەنی (٦) مانگە.






• جەستەیان گەورەو باڵایان کورتە بنە بووە، کونی لوت و کەللە سەرێکی گەورەیان هەبووە.


فێرکردنی منداڵان لەسەر شێوازی ڕاوکردن لە لایەن گەورەکانەوە (نیاندەرتاڵییەکان)

• مرۆڤی بەرخۆر بوون و بەرهەم هێن نەبوون. ئەگەر ڕاوی باشیان نەبوایە، بەهەفتە بێ خوارد ماونەتەوە.

## مرۆڤە کرۆمانیۆنییەکان Cro-Magnon



سەبارەت بەبوونی ئەم جۆرە مرۆڤە، وا دەردەکەوێت، کە ئەوان خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هونەری بوو بن لەوانەش وەکو:-

• مرۆڤی زیرەک و وریاو بەئاگابوون.

• گورج بوون لە ڕاوکردن و دۆزینەوەی نێچیر. سەری ڕمەکانیان بە بەردی تاشراو گیردەکرد، تا ئاژەڵەکە بەباشی ببڕێت و ڕاوەکەی سەرکەوتووبێت.



• پاک و خاوێن بوون و گرنگیان بە جەستەیان داوەو بە پارچە ئێسک و موت و مورو خۆیان ڕازاندۆتەوە.

• خۆیان کەرەستەی ڕۆژانەیان دروست کردووە، تا ژیانیان ئاسان بکات.

• جەستەو لەش و لاریان جوان و ڕێک بووە، وەک مرۆڤی ئێستا.

• ئازاو چاونەترس بوون، ڕاویان لە وشکانی و ناو ئاودا کردووە.



مرۆڤی کۆن هەمیشە بەدوای بیرۆکەی نوێدا گەڕاوە

• هەمیشە لە نوێبونەوەو داهێنانی تازەدا بوون.

• کرۆمانیۆنییەکان، هونەرێکی جوانیان لەدوای خۆیان جێهێشتوە، کە بەهۆی ئەم وێنە بەجێماوانەوە ئێستا دەزانین مرۆڤ لەو سەردەمەدا چۆن ژیاوە؟

• مرۆڤ پێش نووسین وێنەکێشانی کردووەو لە وێنەکاندا چەندین هێمای بەکارهێناوە بۆ گوزارشتکردن. واتە مرۆڤ هونەرمەند بووە.

**بۆ لێکبەستن و پێکەوەگرێدان و بیرهێنانەوە بگەڕێوە بۆ پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەت، تەوەری حەوتەم – بابەتی شێوازو ڕێگاکانی ڕەنگکردن و چاپکردنی ساکار.**

## هونەر لە چەرخی بەردینی کۆندا

شایانی باسە، تا ئێستا (٣٤٠) ئەشکەوتی کۆن لە ‹‹سپانیاو فەرەنسا›› دۆزراونەتەوە، کە مرۆڤی چەرخی کۆن وێنەی تێدا کێشاوە، وەک لە وێنەکەشدا دیارە وێنەکان لەسەردیوارو بنمیچی ئەشکەوتەکان کێشراون، لەورووەشەوە توێژەران لە ڕێگەی شیکاری میکرۆسکۆبی، یان شیکاری کیمیاوی پێوانەیی لە ناوەندێکی ئاویدا تەمەنی وێنەکانیان دیاری کردووە، یان لە ڕێگەی هەندێ شیکاری، وەک ‹‹کاربۆنی تیشکدار››، یان ‹‹پۆتاسیۆم – ئەرگۆن ٤٠››، یان ڕێگەی ‹‹موگناتیسی کۆن››، یان لەڕێگەی ‹‹تیشکدانەوەی گەرم››، تەمەنی وێنەکانیان دیاری کردووە، کە مێژووەکەیان بۆ‹‹٣٣,٠٠٠ سی و سێ هەزار ساڵ›› و هەندێکی تریان بۆ‹‹٤٥,٠٠٠ چل و پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر›› دەگەڕێتەوە.



دۆزینەوەی وێنەی چەند گایەکی نەخشێنراو لەناو ئەشکەوتێکی سپانیدا

وەک لە وێنەکەدا دەبینرێت، وێنەکان بەشێوەیەکی زۆرجوان و سەرنج ڕاکێش کێشراون و ڕەنگەکانیان وەک خۆیان ماونەتەوە، چونکە ڕەنگی سروشتیان تێدا بەکارهێناوە کەمتر کارلێک کردنی کردووە لەگەڵ ژینگەی ناو ئەشکەوتەکە ‹‹شێ، سەرما، گەرما››، ڕەنگەکانیش بریتی بوون لە ‹‹ئۆکسیدی مەنگەنیز Manganese Oxide››، ‹‹قورقوشمی سوورو زەرد››، ‹‹هیماتیت و کاربۆن Charcoal›، لەگەڵ ئەوەشدا وێنەکان سادەو ساکارن، بەڵام پڕن لەمانای واتادار، واتە وێنەکان بریتین لە گیانداری ‹‹گای کێوی، فیلی کێوی (ماموس)، ئاسک، بەراز››، تەنانەت هەندێک جار مرۆڤ دەستی خۆی داناوە لەسەر دیوارەکەو دواتر ڕەنگ پرژێنی کردووە، ئەمەش وەک کەشێکی ئاینی یان کەشێکی سیحری لێک دەدرێتەوە، بەڵام لەمڕۆدا دەتوانرێت بە هونەری گرافیک ناوزەد بکرێت، یان بخرێنە ناو هونەری مۆنۆتایپەوە، وەک لە وێنەکەی سەرەوەدا دیارە.

هەروەها لەو قۆناخە مێژووییەدا مرۆڤ هەوڵیداوە کەشێکی ئایینی بۆخۆی ساز بکات و دواتر بەختیش یاوەری بکات، هەمان ئەو کەلتوورەش، تا ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردی درێژەپێدراوە، کاتێک کەسێک قوربانی دەکات بۆ ئەوەی بەخت یاوەریان بێت و دواتر دەستی لە خوێنی ‹‹گا›› سەربڕدراوەکە وەردەدات و دەینێ بە دەرگاو دیواری حەوشەی ماڵەکە (قوربانی کەرەکە). بەهەمان شێوە مرۆڤی کۆن هەمان نەریتی بەمەبەستی هێنانی بەختی باش ئەنجامداوە،



چەند وێنەیەکی لەبەرگیراوەی لەپی دەست (مۆنۆتایپ) مرۆڤی کۆن (دروستکردنی کەشێکی سیحری)

وەک ئەوەی لەکاتی ڕاوکردن بەخت یاوەری بێت، یان بەخت یاوەری بێت لە پاراستنی لە گیاندارە دڕەندەکان. بەڵام هەندێک جاریتریش وێنەکان ڕم و تیریان لێدراوە.



وێنەی گایەکی ماموس، دەستکردی مرۆڤی کۆن

بێگومان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە بنەڕەتدا مرۆڤ نەیتوانیوە ئەم جۆرە ئاژەڵانە ڕاو بکات، بەڵکو لە خەیاڵی خۆیدا هاتووە وێنەی ئاژەڵە دڕندەکەی لەسەر دیوارەکە کێشاوەتەوەو بە ڕم و تیر لێی داوەو ئەمەش بە لەجیاتی کوشتنی ڕاستەقینە، چونکە پێی وابووە بە کێشانی وێنەکە بە تێکشکاوی لە بەرانبەر مرۆڤدا ئەوا بە کرداریش دەتوانێ بەسەریدا زاڵبێت، چونکە لە بنەڕەتدا نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەو گیاندارە گەورەو دڕندانە بێتەوە.

بۆیە، ئەو وێنانەی کێشراون لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان زۆرتر، وەک چارەسەری بابەتی ‹‹سیحر›› دەردەکەون، نەک بەرهەمێک بن بۆ جوانکاری و ناتوانین لێیان تێبگەین، ئەگەر بەمەبەستی ‹‹سیحر›› لێکنەدرێتەوە ئەوا بێگومان لێتێگەیشتنیان ئاسان نییە.

هەروەها دەكرێ لەڕێی مەبەستە سیحریەكەیانەوە ئامانجی ڕاستەقینەی كارە هونەریەكانی پێ لێكبدرێتەوە، چونكە ژیانی مرۆڤ بۆ ماوەیەكی زۆر، كە بەهەزاران ساڵی بردۆتە سەر لەئەشكەوتەكان و خواردن كۆكردنەوەو ڕاوكردنی گیانداران و پاشان دوای ئەو ساڵە دوورو درێژانە ژیانی ئابووری مرۆڤ بەرەو بەرهەمهێنان و ئاژەڵ بەخێوكردن و دروستكردنی ئامێرە سادەكانی كشتوكاڵ كردن و كۆبوونەوەی مرۆڤ لە ناوچە كشتوكاڵیەكانیان و لە شوێنی ئاژەڵەماڵیەكانیان كۆبوونەتەوە. واتە بە پێچەوانەی ژیانی ڕابردووی، كە لە دەشت و ئەشكەوتەكاندا بڵاوبونەتەوە. لەڕاستیدا، ئەو گۆڕانكارییە لە ژیانی مرۆڤدا چەرخێكی نوێی هێنایە پێشەوە، كە لە مێژووی مرۆڤدا بەچەرخی بەردینی ‹‹ناوەڕاست Mesolithic›› دادەنرێت. واتە ئەم چەرخە دەكەوێتە نێوان هەردوو چەرخی بەردینی كۆن و چەرخی بەردینی نوێ، چونكە ئەم چەرخە بە ‹‹چەرخی میزۆلیتی››ش ناو دەبرێت. شایانی باسە، ئەم ناوە یۆنانییەو لە دوو بەش پێكدێت، كە بریتین لە:- ‹‹Mesos›› واتە ناوەڕاست، ‹‹Lithos›› واتە بەردین. لەلایەكی ترەوە مێژووی ئەم قۆناخە لە ١٢٠٠٠ دوازدە هەزار ساڵ پێش زایین دەست پێدەكات، تا ١٠٠٠٠ دە هەزار ساڵ پێش زایین. وەك دەبینین لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ژیانی مرۆڤ و شارستانیەتدا و بەوردتر لەدوای ئەم چەرخە، قۆناخێكی نوێی پرشنگدار دێتە پێش، كە بە چەرخی بەردینی نوێ دەناسرێت.



شێوازی ڕاوكردنی مرۆڤی كۆن بە كەرەستەو شمەكی سادە

**ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی قوتابییەکان بکە:**

١. مرۆڤ بۆچی بەردی داتاشیوە؟ بۆ چ مەبەستێک بەکاریهێناوە؟
٢. مرۆڤ بۆچی پشتی بە ڕاوکردن و بەری دار بەستبوو بۆ خواردن و خۆتێرکردن؟
٣. مرۆڤ بۆچی لەو چەرخەدا ژیانی سەختبوو؟
٤. مرۆڤ چۆن بەرگەی سەرماو گەرمای گرتووە؟
٥. بۆچی مرۆڤ نیگاری لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان کێشاوە؟
٦. ئەو نیگارانە چی بوون، کە کێشابوونی و گوزارشتی پێ لەچی دەکرد؟
٧. مرۆڤی نیاندەرتاڵ لەکوێی کوردستان ژیاون؟
٨. جیاوازی نێوان مرۆڤی نیاندەرتاڵ و مرۆڤی کرۆمانیۆنییەکان چییە؟

## هەڵسەنگاندن

| ژ | جۆری زانیاری | نرخاندن | | |
|---|---|---|---|---|
| | | باش | زۆرباش | نایاب |
| ١ | ئایا قوتابییەکان توانای وەرگرتنی زانیارییەکانیان چۆنە؟ | | | |
| ٢ | ئایا قوتابییەکان زانیاری پێشوەختیان لەبارەی بابەتەکەوە هەبووە؟ | | | |
| ٣ | ئایا قوتابییەکان توانای گفتوگۆیان چۆنە لەسەر بابەتەکە؟ | | | |
| ٤ | ئایا قوتابییەکان بەشێوەی کراوە گفتوگۆ دەکەن؟ | | | |
| ٥ | ئایا قوتابی بە زانیارییەکان سەرسامە؟ | | | |
| ٦ | ئایا زانیارییەکان بیری قوتابییەکانی گۆڕی؟ | | | |
| ٧ | ئایا قوتابییەکان داوای ڕوونکردنەوەی زۆرتر لە مامۆستا دەکەن؟ | | | |

**ئەرکی ماڵەوە:** داوا لە قوتابییەکان بکە دەستیان لە بۆیە، یان لە قوڕ هەڵبکێشن و دواتر بیکێشن بە کاخەزێکی جۆری A4دا، چەند جارێک ئەم کارە دووبارە بکەنەوەو بزانن چی دەردەچێت؟

## وانەی سێیەم

تەوەر: مێژووی هونەر

بابەت: هونەر لە چەرخی بەردینی نوێدا

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

---

**خستنەڕووی بابەت:**

پێویستە مامۆستا بەپێی ئەو زانیارییانەی خراونەتە ڕوو، بابەتەکە بخوێنێتەوەو ئەم باسانە هەڵبژێرێت و بیانکاتە سەرباسی وانەکەو بەشێوەیەکی سادەو ساکار پێشکەشی قوتابییەکانی بکات و شیکاری ئەم وەڵامانە بداتەوە:

١. چەرخی بەردین، چ پەیوەندییەکی بەکاری هونەری مرۆڤە کۆنەکانەوە هەبووە؟

٢. مرۆڤ لە چەرخی بەردینی نوێدا چ گۆڕانکارییەکی دروستکرد؟

٣. مرۆڤی چەرخی بەردینی نوێ چۆن دەژیا؟

٤. کەشی پەرستن بۆچی داهات؟ مرۆڤ بۆ پەرستن چی بەکاردەهێنا؟

٥. مرۆڤ لەم چەرخەدا بۆچی گۆزەو دیزەی دروستکرد؟

٦. مرۆڤ لەم چەرخەدا دانەوێڵەو بەروبوومی زستانەی لەچیدا ئەمبار دەکرد؟

٧. بەرخۆر و بەرهەمهێنەر واتای چی دەگەیەنن؟

٨. جیاوازی چەرخی بەردینی کۆن و چەرخی بەردینی نوێ چییە؟

٩. ئایا کوردستان بە یەکێک لە مەڵبەندەکانی شارستانییەت دادەنرێت؟ چۆن؟

١٠. مرۆڤ لەو چەرخەدا چۆن خانووی دروستکردووە؟ بەچی دروستی کردووە؟

**سوودەکانی ئەم وانەیە:**

١. قوتابییەکان لەو گۆڕانکارییە ژیارییە تێدەگەن، کە مرۆڤ لەو نێوەندەدا بەسەر ژیانیدا هاتووە.

٢. قوتابییەکان تێدەگەن بۆچی مرۆڤ هەوڵی گۆڕانکاری داوە لە ژیانیداو هەوڵیداوە ژیانی لە جاران خۆشتر بکات؟

٣. قوتابییەکان لە کاری گڵێنەکاری و بەرتاشین تێدەگەن و دەزانن بۆ چ مەبەستێک مرۆڤ بەکاریهێناوە؟

# هونەر لە چەرخی بەردینی نوێدا

لەدوای چەرخی بەردینی ‹‹ناوەڕاست ‹‹Mesolithic، کە دوو هەزار ساڵی خایاندو مرۆڤ ژیانێکی نوێی دەست پێکرد جیاوازتر لە ڕابردوو. ئەو شێوازەی هونەر، کە لاسایی کردنەوەی سروشت بوو بەتایبەت ئەو گیاندارانەی ڕاویان دەکردن، کە بەڵگەیەکی سیحری دەگەیاندو دوا بەدوای ئەو چەرخەو بە هۆی گۆڕانکاری لە ژیان و باری ئابووری مرۆڤ گۆڕانکاریی لە هونەرەکەشیاندا ڕوویداو



چەند کێلێکی بەردینی نەخشێنراو، کە لەگۆڕستان دەچێت



بەردێکی نەخشێنراو و ئامادەکراوو بۆ سازکردنی کەشی ئایینی

هونەرەکەیان بەرەو شێوازێکی داڕێژراوی ئەندازەیی دیاریکراو چوو، کە بە هۆیەوە لە شێوازە ڕاستییەکە دوورکەوتنەوە، ئەوەش بەجۆرێک وردەکاری و دەرخستنی هەموولایەنەکانی و شێوەکانیان و ئەوتواناو دان بەخۆداگرتنەیان لە وردبوونەوەو نەخشەکێشان تەواو وون بوون، کەچی بە پێچەوانەوە لە چەرخی بەردینی نوێدا هێماو ئامرازی تر دەرکەوتن، کە ڕێنماییمان دەکەن بۆ کۆمەڵێک زانیاری زۆرتر. دەشێ هونەر لەم چەرخەدا کارەکەی بریتی بووبێ لەوەی بینەرو خوێنەر بگەیەنێتە بیرۆکەی شتەکان و تێگەیشتنەکانی ناوەوەیان.

واتە لێرەدا هێماکانیان دروست دەکرد، نەک کۆپی کردنی تەواوەتی بابەتی شێوەکان، کە وێنەکان بە شێوەی ڕوتەڵەکی (تجریدی) دەردەکەوتن.

واتە لە وێنەکانەوە دەردەکەوێ، کە مرۆڤی ئەم چەرخە،تەنهاشێوە ئەندازەییەکانیان نەدەکرد، کە لە شێوەی هێمای مرۆڤ دەچێ، بەڵکو لایەنێکی تریشیان دەخستە ڕوو لەو بەردانەی دایان دەتاشی، (هەندێکیان سروشتی بوون- واتە بەردەکان ئامادەبوون و مرۆڤەکان یەکسەر کاریان لەسەرکردوون) ئەو داتاشراوانەش، کە لەشوێن مەزاری گۆرستان دەچێ و لە ئەوروپاو ئاسیاو ئەفریقیادا هەن. هەروەها ئەمانەش تەنها بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەو چەرخانەن، کە هەندێکیان نزیکەی ٢٠ مەتر بەرزن – بە ‹‹مینهێر›› ناسراون.



کێلێکی گەورەی مینهێر

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێکیان لە شێوەی ‹‹پیاو››دا داتاشراون و دووخاڵیان لەسەر هەڵکۆڵدراوە، کە هێمایە بۆ دووچاوو چەکی بەدەستەوەیە. هەندێکی تریشیان پەیکەری ‹‹ئافرەت››ن و لەسەر سنگی هەریەکەیان دوو



مرۆڤ و سەرەتاکانی ژیانی گوندنشینی

نیوە بازنەی دروستکراو هەیە، کە هێمایە بۆ هەردوو مەمک. ئەمە جگە لەوەی لەم دۆخەدا کەشی ئایینی بابەتی پەرستن جێگەی سیحری گرتۆتەوە، چونکە چەرخی بەردینی کۆن چەرخێک بووە، کە بابەتی ئاینی و پەرستن تێیدا دەگمەن بووە، بۆیە ئەم چەرخە هەربەوەش جیادەکرێتەوە لە چەرخەکانی تر.

هەروەها گۆڕانی شێوازی هونەر لە چەرخی بەردینی تازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گواستنەوە ئابوورییە مشەخۆرو بەرخۆریەی (استهلاک)، کە لە ڕاوکردن و دەستکەوتنی خۆراک بۆ ئابوورییەکی بەرهەمهێنان و ئاژەڵ بەخێوکردن و چاککردنی زەوی کشتوکاڵکردن بەدیهات، چونکە مرۆڤ پێش ئەو چەرخە ڕاوچی بووەو تێبینی وردترو وریاتری پێویست بوو بۆ ناسینەوەو ڕاوکردنی گیانداران،


سەرەتاکانی گوندنشینی

بەڵام لەچەرخی بەردینی نوێدا تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان گۆڕاو دوای ئەو گۆڕانە ئابوورییە، ئەوەش بووە هۆی گۆڕانکاری و دەرکەوتنی کارامەیی و هۆشیارییەکی نوێی ترو زۆر جیاوازتر لە ڕابردوو. ئیدی ئەم گۆڕانکاریانە پەرەسەندنی هونەریشی بەدوای خۆیدا هێنا.

دوای ئەوەی مرۆڤ لە چەرخی بەردینی کۆن و ناوەڕاستدا هێندەی بگەڕێ و دواتر سەختی ژیان و گوزەران تەنگەی پێهەڵدەچنێ و زۆر ماندوو شەکەت دەبێت. تا وای لێدێت دوای بەسەربردنی چەندین هەزار ساڵ هەوڵیدا ئارامی بەخۆوە بگرێت و بۆ دواجار نیشتەجێ بێت. واتە یەکەم بڕیاری مرۆڤ دوای هاتنەخوار لە بەرزاییەکان و نیشتەجێ بوون، بڕیاریدا لە کەنار ئاوەکان بگیرسێتەوە. بۆیە کوردستان دەبێتە خاوەنی دروستکردنی یەکەم گوندی نشینگەیی مرۆڤ. گوندی «بێستان سوور، زەرزی، چەرمۆ»، کە باشترین نموونەی یەکەم لانکی شارستانیەتی نوێیە لە کوردستاندا. لە کنەوپشکنینی تازەدا لەساڵی (٢٠١٧) دەرکەوتووە ژیان لە گوندی بێستان- سوور لە پێش چەرمۆ بووە.


وێنەیەکی نەخشەسازی خانووی دێرین، کە لە سەرەتاکانی گوندنشینیدا مرۆڤ سازی کردووە

## لە چەرخی بەردینی نوێندا چی ڕویدا؟

دوای هەزاران ساڵ لە نەهامەتی و کوێرەوەری، مرۆڤ بەدوای خۆشگوزەرانیدا گەڕا، بۆیە کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە ژیانیدا ڕوویدا، لەوانەش وەکو:



مرۆڤ لە بەرخۆریەوە دەگۆڕێت بۆ بەرهەمهێن

- دوای ئەوەی لە چیاکان هاتەخوارو لە پێی دەشتەکان نیشتەجێ بوو، وەک پێشتر باسکرا، کەنار ئاوەکانی بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژارد، چونکە بۆ ڕایی کردنی پێداویستیەکانی خۆی و کشتوکاڵ کردن و ئاودانی مەڕو ماڵاتەکەی گرنگ بوو. هەروەها بۆگواستنەوە لەڕێگەی ئاوی و ڕاوکردن لەناو ئاودا پێویست بوو.
- گیانلەبەری ماڵی کردو سوودی لە بەروبوومەکەی وەرگرت.
- کشتوکاڵی کردو دانەوێڵەو بەروبوومی کشتوکاڵی بەرهەم هێنا.
- مرۆڤ لە بەرخۆرەوە (مشەخۆر)، گۆڕا بۆ بەرهەمهێن. واتە کەمتر پشتی بە ڕاوکردن دەبەست.



شوێنی ئەنجام دانی کەشی ئاینی، لە چەرخی بەردینی نوێ لە ناوچەی گوبیکلی تەپە

- بۆیەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتی، مرۆڤ کەشی ئاینی داهێنا.
- لەبەر گرنگی ناوچەکەی، مرۆڤ بیری لەوە کردەوە، لایەنی ئاسایش بەهێز بکات. بۆ ئەومەبەستەش چەکی نوێی دروست کرد، سوپایەکی بچووکی پێکهێنا، دواتر بەوە نەوستاو شورای بۆگوندو شارەکان هەڵچنی، چونکە تیرەو هۆزەکان هەمیشە پەلاماری یەکتریان دەدا، بەمەبەستی تاڵانکردن و پاوانکردن و فرەوانکردنی دەسەڵاتەکانیان. ڕەنگە شورەی بەردینی دەورەی نشینگەی (تل

المغزليه) له چیای شەنگال (له کوردستانی باشور) بوونی دەرگایەک له ڕۆژئاوای شورەکەو شێوەی قولله له بەشی باکوری، که وەک یەکەمین قەڵای پارێزگاری که له عێراق دا ناسراوەو دەردەکەوێت، بەڵگەیەکی سەلمێنەری ئەو قسەیەی سەرەوەبێت.


مرۆڤ دوای کشتوکاڵ کردن، بیری له دروستکردنی کەل و پەلی ناوماڵ کردەوە، تا خۆراکی تێدا هەڵبگرێت و تێیدا بخوات.

- دوای کشتوکاڵ کردن، مرۆڤ پێویستی بەوەبوو، که دانەوێڵه بەرهەم هاتووەکه بکاته کەرەستەیەکەوە، بەمەبەستی هەڵگرتن و پاشەکەوت کردن. بۆیه بیری له کاری گڵێنەکاری کردەوەو گۆزەو دیزەی گەورەی دروست کرد، بەمەبەستی ئەمبارکردنی دانەوێڵەکەی. (هەرچەندە بەرووبوومەکەی له جۆری بەروبوومی خۆبژێوی بوو).

- دواتر بیری له دروست کردنی قاپی گڵێنەکاری کردەوە تا خۆراکی تێدا ئامادە بکات و تێیدا بخوات.


مرۆڤی کۆنی کورد، لەم گۆزانەدا خواردن و دانەوێڵەی هەڵگرتووە

- بۆیەکەمجار مرۆڤ بیری له سوورکردنەوەی کەرەسته قوڕینەکانی کردەوە، وەک هونەری (خشت، قاپ، گۆزە...) دروستکردن. هەروەها بیرۆکەی سوورکردنەوەی کاره هونەرییەکانیشی لەوەوە بۆ هات، کاتێک بینی قوڕی چواردەوری ئاگردانەکه زۆر ڕەق بووەو ئاوی بەسەردا دەڕژێت، بەڵام ناتوێتەوە، بۆیه بیری له سوورکردنەوەی کەرەسته گڵێنەکاریەکان کردەوەو توانی داهێنان له کەرەستەکانی ناوماڵدا بکات. ئەوەبوو سەرەتا سادەبوون، بەڵام دوای تێپەڕبوونی سەدان ساڵ، نەخش و نیگاریشی بۆ زیاد کرد.

- مرۆڤ بیری له پێشخستنی کەرەسته سەرەتاییەکانی کردەوەو هەوڵی زۆری دا، تا پێشکەوتن له بواری کەرەسته کشتوکاڵیەکاندا بکات، وەک کەرەستەی دروێنەو چاندن و هاڕین و هەموو کەل و پەلەکانیش به پلەی سەرەکی له بەردو لەگەڵیشیدا ئێسک و تەختەو عاج و سەدەف دروست دەکران، هێشتا کانزای ئاسن و مس و ئەوانی تر نەدۆزرابوونەوە.

## هونەر لە چەرخی بەردینی نوێدا

شایانی باسە، بە پێی ئەو بەڵگەو باسانەی لەم وانەیەدا خرانە ڕوو، چەند ڕاستییەکی هونەری بەدەردەکەون، لەوانەش:

١. مرۆڤ لەم سەردەمەدا لەگەڵ گەشەکردنی کشتوکاڵکردن و ئاژەڵ ماڵیکردندا توانی پێداویستییەکانی ناوماڵ بە شێوازێکی هونەری سادەو ساکار دروست بکات، وەک گۆزە، دیزە، قاپ، ئامرازی زەوی کێڵان... کە هەموو ئەوانە لە دروستکردنیدا نەخشی دەسترەنگینی مرۆڤی ئەو سەردەمەی پێوە دیاربوو.

٢. لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ نیشتەجێ بوو توانی هونەری تەلارسازی پێشبخات و شێوازی دروستکردنی خانوو بگۆڕێت و لە جوانەوە بۆ جوانترینی بەرێت.

٣. دوای ئەوەی مرۆڤ توانی لە ڕێگەی داهێنانی کەشی ئاییندا ئەو بۆشاییە دەروونیە پڕبکاتەوە، دواتر توانی پەرستگای مەزن و جوان و ڕازاوە دروستبکات و هونەری داتاشین، واتە هونەری پەیکەرسازی لە قۆناخی سادەییەوە بەرەو قۆناخێکی ئاست بەرزتر بەرێت و بیخاتە خزمەت کەشە ئایینییەکەیەوە، کە ئەوەش بە قۆناخێکی مەزنی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دادەنرێت، چونکە مرۆڤ توانی کەشی ئایینی لە ئەشکەوتەکانەوە بگوازێتەوە بۆ پەرستگاکان.

## هونەر لە وڵاتی میزۆپۆتامیاو چیاکانی زاگرۆسدا

وەک ئاشکرایە مەڵبەندی میزۆپۆتامیا (وڵاتی نێوان دوو ڕووبار)، بە یەکێک لە ناوچە شارستانیەتەکانی جیهان دادەنرێت، کە چەندین هۆزو تیرەو نەتەوە لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون و شارستانیەتی خۆیان دروست کردووە، ئەوانەش، کە بە ڕەچەڵەکی میللەتی کورد دادەنرێن بە یەکێک لە کۆنترین نەتەوە سەردەستەکانی ئەم ناوچەیە دادەنرێت و خاوەن هونەرو کەلتورو ڕەسەنایەتی خۆیەتی. کورد لە ناوچەکەدا خاوەنی چەندین پاشماوەی دێرینی هونەری ڕەسەنە، هەر لە پەیکەری گەورەو پەیکەری سەردیوارو (هەڵکۆڵدراو لەسەر بەرد- ڕلیف (پەیکەری ڕووبەرز).

هەروەها چەندین وێنەی جوان و نەخشەی بیناسازی و نیگارکێشان و دروستکردنی چەندین شاری گەورەی نموونەیی لە مێژوودا، (وەک لە وێنەکاندا دیارە)، وەک شاری هەولێر (ئەربائیلۆ) و کەرکوک (ئەرەبخا) لە




باشور، ئامەدو حەسەن کیێف لە باکور، کۆبانی لە ڕۆژئاواو مەهابادو کرماشان لە ڕۆژهەڵات، کە ئەوەش چەند نموونەیەکی کەمن لە مێژوودا و تائێستاش ژیان لەم شارانەدا بەردەوامە. شارستانیەتی مرۆڤی چەرخە




بەردینەکان و سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و سۆباری و لۆلۆیی و گۆتی و کاشی و خوری و میتانی و ئورارتویی و مانی و کاردۆخی و ئاشوری و میدی و ئەخمینی و ئەشکانی و سلوکی و ساسانی، کە لە کوردستان حوکمڕانیان کردووە، یان قەڵەمڕەویان گەیشتۆتە ناوچەکە. مێژووی ئەم هونەرانە، دەگەڕێتەوە بۆ (هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا)، کە لە هەوارگە کۆنەکانی وڵاتی کوردان، لەناو ئەشکەوت و لێرەوارو پێ دەشتەکان بنیات نراوەو ئێستا دۆزراوەتەوە. ئەم بەرهەمانە ئەوەندە پایەو ڕێزێکی بەرزیان هەیە، کە تاکو ئەمڕۆش جێگەی شانازی هاوڵاتی کوردە.

## ئەم پرسیارانە ئاراستەی قوتابییەکان بکە:

١. مەبەست لە مرۆڤی بەرخۆر چییە؟
٢. مرۆڤ لە چەرخی بەردینی نویدا گۆزەو دیزەی بۆ چ مەبەستێک سازکردووە؟
٣. کشتوکاڵکردن چ سوودێکی بە مرۆڤ گەیاند؟
٤. مرۆڤ لەو چەرخەدا چۆن بیری لە هونەری قوڕ سوورکردنەوەکردەوە؟
٥. سوودەکانی گڵێنەی سوورکراوە، یان جۆشدراو چییە؟
٦. بۆچی مرۆڤ لەو چەرخەدا گوندەکانیان لە تەنیشت ڕووبارەکان دروستکرد؟
٧. چەندین شاری دێرینم لە کوردستان بۆ بژمێرە.
٨. مەبەست لە شاری دێرین چییە؟
٩. قەڵا چییەو مرۆڤ بۆچی دروستی کردووە؟
١٠. بۆچی مرۆڤ بایەخی بە هونەری گڵێنەکاری داوە؟

## ئەرکی مامۆستا:

١. زانیارییەکان سادە بکاتەوەو بە زمانێکی ساکار بیگەیەنێتە قوتابییەکان.
٢. قوتابییەکان هەندێک زانیاری سەرەتاییان هەیە، بۆیە پێویستە سەر لە قوتابی نەشێوێندرێت و زانیارییە هونەرییەکانی لێ ئاڵۆز نەکرێت.
٣. ئەم وانەیە، تەنها بۆ بەخشینی زانیارییەو تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجام نادرێت (زارەکی و سەرکاخەز)، بەڵکو لە کۆتایی هەر وانەیەکدا هەڵسەنگاندن بۆ تەواوی وانەکە ئەنجام دەدرێت و توانای زانیاری قوتابییەکان دەنرخێنرێت.

## هەڵسەنگاندن

| نرخاندن | | بابەتی هەڵسەنگاندن | ژ |
|---|---|---|---|
| نەخێر | بەڵێ | | |
| | | ئایا قوتابییەکان لە مەبەستی بابەتەکە تێگەیشتوون؟ | ١ |
| | | ئایا قوتابییەکان لە دەستەواژە هونەری و مێژووییەکان تێگەیشتوون؟ | ٢ |
| | | ئایا قوتابییەکان ئاستی گفتوگۆکردنیان پێشکەوتووە؟ | ٣ |

# تەوەری دووەم




# هونەری شێوەکاری

## لەم تەوەرەدا

مامۆستای بەڕێز، لەم تەورەدا چەند وانەیەک ڕێکخراوە، تا قوتابییەکان لەڕێگەی ئەنجامدانی چالاکی هونەری لە ڕێگەی ‹گرووپکاری› و ‹تاککاری›دا ڕێکبخرێت و شێوازی ئاراستەکردن و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنیش دیاریکراوەو هەموو پێشهاتەکانیش خراونەتە ڕوو. کەواتە ئەوەی لێرەدا بۆ مامۆستای هونەر گرنگ بێت و ببێتە ڕێنیشاندەر، بریتییە لەوەی، کە ئاستی تێگەیشتنی قوتابییەکان بزانێت و تێبگات ئەم قوتابییانە لە چ ئاستێکی گەشەی لەشەکی و ئەقڵیدان، چونکە ئەگەر مامۆستا ئەم خاڵە لەبەرچاو نەگرێت ئەوا بێگومان تووشی هەڵەی پەروەردەیی خراپ ڕەفتار دەبێت و ناتوانێت بەشێوەیەکی شیاوو گونجاو لەجێگەی خۆیدا قوتابییەکان ئاراستە بکات و لە کۆتاییشدا وانەکەی، ئنجا سەر لە قوتابییەکانیش دەشێوێت و وانەکەش ناهاوسەنگ دەبێت و زانیارییەکانیش ناڕوون دەبن.

کەواتە پێویستە مامۆستا ئەم زانیاری و ڕێنماییانە لەبەرچاو بگرێت:

١. لەم تەمەنەدا قوتابییەکان تاوگیری و هەستی بەخۆزانیان زۆرەو پێویستە مامۆستا ئەم خاڵە ڕەچاو بکات.

٢. لەم تەمەنەدا قوتابی هەوڵدەدات خۆی بناسێت و لە دەوروبەریش تێبگات، جا لەسەر مامۆستایە وەڵامدانەوەی بۆ ئەم دۆخە هێمن و ژیرانەبێت.

٣. قوتابی لەم تەمەنەدا ئارەزووی کاری هونەری کەم دەبێتەوە، بۆیە پێویستە مامۆستا فشاری زۆر لەسەر قوتابییەکان دروست نەکات و لەهەمانکاتیشدا هەراسانیان نەکات، بەڵکو بە نەرمی ڕەفتار بکات و گفتوگۆیان لەگەڵدا ببەستێت.

٤. گوێبیستی داواکارییەکانیان بێت و لە داخوازییەکانیان تێبگات و دواتر بەپێی توانا بۆیان جێبەجێ بکات و داخوازییەکانیان فەرامۆش نەکات.

٥. پێویستە مامۆستا لە ڕەفتارو گوفتارەکانیدا ڕاستگۆبێت و قوتابییەکان نەخاتە دۆخی گومانەوە، چونکە ئەوکاتەی قوتابی گومانی لادروست دەبێت، ئەوا بێگومان تەواوی پرۆسەکە تێکدەچێت و ئامانجەکان نایەنە دی، یان وانەکە لە ئامانجەکانی دوور دەکەوێتەوە.

٦. لەم تەمەنەدا قوتابی زۆر پێویستی بە گەشتە، گەشت بۆ مۆزەخانە، گالێری، چالاکی جۆراوجۆر، ناو سروشت...

## وانەی یەکەم

تەوەر: هونەری شێوەکاری

بابەت: دەربڕینخوازی Expressionism

کاتی دیاریکراو: ٣ بەشەوانە

---

لەم وانەیەدا زیاتر دەستەواژەو بیرۆکە هونەرییە بنەڕەتییە پێویستەکان بە قوتابیان ئاشنا دەکرێت و مامۆستاش ڕێبەرێکی باش دەبێت لەکاتی چالاکییە هونەرییەکاندا. لێرەدا چەسپاندن زیاتر لەسەر ئەودەستەواژانەیە، کە پەیوەندیان بە ڕەنگە گەرم و ساردو بێلایەنەکانەوە هەیە.

هەروەها ئەم وانەیە تیشک دەخاتە سەر نیگارکێشانی ئەو بابەتانەی لە ڕێگەی ڕەنگەوە گوزارشتیان پێدەکرێت و دواتر ڕاهێنان لەسەر نیگاری هێڵکاری خێرا بۆ ئەو بابەتە بینراوانە دەکرێت، کە پێویستیان بە توێکاری و وردەکاری ناو نیگارەکان نییە. واتە ئەو نیگارانە دەکێشرێن، کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی ورد نییەو لایەنی توێکاری فەرامۆش دەکرێت، ئەوەش بۆ ئەوەیە، تا قوتابی لە نیکارکێشان نەتۆرێت و زیاتر هونەرەکەی بەدڵدابچێت و لە هەمانکاتیشدا بارگرژی لەشەکی نەهێڵێت، بەتایبەتیش بۆ ئەوەی دەست و پەنجەکانی لەگەڵ نیگارکێشانەکە نەرم بکات.

بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیەش پێویست دەکات پشت بە هونەری هێڵکاری ‹سکێچ› ببەسترێت و ئەم کارەش بە خێرایی و لە کاتێکی دیاریکراودا ئەنجام بدرێت و سستی (خاوی) نەنوێنرێت لە کارکردندا. لە هەمانکاتیشدا ئەم وانەیە بایەخ بە بوارەکانی تری هێڵکارییەکە دەدات، کە بریتییە لە بایەخدان بە ڕووگەی کەرەستە خاوەکان و ڕەنگەکان بگونجێنێت لەگەڵ شتە کێشراوەکاندا (لیمۆ سەوزە، یان زەردە، پرتەقاڵ، پرتەقاڵییە، خەیار سەوزە...)، چونکە لەم قۆناخەدا قوتابی ئارەزووی گوزارشتکردن لە شتی ڕاستەقینە دەکات، بەتایبەت ئەو بابەتە بینراوانەی لە سروشتدا هەن، جا زیندووبن، یان بێگیان. نزیک بوونەوە لە شتە بینراوە ڕاستەقینەکان ویست و خواستی منداڵە لەم تەمەنەدا، جا ئەوەی لەسەر مامۆستایە ڕەخساندنی ئەو کەشە لەبارەیە، تا قوتابی بتوانێت بە ئازادی خۆی، بەڵام لەژێر چاودێری مامۆستادا ئەو هەستە بینراوەی بۆ دەوروبەر هەیەتی لەڕێگەی نیگارەکانەوە گوزارشتیان لێبکات، چونکە منداڵ لەو تەمەندا لە خەیاڵکردن دوور دەکەوێتەوە.

**پێشبینی دەکرێت دوای خوێندنی ئەم وانەیە، قوتابییەکان بتوانن، کە:**

١. هێڵکاری خێرا (سکێچ) بکێشن، بێ ئەوەی بچنە ناو وردەکارییەوە.
٢. لە واتای ڕەنگە گەرم و ساردو بێلایەنەکان تێدەگەن.
٣. کۆمەڵێک بابەتی فرەجۆر بکێشن، لەگەڵ بەکارهێنانی ڕەنگە گەرم و ساردو بێلایەنەکان.
٤. لەڕێگەی نیگارکێشانەوە گوزارشت لە و بابەتانە دەکەن، کە سروشیان لە دیمەنە سروشتییەکان و شمەکە بێ گیانەکان وەرگرتووە.
٥. ڕێنمایی دەکرێن بۆ بەکارهێنانی کەرەستەو شمەکی هونەری.
٦. فێری ئەوە دەبن گوێڕایەڵی ڕەخنەی بنیاتنەر بن و لە کۆتاییشدا قبوڵی بکەن.
٧. ڕەچاوی پوختی کارو پاکوخاوێنی شوێنکارەکە دەکەن.

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

بە ڕۆڵ و کاریگەی هێڵ ئاشنا دەبێت بۆ گوزارشتکردن لە شێوەکان.

### سوودە کارامەییەکان

نیگاری شێوەو هێڵکاری کەسەکان، تەلارەکان، تابلۆی هونەری... دەکێشێت.

### سوودە ویژدانییەکان

پەسەندی ڕەخنەی بابەتی و بنیاتنەر دەکات.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

هێڵکاری فرە دەکێشێت بەمەبەستی ئامادەکاری، جا هەندێکیان کاری هونەرین و دەبنە دەرخەری تواناو کارامەیی قوتابی و مامۆستاش ڕۆڵی خۆی لە دەرخستنی تواناکاندا دەگێڕێت، جا لەڕێگەی سازکردنی چالاکییەوە بێت، یان لەڕێگەی ئاڕاستەکردنی پرسیارەوە بێت، بۆ نموونە:
١. وێنەیەک بکێشە، تا تەواونەبێت نووکی قەڵەمەکە لەسەر کاخەزەکە هەڵمەگرە.
٢. وێنەیەکی سروشت، یان خەیاڵی بە هێڵکاری خێرا بکێشە، بێ ئەوەی بچیتە وردەکارییەوە.
بڕگەی خۆئامادەکردن

مامۆستا بابەتێکی دیاریکراو، یان چەند بابەتێک ئاڕاستەی قوتابییەکان دەکات و قوتابییەکانیش ئەو پێکهاتانە هەڵدەبژێرن، کە بیرۆکەی کارەکەیان باش دەکات، یان لە خستنەڕووی ناوەرۆکی کارەکە دووریان دەخاتەوە (تویکاری)، یان دووریان دەخاتەوە لە هەندێک بەش، کە پێدەچێت زیادەبن و پێویست نەکات بکێشرێنەوە، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی شتەکە وەک خۆی نەکێشنەوە، بەڵکو بابەتێکی نوێی داهێنەرانە دەربخەن، چونکە ئەوان کامێرای فۆتۆگرافی نین، تا شتەکان بە گەورەو گچکەوە وەکو خۆیان بکێشنەوە، بەڵکو قوتابییەکان خاوەن بیرۆکەن و جا بەپێی بیرۆکەکە لێی زیاد دەکەن، یان لێی دەقرتێنن. وەک شێوەی (١-١).



شێوەی 1-1

هەروەها مامۆستا ئەزموونی خەیاڵکردن بە قوتابییەکان تاقیدەکاتەوە. واتە بابەتێک لەلای قوتابییەکان دەوروژێنێت و دواتر قوتابییەکانیش بێئەوەی هیچیان دیتبێت نیگارەکە دەکێشنەوە. بۆ نموونە پێیان بڵێت تابلۆیەک بکێشن چەند شێوەیەکی تێدابێت، وەک دار، خانو... شێوەی (١-٢). دواتر قوتابییەکە سەرپشک بکە



شێوەی 1-2

چۆن و بەچی دەیکێشێت؟ چونکە ئازادکردنی قوتابی بەشێک لەو ترس و گومانەی هەیەتی دەرەوێنێتەوەو بەشێک لە دەستکراوەیی پێدەبەخشرێت.

## نیگاری ئازاد

لەم ئاڕاستەکردنەدا مامۆستا قوتابییەکان سەرپشک دەکات لەوەی دەیکێشن، بەڵام بەومەرجەی ڕەنگ لە وێنەکەدا بەکاربهێنن، وەک شێوەی (١-٣). قوتابییەکان خەیاڵبازی و بیری فرەوانی خۆیان دەخەنەگەڕ بەومەرجەی بتوانن گوزارشت لەو شتەبکەن، کە لە ئەندێشەیاندایە و مەرج نییە ڕەچاوی شتە ڕاستەقینە بینراوەکان بکەن.



شێوەی 1-3

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

لە پێناو فرەجۆری و بەسەربردنی کاتێکی خۆش، مامۆستا چەند پارچە مۆسیقایەکی ڕیتمی هێواش (نەرم) و ڕیتمی خێرا بۆ قوتابییەکان لێدەدات. دواتر قوتابییەکان ڕادەسپێرێت بە ئازادی لە ڕێگەی نووکی قەڵەمەکانیانەوە گوزراشت لەو جووڵە دەنگییە مۆسیقیانە بکەن. بۆ نموونە ئەگەر ڕیتمی مۆسیقاکە خێرابوو ئەوانیش قەڵەمەکانیان خێرا بجوڵێننەوەو ئەگەر هێواشیشی کردەوە ئەوا بە نەرمی قەڵەمەکە بجوڵێنن، وەک شێوەی (١-٤). پێش ئەو کارە پێویستە هەر بۆ تاقیکردنەوە لەگەڵ ڕیتمی مۆسیقاکە بە دەست لە سەرمێزەکە بدەن، تا کۆمەڵێک دەنگی جیاواز ببیستن.



شێوەی 4-1

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

### هێڵکاری خێرا بە بێ وردەکاری

شایانی باسە، ئەم جۆرە هێڵکارییە بنیاتنەری کاری هونەرییە، چونکە ڕووگەی دەرەوەی شێوەکە دادەمەزرێنێت، یان بەشێوەیکی نیوەچڵ دایدەڕێژێت، مەبەستی سەرەکی ئەم هێڵانەش دامەزراندن و دەرخستنی شێوە ڕاستەقینەکەیە (بناخەی کارەکەیە)، جا ئەگەر چوارچێوە بۆ کارەکە دانرا، واتا سنوری کارکردن دیاریکرا، بەڵام ئەگەر نەخرایە ناو چوارچێوەوە، ئەوا بێگومان سنووری هێڵەکان کراوەدەبن، کە ئەوەش مەبەستی بەردەوامی و کۆتایی هێڵەکان دەردەخات.

دەتوانرێت هەندێک لە هێڵکارییەکان گوزارشت لە شتێکی دیاریکراو بکەن، وەک مرۆڤ، ئاژەڵ، یان گوزارشت لە هەندێک هەست، یان هەندێک شتی واتادار بکات، وەک پشوودان، جووڵە، ئارامگرتن، بێئارامی، خەیاڵکردن...

## ئامانجی فێرکردن و فێرکاری کراوە

### فێرکردن لەسەر بنەمای چالاکی

– پێشەکی مامۆستا، وەک دەستپێک هێڵکاری و نیگارەکان بۆ قوتابییەکان پۆلێن دەکات و هەندێک پرسیار لە قوتابییەکان دەکات.

– مامۆستا قوتابییەکان بە پێی ژمارەی پۆلەکە دەخاتە گرووپەوەو ئەرکی هەر گرووپێکیش بۆ ڕاییکردنی کارەکان دیاری دەکات و داوایان لێدەکات:

**گرووپی یەکەم:** هێڵکاری ئامادەکاری بۆ هەندێک تابلۆی هونەری بکەن.

**گرووپی دووەم:** هێڵکاری بۆ کارێکی هونەری بکەن.

**گرووپی سێیەم:** هێڵکاری بۆ هەندێک تێبینی، یان یادشتێک بکەن، وەک کارێکی دیاریکراو، یان دیاردەیەک شایەنی بایەخپێدان بێت.

– گرووپەکان کارە هونەرییەکانی خۆیان نمایش دەکەن و مامۆستاش بەسەر کارەکانەوە دەگەڕێت، تا بزانێت ئایا تابلۆکان گوزارشت لە بیرۆکەی پێشنیارکراو دەکەن؟ لە هەمانکاتیشدا ئایا گرووپەکان لەنێوخۆیاندا پەیوەندی دەگرن؟

– مامۆستا کۆمەڵێک تابلۆی هونەرمەندانی جیهانی بۆ قوتابییەکان نمایش دەکات و پێویستە قوتابییەکان پۆلێنی شێوازی کارکردنی کارە هونەرییەکان بکەن.

– داوا لە قوتابییەکان دەکرێت، چەند هێڵکارییەکی جۆراوجۆر لەسەر کاخەز بکێشن.

## سەرچاوەی فێرکاری

کەرەستەو پێداویستی سەرەتایی: مەرەکەبی چینی، کاخەزی قەبارە A3 ، یان (٥٠×٧٠سم)، کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، قەڵەم ڕەساس، بۆیەی ئاوی، فڵچەی ئاوی.

هۆکاری ڕوونکاری: نمایشی فیلمی دیکۆمێنتاری لەڕێگەی داتاشۆ، تابلۆ جیهانییەکان، کاری قوتابییەکان، وێنەی ڕوونکاری، سازدانی گەشت، کردنەوەی پێشانگە، داوەتکردنی هونەرمەندێکی کورد بۆ ناو پۆل.

## چالاکی کردارەکی

**چالاکی یەکەم:** نیگارکێشانی شێوە جیاوازەکان بێ ڕوونکاری (بێ تویکاری) بە قەڵەم ڕەساس.

سەرەتا قوتابییەکان ئامادە دەکرێن، تا نیگاری هەندیک شێوە بە پێی بیرو بۆچوونی خۆیان بە قەڵەم ڕەساس بکێشن و بێ ئەوەی بچنە ناو وردەکارییەوە. هەروەها ئەو شێوانەی دەیکێشن با لەسەر خواستی قوتابییەکان بێت، بەڵام بەو مەرجەی مامۆستا هەندیک پێشنیاریان بۆ بکات، تا ئاستی بیرکردنەوەیان بجووڵێت و دواتر پێویستە چاودێری بکرێن. بۆنموونە با وێنەی دیمەنی داریک بە هێڵکاری سادە بکێشن، کە تەنها بە چەند هێڵێکی یەکلەدوای یەک نەخشێنراوە، یان نەخشاندنی هەندیک هێڵکاری ئازاد، تا قوتابییەکان ترسیان بشکێت و متمانەیان بەخۆیان زیاد بکات، ئامادەکردنی ئەو کەرەستەو شمەکانەی پێویستن بۆ ئەم چالاکییە:

١. بۆ ئەم چالاکییە پێویست بە کاخەزی سپی، قەڵەم ڕەساس، قەڵەمی خەلۆز(B2. B4.B6)، مەرەکەبی چینی، بۆیەی ئاوی دەکات.

٢. قوتابییەک هەڵدەستێت و لەبەردەمیاندا جووڵەیەکی دیاریکراو دەنوێنێت، وەک چەمانەوە، خۆبادان، یان هەرجووڵەیەک خۆی ئارەزووی بکات...


شێوەی 5-1

٣. قوتابییەکان وێنەی ئەو جووڵەیە دەکێشنەوە بە هێڵکاری خێرا لەماوەی دوو، تا پێنج خولەکدا، بێ ئەوەی قوتابییەکان نووکی قەڵەمەکانیان لەسەر کاخەزەکە هەڵبگرن.

٤. هەروەها دەتوانرێت ئەو هێڵە یەکتربڕانە پێکەوە بە بۆیەی ئاوی و قەڵەم ڕەساس لەسەر یەک کاخەز بکێشرێن، بەمەبەستی گوزارشتکردن لە شێوەو دیمەنە جیاوازەکان، وەک شێوەی (١-٥).

٥. نیگارکێشان بە قەڵەم ڕەساس و قەڵەمی خەڵوز لە کۆتاییدا پێویست بەوە دەکات وێنەکە جێگیربکرێت، چونکە خەڵوز بە دەستتێکەوتن دەچێت و نیگارەکە دەشێوێت، بۆیە پێویست دەکات بە ماددەیەکی جێگیری وەک (Fixative)، یان (Acnylic)، یان ئەگەر ئەوانە دەستنەکەوتن دەتوانرێت سپرای قژڕەقکردن بەکاربهێنرێت، تا وێنەکە جێگیر ببێت، وەک شێوەی (١-٦).



شێوەی 6 -1

٦. ئەگەر سپرا بەکارهێنرا پێویستە وێنەکە (٦٠سم) دووربێت لەکاتی ڕشاندنەکە، دواتر وشک دەبێتەوە.

## ئەرکی مامۆستا لەم چالاکییەدا:

١. گفتوگۆکردنی ڕاستەوخۆی مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکان و نابێت لێیان داببڕێت.

٢. ئاراستەکردن و پێدانی ڕێنمایی کارکردن بە قوتابییەکان.

٣. بەکارهێنانی دەستەواژەی هونەری پەیوەست بەو وانەیە.

٤. ئەگەر قوتابییەکان لە دەستەواژەکان تێنەگەیشتن ڕوونکردنەوە بدات.

٥. پێش هەر چالاکییەک خۆی ئامادەبکات و کەرەستەو شمەکی پێویست بخاتە بەردەست.

٦. پێویستە قوتابییەکان پێشوەختە لە چالاکی نوێ ئاگاداربکرێنەوەو بەرچاوڕوونیان پێبدرێت لەبارەی ئەو کەرەستانەی کاری پێدەکەن.

٧. لە کۆتایی هەر وانەیەکدا مامۆستا هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی بەشداری و بەپیرەوەچوونی قوتابییەکان بۆ وانەکە دەکات.

## چالاکی دووەم: کێشانی شێوەی تەلارسازی لەنێو ژینگەدا

قوتابییەکان بە قەڵەم ڕەساس نیگاری تەلارسازی دەکێشن بێ ئەوەی بچنە ناو وردەکارییەوە، ئەوەش بە سروش وەرگرتن لەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، وەک (ماڵ، پاشماوەی دێرین، کۆنەخانوو، قوتابخانە...) لەگەڵ ڕەچاوکردنی پێکهاتەی هێڵکاری لەناو نیگارەکەدا. وا پێویست دەکات هێڵەکان سادەبن و زۆر ئاڵۆز نەبن. لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەم شێوە تەلارییانەدا پێویستە ڕەچاوی پێکهاتە ئەندازەییەکان بکرێت. بۆ نموونە پەنجەرەکان چوارگۆشەن، دەرگا لاکێشەیە... قوتابییەکان هانبدرێت زیاتر پشت بەچاویان ببەستن و لە خەیاڵکردن دووربکەونەوە (چی دەبینن ئەوە بکێشنەوە؟). لەسەر مامۆستایە کەرەستەو شمەکی پێویست بۆ ئەم وانەیە دابین بکات، وەک:

١. کاخەزی ڕووزبر، وەک (کانسن، یان فبریانۆ)، قەڵەم ڕەساس، قەڵەم ڕەنگ.

٢. دەتوانرێت چەندین شێوەی تەلارسازی لەسەر هەمان کاخەز بکێشرێت، شێوە (١-٧) لەم وێنەیەدا دوو جۆر هێڵکاری دەردەکەوێت بەپێی توانای قوتابیەکان.





دوو جۆر هێڵکاری تەلارسازی جیاواز. شێوەی 1-7

ئامانجی هەڵسەنگاندنی پێشنیارکراو

ئامانجی هەڵسەنگاندن: جێبەجێکردن.

ئامرازی هەڵسەنگاندن: سڕینەوەو کێشانەوە.

ئەنجامی زانستی: هێڵکاری خێرا بێ چوونە ناو وردەکارییەوە.

## هەڵسەنگاندن

وێنەی سڕاوەو کێشراو لەکاتی وانەی کردارەکیدا، وەک ئامرازێکی هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنرێت

| ژ | بابەتی هەڵسەنگاندن | نرخاندن بەڵێ | نرخاندن نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | لەرێگەی هێڵکارییەوە گوزارشت لە جوولەی جەستە دەکات. | | |
| ٢ | توانای دەرخستنی ڕووگەی دەرەوەی شێوەکەی هەیە. | | |
| ٣ | ڕەنگە پێویستەکان بۆ کارە هونەرییەکە زیاد دەکات. | | |
| ٤ | گوزارشت لە سەرجەم دۆخە جیاوازەکانی جەستە دەکات. | | |
| ٥ | بەشێوەیەکی خێرا هێڵکاری بۆ شێوەکە دەکات. | | |

### لێکبەستن و پێکگرتن

مامۆستا بۆ پتەوکردنی زانیاری قوتابییەکانی جارێکی دی هانا بۆ بابەتی پێکهێنانی نەخشەسازی و شیکردنەوەی شێوەکان دەبات لە وانەی چوارەم- تەوەری دووەم – نەخشەسازی و داهێنان لە ڕازاندنەوەدا، پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی.

### چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەکردن



شێوەی 8-1

**چالاکی بەمەبەستی چارەکردن:** قوتابی لەرێگەی بەکارهێنانی قەڵەم ڕەساس و قەڵەمرەنگەوە بەشێوەیەکی خێرا هێڵکاری بۆ (چاو، ڕووخسار، دەست...) دەکێشێت بێ ئەوەی بچێتە وردەکارییەوە، وەک شێوەی (١-٨)

**چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن:** قوتابی بە قەڵەمی خەڵوز کۆمەڵێک هێڵکاری ئازاد لەسەر کاغەز، یان ڕۆژنامەی بەسەرچوو دەکێشێت، بەمەبەستی ڕاهێنان و خێراترکردنی ئاستی هێڵکارییەکانی.

هەندێک چالاکی و پرۆژەی جۆراوجۆر، لەگەڵ بەکارهێنانی هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا لە دەرەوەی بەشەوانەکەدا (لەڕێگەی کۆمپیوتەر).

کارکردن بە هێڵکاری خێرا (سکێچ) لە ڕێگەی بەکارهێنانی قەڵەم ڕەساس و قەڵەمی ڕەساسی جۆری (B6 -B4) قوتابی بە شێوازی بەکارهێنانی ئەم قەڵەمەش ئاشنا دەبێت و توانای کۆنترۆڵکردنی پەلەکانی سەرەوەی باشتر دەبێت و توانای خۆڕێکخستن و خۆسازدانی بۆ کاری هونەری تۆکمەو باشتر دەبێت و دەزانێت چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ چەند نموونەیەکی هێڵکاری شێوەی جیاواز لە شێوەی (١- ٩) خراوەتە ڕوو، کە هەنگاوەکانی کارکردن بە شێوەیەکی سادەو ساکار پیشاندراون، مەبەست لە سادەو ساکار ئەوەیە، کە پێویستە مامۆستا وانەکە بە دژواری پیشانی قوتابییەکان نەدات، بەڵکو تا بۆی بکرێت ئاسانکاری بۆ قوتابییەکان بکات و یاساو ڕێساکانی کارکردنیان بۆ ڕوونبکاتەوە، چونکە تا قوتابییەکان لەمەبەستی کار تێنەگەن، ئەوا بێگومان ناتوانن ئەرکی سەرشانیان ڕاپەڕێنن.



شێوەی 9 -1

## وانەی دووەم

تەوەر: هونەری شێوەکاری
بابەت: پەیوەندی نێوان هێڵەکان
وانە: ڕەنگە ساردو گەرم و بێلایەنەکان
کاتی دیاریکراو: ٣ بەشەوانە

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

لە ڕەنگە ساردو گەرم و بێلایەنەکان تێدەگات.

### سوودە کارامەییەکان

وێنەی کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆر بە ڕەنگە ساردو گەرم و بێلایەنەکان دەکێشێت.

### سوودە ویژدانییەکان

ڕەچاوی پاکی و پوختی و ڕێکخستن دەکات.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکاری پێشوەخت

قوتابیان دەتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

١. کاریگەرییەکانی ڕەنگ لەسەر ژیانی خەڵک چییە؟
٢. ڕەنگە سەرەکی و ناوەندییەکان کامانەن؟
٣. وێنەی بازنەی ڕەنگەکان لە تێنووسی نیگارکێشاندا بکێشە، هەروەک لە وێنەی شێوە (١-١٠) دا دیارە.



شێوەی 10 -1

## بڕگەی خۆئامادەکردن

ڕەنگەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا هەیە، خۆشی لە دڵ و دەروونداا دەڕوێنن، ژیان بەبێ ڕەنگ دەبێتە ژیانێکی پڕ لە خەمۆکی و بێزراو. ڕەنگەکان کاردەکەنە سەر ڕووگەو دەروونی مرۆڤەکان، جا بۆیە هەڵبژاردن بۆ ڕەنگە جیاوازەکان حەزو ویستی دەروونی هەرکەسێک بەپێی هەڵبژاردنەکە دەردەخات. جا ئەوەی لێرەدا جێگەی بایەخبێت ئەوەیە، کە مامۆستا پێویستە ئەم کاریگەرییەی ڕەنگەکان بۆ قوتابییەکان ڕوونبکاتەوە لە ڕێگەی پرسیارکردن و گەڕانەوە بۆ پرۆگرامەکانی پێشووتر، کە باسی ڕەنگ دەکات و بۆ ئەو مەبەستەش شێوازی بیرهێنانەوە بەکاربهێنە. بگەڕێوە بۆ پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی – تەوەری چوارەم- نیگارکێشان و دەربڕینی هونەری، پێکهاتەی نەخشەکێشان – ڕەنگە بنەڕەتییەکان.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

- مامۆستا چەند تابلۆیەکی هونەرمەندانی کورد، یان هونەرمەندانی جیهانی پیشانی قوتابییەکان دەدات، کە ڕەنگە گەرم و ساردو بێلایەنەکان لەخۆ دەگرێت، نمایشکردنی ئەم تابلۆیانە تەنها بۆ ئاشناکردنی قوتابییەکانەوە بەس، تا شارەزایی و حەزی نیگارکێشانیان لەلا دروست بکات، وەک شێوەی (١- ١١) و شێوەی (١- ١٢).






چەند کارێکی هونەری هونەرمەندی کورد کاوە کەمال کە گوزارشت لە سروشتی کوردستان دەکات.
شێوەی 12 –1

دواتــر داوا لە قوتابییەکــان بــکە بە ســروش وەرگــرتن لەم کــارانە تابلۆیەکی نوێ بکێشن، کە گوزارشت لە هەست و ویستی قوتابییەکان بکات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەکارهێنانی ڕەنگەکان لەجێگەی خۆیاندا.



تابلۆی هونەرمەندی کورد خالید ستار – شێوەی 11 –1



تابلۆی هونەرمەندی جیهانی کاندنسکی شێوەی A 12–1

– مامۆســتا پێشــوەخت کــورتە فیلمێــک، یــان وێنەی چەند دیمەنێکی هونەری ئامادە دەکات و لە نمایشێکدا پیشانی قوتابییەکانی دەدات، یان گەشتێک بۆ قوتابییەکان بۆ شوێنێکی دێرین، یان ناوچەیەکی گەشتوگوزار، یان باخێک ساز دەکات بەمەبەستی چێژوەرگرتن لە دیمەنەکان و تێبینی کردنی کاتی ڕۆژئاوابوون، کە ڕەنگە گەرمەکان دەردەکەون و لە هەندێک شوێنیشدا ڕەنگە ساردەکان ون دەبن (ئاسمانی شین).

– دووبــارە هەنــدێک تــابلۆی هونەرمەنــدە جیهانییەکــان، یــان هونەرمەنــدە کوردەکان بۆ قوتابییەکان نمایش بکە. شێوەی (١– A١٢)

## ئاماژەی ڕەنگە ساردەکان

ڕەنگە ساردەکان و (شین، سەوز، وەنەوشـەیی) پلەکانی، ئەم ڕەنگانە ئاماژە بـۆ سەرچاوەی ساردی دەکەن، وەک ئاسمان، ئاو. هەروەها ڕەنگە ساردەکان ئاماژە بە هێمنی دەکەن و دەشتوانرێت گوزارشتیان پێی لە ناخۆشی و تەمتومان و دڵتەنگی و پەستی بکرێت. هەروەها بەکاردەهێنرێت بۆ دەستخستنی تاریکی و سێبەر، وەک شێوەی (١– ١٣).



تابلۆیەکی هونەرمەندی جیهانی بۆب ڕۆس – شێوەی 13 –1

## ئەم ڕەنگانە کاریگەری دەروونیان هەیە، وەک:

– هەست بە قەبارە دەکرێت (شتەکان بە بچووکی، یان بە بچووکترین دەردەخات).

– هەست بە کێش دەکرێت (کێشەکان زۆر بەسووکی پیشان دەدات).

– هەست بە بۆشایی دەکرێت (ڕەنگە ساردەکان قەبارەی بۆشایی بەدەرکەوتوویی ژووروو ئاسمان فراوان دەکات)

– هەست بە دووری، یان ماوە دەکرێت (شێوەکان بە دوورتر دەردەخات).

ئاماژەی ڕەنگە گەرمەکان

ڕەنگە گەرمەکان (زەرد، سوور، پرتەقاڵی) و پلەکانی، ئەم ڕەنگانە پاک و بەقاوەن و ئاماژە بە خۆشی و دڵگەشی و گەرمکردنەوەو وزە دەکەن، وەک شێوەی (١– ١٤) و (١– ١٥).



شێوەی 15 –1



تابلۆی هونەرمەندی کورد ئیسماعیل عەبدۆ شێوەی 14 –1

ئەم ڕەنگـــــــــانە کـــــــــاریگەری دەروونیـــان هەیە، وەک:

– هەست بە قەبارە دەکرێـت (شـتەکان بە درێـــــــژی و گەورەیـی پیشـــان دەدات).

– هەسـت بە کـێش دەکرێــت (کێشـــی شێوەکان بە قورستر پیشان دەدات).

– هەست بە بۆشایی دەکرێت (ڕەنگە گەرمەکان لە بەهای گەورەیی ژورەکە کەم دەکاتەوە).

– هەست بە دووری دەکرێت (وا دەکات شێوەکان نزیکتر دەربکەون).

## ڕەنگە بێلایەنەکان

ڕەنگە بێلایەنەکان، بریتین لە ڕەنگی (سپی و ڕەش)، جا لە ڕێگەی تێکەڵکردنی ئەم دوو ڕەنگەوە لە ئەنجامدا چەندین پلەی ڕەنگی ڕەساسی چنگ دەکەوێت. هەروەها ئەم ڕەنگانە بە ڕەنگی سێبەرو تاریکی ناسراون و ئاماژە بە هێمنی و دڵنیایی و نەرمونیانی دەدەن. شایانی باسە، ڕەنگی سپی تێکەڵی هەر ڕەنگێک بکرێت، ئەوا بێگومان بەهای ڕەنگەکە دەکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕەنگی ڕەش بۆ هەر ڕەنگێک زیاد بکرێت، ئەوا بێگومان بەهای تاریکی زیاد دەکات، وەک شێوەی (١– ١٦) و (١– ١٧).



شێوەی 1– 16




شێوەی 1– 17

لێرەدا زۆربەی هونەرمەندان بایەخ بە ڕەنگە بێلایەنەکان دەدەن هەروەک چۆن بایەخ بە ڕەنگەکانی تر دەدەن، چونکە ڕەنگە بێلایەنەکان:

١. لە بازنەی ڕەنگەکاندا نین.
٢. ڕەنگی نییە (سێبەرو تاریکە).
٣. دەگونجێت و ڕێکدەکەوێت لەگەڵ هەر کۆمەڵەیەکی ڕەنگی تردا.

**بۆ لێکبەستن و پێکەوە گرێدان و بیرهێنانەوە بگەڕێوە بۆ پڕۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەت، تەوەری چوارەم – بابەتی ڕەنگە بنەڕەتییەکان.**

## سەرچاوەی فێرکاری

### فێرکردن لەڕێگەی گروپکارییەوە

**ئامادەکاری:** نووسینەوەی سەرجەم ئەنجامی دەستکەوتووی ئەم وانەیە لەسەر تەختەڕەشەکە و بەستنەوەی ئەم وانەیە بەو وانانەی باس لە ڕەنگە بنەڕەتی و لاوەکی و مامناوەندییەکان دەکات لە پۆلی چوارەمدا.

- ماموٚستا لەڕێگەی داتاشۆوە بازنەی ڕەنگەکان پیشانی قوتابییەکان دەدات، دواتر قوتابییەکان لە ڕێگەی وێنە نمایشکراوەکەوە هەڵدەستن و دەستنیشانی ڕەنگەکان دەکەن و لەسەری دەدوێن.
- ماموٚستا قوتابییەکان دەکات بە چەند گرووپێکی (٤ بۆ ٦) کەسی و هەر گرووپێکیش دەمراستێکی دەبێت، دواتر هەندێک کاری هونەری هونەرمەندان، یان کاری قوتابییەکانیان بەسەردا دابەش دەکرێت، لە پاشاندا ماموٚستا گرووپەکان ڕادەسپێرێت پۆلێنی وێنەو تابلۆکان بکەن بە پێی ئاماژەی هەریەک لە ڕەنگەکان.
- دوای ئەوە قوتابییەکان لەسەر ئەو ئەنجامەی هەر گرووپێک پێی گەیشتوون گفتوگۆ دەکەن، سەرجەم وەڵامەکان لەسەر تەختەڕەشەکە دەنووسرێن.
- ماموٚستا ڕۆڵی بەڕێوەبردنی گفتوگۆی نێوان گرووپەکان دەگرێتە ئەستۆ، دواتر سەرجەم ئەو وەڵامانەی لەسەری ڕێککەوتوون لەسەر تەختە ڕەشەکە دەنووسێتەوە.
- قوتابییەکان ئەو تابلۆیانەی لەناو وانەکەدا ئاماژەیان پێدراوە دەکێشنەوە.

## هۆکاری فێرکاری

کەرەستەو شمەکی بەکارهاتوو: بۆیەی ئاوی، کاخەزی نیگارکێشان، کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، قەڵەم ڕەساس، قەڵەمڕەنگ، پاستیلی ڕۆنی (پاستیلی چەور).



**هۆکاری فێرکاری:** نمایشکردنی تابلۆو وێنەی هونەرمەندە جیهانی و کوردییەکان، هەگبەی فێرکاری، تابلۆی جیهانی، وێنەی ڕوونکاری، بازنەی ڕەنگەکان، پرۆگرامی فێرکاری، سازدانی گەشت بۆ ناو سرووشت و پێشانگەی هونەری جۆراوجۆر، میوانداری کردنی هونەرمەندێکی کورد بۆناو هۆڵی چالاکییەکان.

## چالاکی کردارەکی

**چالاکی یەکەم:** وێنەکێشانی دیمەنی جۆراوجۆری ژینگە بە بۆیەی پاستیلی چەور.

١. مامۆستا دەتوانێت لەگەڵ قوتابییەکاندا بچنە ناو باخچەی قوتابخانەکە، یان گەشتێکی کورت سازبکەن، بەمەبەستی سروش وەرگرتن، یان خەیاڵکردن لە ڕەنگو بۆی درەخت و گوڵ و ئاسمان و ئاوو سروشت بەگشتی، دواتر لەگەڵ قوتابییەکان گفتوگۆی ئەو هەموو ڕەنگانەی ناو سروشت بکات.

٢. قوتابییەکان کارێکی هونەری بە پاستیلی چەور ئەنجام دەدەن، بەو مەرجەی لە وێنەکەیاندا ڕەچاوی ڕەنگە ساردو گەرم و بێلایەنەکان بکەن. هەروەها بۆ جێبەجێکردنی ئەم چالاکییە، پێویستە کەرەستەو شمەکی پێویستی کار بۆ قوتابییەکانیش ئامادەکرابێت.

٣. پێویست بە کاخەزی ڕووزبر دەکات (فبریانۆ، یان کانسون)، قەڵەم ڕەساس، قەڵەمڕەنگ، بۆیەی پاستیلی چەور.

٤. هێڵە سەرەکییەکانی بابەتەکە بە قەڵەم ڕەساس دیاریدەکرێت (Outlines).

٥. پڕکردنەوەی ڕووگە فراوانەکان بە ڕەنگ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پلەی ڕەنگی و ڕووناکی و سێبەر.

٦. ڕووبەری پان و بەرینی پاشینەو پێشینەی تابلۆکە پڕبکرێتەوە، وەک لە شێوەی (١- ١٨) دا دیارە.



دیمەنێکی سروشتی – پاستیلی چەور شێوەی 18 –1

**چالاکی دووەم:** وێنەکێشانی دیمەنی جۆراوجۆری ژینگە بە بۆیەی ئاوی.

قوتابییەکان بۆیەی ئاوی بەکاردەهێنن بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکەو ڕەنگکردنی وێنە پێشنیارکراوە تازەکە، بە بەکارهێنانی ڕەنگە گەرم و ساردو بێلایەنەکان. مامۆستا قوتابییەکان ئاڕاستە دەکات، تا بزانن چۆن چالاکییەکە ئەنجام دەدەن و کەرەستەو شمەکی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارەکە ئامادە دەکەن، وەک:

١. پێویست بە بۆیەی ئاوی دەکات (گواش، ئەکریلیک...)، فڵچەی قەبارە جیاواز، پێویستە فڵچەی نەرمی دەمخڕی قەبارە گەورە بەکاربهێنرێت، کاخەزی ڕووزبر (فبریانو، یان کانسون)، هەروەها دەتوانرێت هەمان وێنە لەسەر ڕووگەی جیاوازی تریشدا تاقیبکرێتەوە، وەک حەریر، قوماشی لۆکە، تابلۆی لەگەچ ئامادەکراو.

٢. کاخەزەکە لەڕێگەی لەزگەوە بە تەختەیەک قایم دەکرێت.

٣. سەرەتا بابەتە پێشنیارکراوەکە بە قەڵەم ڕەساس هێڵکاری بۆ دەکرێت.

٤. سەرەتا پێویستە قوتابییەکان لەوە ئاگادار بکرێنەوە، کە پێویستە سەرەتا ڕەنگی کاڵ بە پلەی جیاواز لەسەر ڕووبەرەکە دابنێن، دواتر ڕەنگە تۆخەکان بە هێمنی دابنرێن، ئنجا ڕەچاوی سێبەرو ڕووناکی بکرێت، تا تابلۆکە تەواودەکرێت.

٥. پێویستە ڕەنگی سپی کەمتر بەکاربهێنرێت، چونکە دەبێت سوود لە سپییەتی ڕەنگی کاخەزەکە وەربگیرێت. هەروەها بەکارهێنانی ڕەنگی سپی لە بەهای ڕەنگەکانی تر کەمدەکاتەوە (هێزی ڕەنگەکان کەم دەکاتەوە).



دیمەنێکی سروشتی بە بۆیەی ئاوی شێوەی 19 -1

٦. پێویستە لەگەڵ دانانی هەر پانتاییەک لە ڕەنگ کەمێک واز لە تابلۆکە بهێنرێت، تا کەمێک وشک دەبێتەوەو دواتر کاری تێدا بکرێتەوە، وەک شێوەی (١- ١٩).

## ئامانجی هەڵسەنگاندنی پێشنیارکراو

**ئامانجی هەڵسەنگاندن:** جیابەجێکردن.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی نرخاندن

**ئەنجامی زانستی:** قوتابییەکان کارە هونەرییەکەیان بە ڕەنگی ساردو گەرم و بێلایەنەکان دەکێشن.

## هەڵسەنگاندن

| ژ | جیبەجێکردن | پەسند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زیادکردنی ڕەنگە گەرم و سارد و بێلایەنەکان. | | | |
| ٢ | دابەشکردنی ڕەنگەکان بەپێی جۆری شتەکان. | | | |
| ٣ | بۆیە ئاوییەکە بە دروستی بەکارهێنراوە. | | | |
| ٤ | ڕەنگەکان واتای خۆیان دەگەیەنن. | | | |
| ٥ | کارە هونەرییەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا تەواوکراوە. | | | |
| ٦ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی کارەکەو شوێنەکە کراوە. | | | |

## لێکبەستن و پێکگرتن

- پەروەردەی هونەر بۆ باخچەی منداڵان، تەوەری سێیەم، وانەی دووەم، ڕەنگکردن.
- پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەت، تەوەری یەکەم، وانەی دووەم، بابەتی پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان، وانەی ڕەنگ لەناو سروشتدا.
- پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەت، تەوەری یەکەم، وانەی دووەم، بابەتی پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان، وانەی باکگراوندو پانتاییە ڕەنگییەکان.

## چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەکردن

**چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن:** قوتابییەکان چەند کارێکی هونەری دەکێشن، کە گوزارشت لە جلوبەرگی کوردی دەکات، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش بۆیەی ئاوی بەکاردەهێنن و پێویستە لەگەڵ ئەنجامدانیشیدا ڕەچاوی ڕەنگە گەرم و ساردو بێلایەنەکان بکەن. هەروەک لە شێوەی (١- ٢٠) و (١-٢١)دا دەردەکەون.



تابلۆی هونەرمەندی کورد سەباح محێدین شێوەی 20-1



تابلۆی هونەرمەندی کورد ڕێبوار خالید شێوەی 21-1

چالاکی بەمەبەستی چارەکردن: قوتابییەکان کارێکی هونەری بەدڵی خۆیان ئەنجام دەدەن، بەڵام بە کەرەستەو شمەکی جیاواز، هەندێکیان بۆیەی ئاوی بەکاردێنن، هەندێکی تریان لکاندن (کۆلاج)، هەندێکی تریشیان قوماش، یان مۆزائیک، یان شوشەی ڕەنگاوڕەنگ...

پێویستە لای مامۆستا ڕوونبێت، کە ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا کاریگەری خۆی لەسەر کاری هونەریدا بەجێهێشتووەو دەتوانرێت تەکنەلۆژیاش، وەک یەکێک لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی قوتابی سوودی لێوەربگیرێت و قوتابیانیش ئاشنا بکرێن بە کۆمەڵێک پرۆگرامی کۆمپیوتەری، کە تایبەت بۆ نیگارکێشان بە سادەیی سازکراون و قوتابیش دەتوانێت لەماڵەوە کاری لەسەر بکات و تاقیان بکاتەوە، وەک پرۆگرامی Paint.

## وانەی سێیەم

تەوەر: هونەری شێوەکاری.
بابەت: پەیوەندی نێوان هێڵەکان.
وانە: دیاریکردنی ڕووگە لەڕێگەی بۆیەی جۆراوجۆرەوە.
کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە.

### سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

#### سوودە زانیارییەکان

قوتابی لەڕێگەی کەرەستەکانی ناو ژینگەوە ئاشنایەتی لەسەر هەندێک ڕووگەی جیاواز بەدەستدەهێنێت.(ڕووگەی زبر، ڕووگەی تەختە، ڕووگەی بەرزونزم، ڕووگەی شووشە...)

#### سوودە کارامەییەکان

وێنەکێشانی هەندێک بابەت، تا ڕووگەی جیاوایان لەڕێگەی کەرەستەی جۆراوجۆرەوە دەربخەن.

#### سوودە ویژدانییەکان

- ڕەچاوکردنی پوختی و پاکوخاوێنی و ڕێکخستن.
- گرێدانی بینگە بینینییەکان بە ژینگەوە.

### ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

بەکارهێنانی ڕووگەی جیاواز لە کاری هونەریدا وا لە بینەر دەکات هەست بەچێژوەرگرتن بکات و لە بینینی کارەکەدا بێتاقەت نەبێت. لێرەدا ڕۆڵی مامۆستا زۆر گرنگە لە ئاڕاستەکردنی قوتابییان و هەندێک پرسیاریان لێبکات لە بارەی:

١. جیاکردنەوە لە نێوان ڕووگەی هەستی و بینگەیی و پەیوەندیان بە کەرەستەکانەوە.
٢. جیاوازیکردن لە نێوان ڕووگەی ڕووتەخت و کەرەستە جیاوازەکاندا، وەک لە شێوەی (١-٢٢)دا دیارە.
٣. ڕووگەکان لە کوێدا بە ڕوونی دەردەکەون؟
٤. جیاوازی نێوان ڕووگەی ڕووبەرزو ڕووگەی چاڵکەوتوو چییە؟
٥. ئایا پێویستە لەکاری هونەریدا کەرەستەو شمەکی جیاواز بەکاربهێنرێت؟



بەکارهێنانی کەرەستەی جیاواز بۆ دەرخستنی ڕووگەی ڕووبەرز   شێوەی 1- 22

## بڕگەی خۆئامادەکردن

مامۆستا کۆمەڵێک وێنە پیشانی قوتابییەکان دەدات، تا ڕووگەی شێوە جیاوازەکانیان بۆ ڕوونبێتەوە، هەروەها هەندێک کەرەستەو شمەکی نێو سروشتیان بۆ ئامادە دەکات، یان بۆیان دروست دەکات، تا ڕووگە جیاوازەکانیان لە لا ئاشناتربێت، یان قوتابییەکان سەرپشک دەکات، تا لەڕێگەی کارە هونەرییەکانیانەوە ڕووگە جیاوازەکان بکێشن و ئامادەبکەن، کە خۆیان ئارەزووی دەکەن، جا پێویستە قوتابییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی سێبەرو ڕووناکییەوە لە سەر پانتایی تابلۆکەدا بایەخ بە ڕووگە هەڵتۆقیوەکان بدەن و لە هەمانکاتیشدا گرنگی بە ڕووگەی زبر، یان نەرم، یان سارد، یان گەرم، یان شێدار، یان وشک بدەن و لە تابلۆکەیاندا دەریانبخەن، وەک شێوەی (١- ٢٣).



تابلۆی هونەرمەندی ئۆزبەکی ئەکمال نور   شێوەی 1-23

## ئاریان ئەبوبەکر



هونەرمەندی کورد ‹ئاریان› لە ساڵی (١٩٨٤) لە سلێمانی لەدایکبووە. ساڵی (٢٠٠٨) بەشی وێنەکێشان لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە سلێمانی تەواو دەکات و دواتر دەچێتە کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سلێمانی و لە ساڵی (٢٠١٢) بەشی وێنەکێشان لەو کۆلێژە تەواو دەکات. بەشداری لە چەندین چالاکی هونەری لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستاندا کردووەو خاوەنی شێوازی تایبەت بەخۆیەتی لە کارکردندا.

تابلۆکانی بە رووگە جیاوازییەکانییەوە دەناسرێنەوەو لە رەنگ دانانیشدا پشت بە سروشتی کارەکە دەبەستێت. واتە لەگەڵ ریتمی کارەکەدا رەنگەکان دادەنێت، ئەگەر پێویستی بەرەنگی گەرم بوو کار لەسەر رەنگی گەرم دەکات، ئەگەر ساردبوو، یان بێلایەن ئاوا بەم شێوەیە لەگەڵ شێوەو رەنگەکاندا بەردەوام دەبێت. هەروەها رەچاوی نەرمونیانی رەنگەکان دەکات.











## ئاکۆ کەمال



هونەرمەندی کورد ‹ئاکۆ› لە ساڵی (١٩٨٢) لەشاری سلێمانی لەدایکبووە. ساڵی (٢٠٠٤) بەشی شێوەکاری لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان تەواودەکات و دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕوودەکاتە زانکۆی سلێمانی بەشی هونەر، لە ساڵی (٢٠٠٨) بەشی وێنەکێشان لەو زانکۆیە تەواو دەکات و لە ساڵی (٢٠١٥) بڕوانامەی ماجستەری لە هونەردا بەدەستهێناوەو ئێستەش بەکاری هونەرییەوە سەرقاڵەو بەشداری لە چەندین نمایشی هونەریدا کردووە لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستاندا.





هونەرمەند بایەخ بە ڕووگەی ڕووبەرزی شێوەی جیاواز دەدات و دەیهەوێت پانتایی کارکردنی پڕبێت لە بەرزی و نزمی و یاریکردن لەگەڵ ڕەنگە گەرم و ساردو بێلایەنەکاندا.





## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

– مامۆستا کۆمەڵێک کەرەستەو شمەکی فۆلکلۆری کوردەواری بۆ قوتابییەکان نمایش دەکات، تا لەڕێگەی دەستلێدان و بینینەوە هەست بە ڕووگەی شتەکان بکەن، جا ئەو شتانە دروستکراوی تەختە، یان مس، یان پێستە، یان ڕستن و چنین بن... دواتر مامۆستا گفتوگۆ لەبارەی شتەکانەوە لەگەڵ قوتابییەکان دەکات.

– مامۆستا چەند نموونەیەک لەسەر ژینگەی هەریەک لە قوتابییەکان دەهێنێتەوە، چونکە هەر قوتابییەک خاوەن ژینگەی تایبەت بەخۆیەتی و هەر ژینگەیەکیش لەو ژینگانە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە ئەرکی مامۆستایە بوار بۆ قوتابییەکان بڕەخسێنێت، تا بە وێنەکێشان گوزارشت لەو ژینگەیەی خۆیان بکەن و پێکهاتەو بابەتەکانی بکێشنەوە، وەک ڕۆژانی جەژن و بۆنەکان چ جۆرە جلێک دەپۆشن؟ لەکاتی کێڵان و جوتیاریدا چی دەکەن؟ لە ژیانی ڕۆژانەدا چی دەکەن؟ وێنەی ڕوخساری خەڵکەکە بکێشن (جیران، شار، گەڕەک)، چی دەبینن و ئارەزووی چی دەکەن بیکێشنەوە؟ وەک شێوەی (١- ٢٤).



کەرەستەو شمەکی فۆلکلۆری شێوەی 24 –1

## ڕووگە

ڕووگە گوزارشــت لە تایبەتمەنــدییەکانی ڕووگەی شــتەکان دەکـات. بـۆ نمـوونە ڕووگەی سەرپۆشــی کیســەڵێک جیاوازە لەگەڵ ڕووگەی تـوێکڵی درەختێــک، یــان ڕووگەی ڕووی قوماشــێکی چنــراو بە لــۆکە جیاوازە لە قوماشێکی چنراو بە حەریر. هەروەها ڕووگەی ڕووخساری منداڵێک جیاوازە لەگەڵ ڕووخساری پیاوێکی بەتەمەنی بەساڵداچوو.



ڕووخسارێکی نەرم   شێوەی 1-25   ڕووگەیەکی زبر

شایانی باسە، هەمــــــوو ئەو ڕووگــانە لە یەکەم نیگــاو لەڕێــگەی هەســتی بینیــنەوە هەســــتپێدەکرێن و دواتــر لەڕێــگەی هەســتی دەســتلێدانەوە بەتەواوی دڵنیـا دەبێـتەوە، جـا لێـرەدا سروشــت سەرچاوەی ئەم ڕووگە جیاوازانەیە، وەک شێوەی(١- ٢٥)

لێـرەدا ڕووگەکـان تەنهـا خۆیـان لە زیندەوەرانـدا نـابیننەوە، بەڵکـو کەرەســــتەو شـــــمەکی جیــاوایش لەنێـو سروشــتدا هەن، وەک: هەنـــار، درەخــت، شــتە لەتەختە و کـانزا دروســتراوەکان و چەنـــــدان نمـــوونەی دی.... وەک شێوەی (١- ٢٦)



ڕووگەی درەختێک   شێوەی 1-26   ڕووگەی کانزایەک

# ئامانجی فێرکردن و فێرکردنی کراوە

## ئامانجی وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ

**خۆئامادەکردن:** سەرجەم ئەنجامەکانی وانەکە لەسەر تەختە ڕەشەکە بنووسەوە، وانەی ڕابردوو بەوانەی نوێوە ببەستەوە، کە لە ڕووی ڕووگەییەوە پێکدەچن و دواتر لەسەریان بدوێ.

١. مامۆستا ئامادەکاری دەکات (وێنەی جۆراوجۆر، تابلۆی ئامادەکراو، هەندێک نموونەی ڕووگە جیاواز، یان لەگەڵ قوتابییەکان دەردەچن بۆناو سروشت و ڕووگەو شێوە جیاوازەکانی ناو سروشت بەسەردەکەنەوەو لە نزیکەوە دەستیان لێدەدەن.

٢. مامۆستا هەندێک وێنەی ڕووگە جیاواز بۆ قوتابییەکان نمایش دەکات (دەتوانرێت لە ڕێگەی داتاشۆ، یان کۆمپیوتەرەوە وێنەجیاوازەکان نمایش بکرێن).

٣. مامۆستا ئەم پرسیارانە لە قوتابییەکان دەکات:

- ڕووگەی پشیلە، ماسی، باڵندە، ئەسپ... چۆنە؟
- ئایا ڕووگەی شتەکان جیاوازدەبن، ئەگەر ماددەکانیان جیاوازبن؟
- ئایا دەتوانرێت ڕووگەکان پۆلێن بکرێن؟

٤. گوێبیستی وەڵامی قوتابییەکان بکرێت و سەرنجیان لەسەر بدرێت.

٥. قوتابییەکان نیگار بە بۆیەی جیاواز بکێشن، تا ڕووگەی جیاواز دەربکەوێت.

٦. لە کۆتاییدا بە پرسیارێک هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆ وانەکە بکرێت بە ئاڕاستەکردنی پرسیارێک:

- ئایا ڕووناکی کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر دەرخستنی ڕووی ڕووگەکان دەبێت؟

## سەرچاوەی فێرکاری

**کەرەستەو پێداویستی سەرەتایی:** بۆیەی ئاوی، کاخەزی وێنەکێشان، پارچە ئیسفنجێک، کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، قەڵەم ڕەساس، تویکڵی درەخت، قوماشی لەخوری چنراو، قوماشی لە حەریر چنراو.

**هۆکاری ڕوونکاری:** کۆمپیوتەر، داتاشۆ، هەگبەی فێرکاری، تابلۆی جیهانی، وێنەی ڕوونکاری، پرۆگرامی فێرکاری، سازدانی گەشت بۆ سروشت، پێشانگەکان، داوەتکردنی هونەرمەندێکی شێوەکاری.

## چالاکی کردارەکی

**چالاکی یەکەم:** وێنەکێشان بە پاستیلی چەورو بۆیەی ڕۆنی بۆ دەرخستنی ڕووگەی جیاواز.

قوتابییان وێنەی شێوەی ڕووگە جیاواز کۆدەکەنەوە، وەک (شەقامێک شۆستەکەی بە بەرد دروستکراوە، زەویەک بە مەرمەڕ ڕووپۆشکراوە، خانەی کۆنی لەبەر دروستکراو، خانووی نوێ...) قوتابییەکان هەندێک شێوە هەڵدەبژێرن و بە بۆیە وێنەی دەکێشن لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕووگە نەرم و زبرەکان، وەک شێوەی (١- ٢٧).



خانوێکی کۆنی دارووخاوی لەگەڵ و بەرد دروستکراو شێوەی 27 -1

**چالاکی دووەم:** وێنەکێشان بە بۆیەی ئاوی بۆ دەرخستنی ڕووگەی جیاواز.

١. مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات وێنەی چەند شێوەیەکی جۆراوجۆر بکێشن، وەک (پەیکەر، گڵێنە، چنراو، تەلار...) تێبینی ڕووگەی هەریەکێک لە پلەی شێوەکان بکەو لێکنەچن.

٢. کەرەستەی جیاواز بکاربهێنرێت و جیاوازی تاکایەتی نێوان قوتابییەکان، فرە جۆری لەکارەکاندا دەردەخات.

٣. مامۆستا کاریگەری ڕووناکی لەسەر ڕووگەی شتەکان بۆ قوتابییەکان ڕووندەکاتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی تابلۆکە دەخاتە بەر ڕووناکی پەنجەرەکەو یەکێکی تریش لە سێبەردا دادەنێت، ئیدی لێرەدا بایەخی ڕووناکی بۆ سەر کارە هونەرییەکە دەردەکەوێت، بێ ئەوەی پێوست بە دەستلێدان بکات.

٤. قوتابییەکان هەندێک لە شێوەکان بە بۆیەی ئاوی دەکێشن، شێوەی (١-٢٨).

٥. هەر قوتابییەک بە ئارەزووی خۆی گوزارشت لە بابەتێک دەکات بە کەرەستەی جیاواز، جا هەندێکیان پاستیل بەکاردەهێنن و هەندێکی تریشیان قەڵەمڕەنگ...

٦. وا باشترە بۆ بۆیە ئاوییەکە فڵچەی باش بەکاربهێنرێت، تا کارەکە نەشێوێت.



تابلۆیەك بە بۆیەی ئاوی كێشراوە شێوەی 28 -1

## هەڵسەنگاندن

**ئامانجی هەڵسەنگاندن:** جێبەجێکردن.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی نرخاندن.

**ئەنجامی فێرکاری:** قوتابییەکان گۆڕانکاری لە کەرەستە ڕەنگییەکاندا دەکەن، لەگەڵ زیادکردنی کەرەستەو شمەکی ناو ژینگە.

### ئامرازی هەڵسەنگاندنی پێشنیارکراو

خشتەی نرخاندن بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردنی قوتابییەکان بۆ کاری هونەری

| ژ | جێبەجێکردن | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕووگەی فرەجۆر لە وێنەکێشاندا دەردەخەن. | | | |
| ٢ | ڕەنگەکان بەشێوەیەکی گونجاو بۆ ڕووگە جیاوازەکان بەکاردەهێنن. | | | |
| ٣ | بەکارهێنانی کەرەستەی جیاواز بۆ دەرخستنی ڕووگەکان (کۆلاج). | | | |
| ٤ | کارێکی داهێنەرانەیان بۆ ڕووگەکان ئەنجامداوە. | | | |
| ٥ | ڕەچاوی خاوێنی شوێنکار و کەرەستەکان کراوە. | | | |

### لێکبەستن و پێکگرتن

- پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەت، تەوەری یەکەم، وانەی یەکەم، بڕگەی ئامادەکاری.
- پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەت، تەوەری دووەم، وانەی چوارەم، فرۆتاج.
- پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەت، تەوەری پێنجەم، وانەی دووەم، پێکهاتەکانی نەخشەسازی و شیکردنەوەی شێوەکان.

## چالاكی بەمەبەستی دەوڵەمەندكردن و چارەكردن

**چالاكی بەمەبەستی دەوڵەمەندكردن:** قوتابیان كۆمەڵێك وێنەی بەروبوومێكی جۆراوجۆر دەكێشن، بە بەكارهێنانی بۆیەی گونجاو، وەك (پاستیلی چەور، قەڵەمڕەنگ، بۆیەی ئاوی...) بەمەبەستی دەرخستنی ڕووگەی جیاواز، هەروەك لە شێوەی (١- ٢٩) و (١- ٣٠)دا دەبینرێت.



ڕووخساری گوڵەبەڕۆژە شێوەی 1-30



وێنەی چەند بەروبومێك شێوەی 1-29

**چالاكی بەمەبەستی چارەكردن:** قوتابییەكان كۆمەڵێك كەرەستەو شمەكی فۆلكلۆری بە (بۆیەی ئاوی، باستیلی چەور، قەڵەمڕەنگ) دەكێشن، بەمەبەستی دەرخستن و جیاوازیكردنی ڕووخساری ڕووگەی نەرم و زبر، هەروەك لە شێوەی (١- ٣١) و (١- ٣٢)دا دەبینرێت.



ڕووگەی دەستاڕ شێوەی 1-31



ڕووگەی سەبەتە شێوەی 1-32

## وانەی چوارەم

تەوەر: هونەری شێوەکاری.
بابەت: پەیوەندی نێوان شێوەکان.
وانە: سروشت ومۆدێل و شتی بێگیان (ستیل لایف).
کاتی دیاریکراو: ٤ بەشەوانە

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

تایبەتمەندی ڕەنگەکان دەزانێت و لە شوێن و جێگەی خۆیدا بەکاریان دەهێنێت.

### سوودە کارامەییەکان

- وێنەی سروشت لە نێو ژینگەدا دەکێشێت.
- وێنەی شتی بێگیان (ستیل لایف) دەکێشێت، وەک میوە، گوڵ...

### سوودە ویژدانییەکان

- ڕەچاوکردنی پاکی و پوختی و ڕێکخستن.
- پەسەندکردنی ڕەخنەی بابەتیانە و بنیاتنەرانە.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

مامۆستا هەندێک پرسیار لەبارەی وانەکەوە لە قوتابییەکان دەکات، وەک:

١. چی دەربارەی شتی بێگیان (ستیل لایف) دەزانیت؟
٢. چی دەربارەی مۆدێل و سروشت دەزانیت؟
٣. چۆن شتی بێگیان و سروشت و مۆدێل لێکجیابکەینەوە؟ وەک لە هەردوو شێوەی (١- ٣٣) و (١- ٣٤) دا دەبینرێن.



وێنەی ستیل لایف شێوەی 33 -1



تابلۆی هونەرمەندی کورد هەرێم جەمال – خانمێکی کورد لەنێو سروشتدا شێوەی 34 -1

برگەی خۆئامادەکردن

– مامۆستا بابەتێکی پڕ جووڵەو زیندوو هەڵدەبژێرێت و لە شێوەی چیرۆک بۆ قوتابییەکانی دەگێڕێتەوە، یان قوتابییەکان سەرپشک دەکات، تا بابەتێک هەڵبژێرن لە نێو کتێبەکاندا بەو مەرجەی بابەتەکە لەگەڵ ئاست و ژیری قوتابییەکاندا بێتەوە، دواتر لە ڕێگەی وێنەکێشانەوە بە ڕاستگۆیی گوزارشتی لێبکەن.



تابلۆی هونەرمەندی کورد بەیاد عەبدوڵا شێوەی 35 -1

– مامۆستا دەربارەی کۆمەڵێک بۆنەو ئاهەنگی باو گفتوگۆ دەکات (ژنخوازی، جەژن، یاریکردن، گەشت، بازاڕ...) تیشک دەخرێتە سەر دیاردە زەقەکان، کە خەڵکەکە لەو بۆنانەدا ڕەچاوی دەکەن، وەک: جلوبەرگەکانیان، جووڵەکانیان، دەربڕینەکانیان، ڕووخساریان... وەک شێوەی (١- ٣٥).

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

مامۆستا چەند نموونەیەکی وێنەی سروشت و بێگیان ئامادە دەکات و بۆ قوتابییەکانی نمایش دەکات، ئەوەش تا قوتابییەکان ڕاستەوخۆ چێژ لە تابلۆکان وەربگرن و لەمەبەستی وانەکە تێبگەن و دواتر ڕادەسپێردرێن بچنە نێو وردەکاری بینینی تابلۆکانەوە، پاشان لەبارەی ڕەنگ و شێوەو بابەت و جووڵە و سەرچاوە ڕاستەقینەکانی ئەم وێنانە لەگەڵ قوتابییەکاندا گفتوگۆ دەکات، ئەوەش بەمەبەستی ئەوەنییە، کە پێویست بکات قوتابییەکان کتومت وێنەکان وەک خۆیان بکێشنەوە، بەڵکو ئەوەی لێرەدا جێگەی بایەخبێت ئەوەیە، کە قوتابییەکان چۆن گوزارشت لە تاوگیری و خواستەکانیان بکەن لەڕێگەی وێنەکێشانەوە لەوەی دەبینن و هەستی پێدەکەن، وەک شێوەی (١-٣٦).



ستیل لایف شێوەی 36 -1

## سروشت

پێویستە ئەم وانەیە وێنەکێشانی زیندەوەر و مرۆڤ و درەختەکان لەخۆبگرێت، لەهەمانکاتیشدا پێویست دەکات قوتابییەکان ببرێنە دەرەوەی پۆل، تا ئاژەڵ و باڵندەکان بە چاوی خۆیان ببینن، یان



تابلۆی هونەرمەندی کورد ئاکام ئیبراهیم – گارانی گوند شێوەی 1-37

سەردانی گوندێک بکەن، تا دیمەنی زیندووی ناو گوندەکە بەرجەستە بکەن و دیمەنە کاریگەرو گونجاوەکان وێنە بکێشنەوە، وەک شوانەکە لەگەڵ مەڕەکانە، یان جوتیارەکە زەوی دەکێڵێت، یان ژنەکە دانەوێڵە دەداتە مریشکەکان، یان کرێکارەکان خانووەکە دروست دەکەن. لێرەدا قوتابییەکان سەرنج و تێبینی خۆیان لەسەر سروشت بە گشتی دەردەخەن، شێوەکانیان، جووڵەکانیان، ڕەفتارە ڕاستەقینەکانیان لەکاتی کارکردندا، وەک شێوەکانی (١- ٣٧) و (١- ٣٨).



تابلۆی هونەرمەندی کورد ئاکام ئیبراهیم – کۆڵکێشان شێوەی 1-38

## سروشتی بێگیان (ستیل لایف) Still Life

سروشتی بێگیان، یان ستیل لایف شێوەیەکە لە شێوە نەجووڵاوەکان و چەقبەستووە، وەک گۆزە، پەرداخ، کوپە، میوە، مێز، کورسی، گوڵ... پێویستە مامۆستا ئەو پەیوەندییە شێوەییەی لەنێوان ئەم شێوانەدا هەیە بۆ قوتابییەکانی ڕوون بکاتەوە لە ڕووی شێوە، هێڵ، ڕەنگ، پێکهاتە، ڕووگە. هەروەها پەیوەندی ئەم شێوانە بە پاشینەی دیمەنەکە، یان دەوروبەری دیمەنەکەوە، وەک شێوەی (١- ٣٩).



چەند شێوەیەکی بێگیان    شێوەی 39 –1

ئەگەر دیمەنی چەند شووشەیەک بکێشرێن، ئەوا بێگومان لە ڕووی هێڵکاریی و شێوەوە جیاوازن، جا ئەم جیاوازییە لەڕووی قەبارە، یان درێژییەوە بێت، هەروەکچۆن بەکارهێنانی یەک ڕەنگ جیاوازە لەگەڵ بەکارهێنانی چەند ڕەنگێک. بۆ نموونە ئەم جیاوازییە بەڕوونی دەردەکەوێت کاتێک شووشەکە ئاوی تێدایە، یان شەربەت، چونکە ڕەنگی هەردووکیان لێکجیاوازن.

هەروەها سێبەرو ڕووناکیش کاردەکەنە سەر ڕەنگ و شێوەکانیان، ئەوە جگە لە جیاوازی لەڕووی دەرخستنی ڕووگەی هەریەک لە کەرەستەکان، وەک ڕووگەی دروستکراوێک لە شووشە جیاوازە لە گۆزەیەک، چونکە هەریەک لەو مادانە گۆڕانکاریان بە ڕووگەکەیاندا دێت بەپێی ئەو مادەیەی پێی دروستکراوەو پلەی ڕوونییەکەشی دەگۆڕدرێت.

## پلانی فێرکاری و فێرکاری کراوە

**ئامانج:** کاری گروپکاری، یان کاری بە کۆمەڵ

١. قوتابییەکان دابەشی گروپی (٤ بۆ ٦) کەسی دەکرێن.

٢. شمەکی پێویست ئامادە دەکرێت، وەک: کۆمپیوتەر، پۆستەری ڕوونکاری، تابلۆی جیهانی، تابلۆی قوتابییەکان، ئینتەرنێت، بۆیە، داتاشۆ.

٣. ئامادەکاری: قوتابییەکان لەڕێگەی ئەم پرسیارداناوە ئامادە دەکرێن:

- دیمەنی سروشت و دیمەنی ستیل لایف چییە؟
- جیاوازی بکە لەنێوان دیمەنێکی زیندوو جووڵاو، لەگەڵ دیمەنێکی بێگیان.

٤. قوتابییەکان بکە بە دوو بەشەوە:

یەکەم: وێنەی دیمەنی بێگیان کۆدەکەنەوەو دواتر وێنەی دەکێشن.

بەڵام دووەم: وێنەی دیمەنی زیندوو و جووڵاو کۆدەکەنەوەو دواتر وێنەی دەکێشن.

٥. هەریەکێک لەو دوو گروپە وێنەکانیان نمایش دەکەن و دواتر لەسەر کارەکان گفتوگۆ دەکەن لەسەر ئەو ئەنجامەی بەدەستیانهێناوەو زانیارییە ڕاستەکانیش لەسەر تەختە ڕەشەکە تۆماردەکرێن.

٦. مامۆستا سەرپەرشتی گفتوگۆکانی نێوان هەردوو گروپەکە دەکات و دواتر وەڵامە ڕاستەکان لەسەر تەختە ڕەشەکە دەنووسێتەوە.

٧. قوتابییەکان وێنەی هەندێک لەو تابلۆیانە دەکێشنەوە، کە گوزارشت لە وانەکە دەکات.

### سەرچاوەی فێرکاری

**کەرەستەو پێداویستی سەرەتایی:** بۆیەی ئاوی، کاخەزی وێنەکێشان، کارتۆن، کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، ڕۆژنامەی بەسەرچوو، کاخەزی لەزگە، قەڵەم ڕەساس، قەڵەمڕەنگ، فڵچەی ئاوی، ڕاستە.

**هۆکاری ڕوونکاری:** کۆمپیوتەر، داتاشۆ، چەندکارێکی گڵێنە، زەمبیلە، سەبەتە، گۆزە، گوڵدان، سازدانی گەشت بۆ ناو سروشت و پێشانگەکان، داوەتکردنی هونەرمەندێک.

## کردارەکی

**چالاکی یەکەم:** جێبەجێکردنی کارێکی سروشتی، یان زیندوو

قوتابییەکان چەند کارێکی هونەری ژینگەکەیان دەکێشنەوە، چونکە ژینگە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر قوتابی بەجێدەهێڵێت و سەرچاوەی سروشەو کاریگەری لەسەر دەروونی بەجێدەهێڵێت، جا ئەم کاریگەرییەش لەگەڵ گەشەکردنی تەمەن و تاقیکردنەوەو ئەزموونکردنی زۆری قوتابییەکاندا دەردەکەوێت.

ئەو کەرەستەو شمەکانەی بۆ جێبەجێکردنی ئەم چالاکییە پێویستن:

١. کاخەزی زبر (فبریانۆ، یان کانسون)، قەڵەم ڕەساس، قەڵەمڕەنگ، بۆیەی پاستیل، بۆیەی ڕۆنی.

٢. قوتابی تەماشای ئەو دیمەنەی دەوروبەری دەکات، کە مەبەستییەتی بیکێشێتەوە.

٣. قوتابی ئەو بابەتە هەڵدەبژێرێت، کە ئارەزووی کێشانی دەکات (چیرۆک، ڕووداوێکی مێژوویی...)

٤. قوتابی ئەو بابەتە بە قەڵەم ڕەساس لەسەر کاخەز دەکێشێت.

٥. قوتابی ئەو بابەتە بەو بۆیەی بەردەستی ڕەنگ دەکات، وەک شێوەی (١- ٤٠).



هەڵپەرکێی کوردی شێوەی 40 -1

٦. کۆپی کردنی کتومتی وێنەکان، پێویستی بە کارامەیی زۆر هەیە، بۆیە هەندێک لە قوتابییەکان هەوڵدەدەن وێنەی تابلۆ ئامادەکان بگوازنەوە، بۆیە پێویستە مامۆستا نموونەی زیندوو بۆ قوتابییەکان لە پۆلدا دابین بکات، دواتر واز لە قوتابییەکان بهێنێت خۆیان جیاوازی و تێبینی و سەرنجی کارەکان بدەن، لە کۆتاییشدا خۆیان کەرەستەی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی کارەکە هەڵدەبژێرن بۆ گوزارشتکردن لە بابەتەکە.

**چالاکی دووەم:** جێبەجێکردنی کارێکی هونەری ستیل لایف بە سروش وەرگرتن لە ژینگە

قوتابییەکان وێنەی چەند بابەتێک دەکێشن، وەک: کۆمەڵە زەمبیلێک، کۆمەڵێک قاپی گڵێنەیی، گوڵ، میوە، گوڵدان...

ئەو کەرەستەو شمەکانەی بۆ جێبەجێکردنی ئەم چالاکییە پێویستن:

١. کاخەزی زبر (فبریانۆ، یان کانسون)، قەڵەم ڕەساس، قەڵەمڕەنگ، بۆیەی پاستیل، بۆیەی ڕۆنی.



دیمەنێکی بێگیان شێوەی 41-1

٢. هەڵبژاردنی کۆمەڵێک شت پێکەوە.

٣. کەرەستە گرنگەکە لە ناوەڕاستی شتەکانی تردا دابنێ.

٤. پێویست ناکات هەمووجارێک مامۆستا شتەکان ڕێکبخات، بەڵکو بوار بۆ قوتابییەکان برەخسێنە، تا بەدڵی خۆیان کەرەستەکان ڕێک بەخەن.



دیمەنێکی بێگیان شێوەی 42-1

٥. هەڵبژاردنی گۆشەی دەستپێکردن، پێویستە ڕەچاوی دووری و نزیکی و گەورەکردن و گچکەکردنەوە ببن، چونکە هەر ناهاوسەنگییەک دەبێتە تێکچوونی شێوە ڕاستەقینەکە.

٦. ڕێگە مەدە فرە ڕووناکی لە پۆلدا هەبێت، بەڵکو پێویستە، تەنها یەک سەرچاوەی ڕووناکی هەبێت، تا وردەکاری کارەکە دەربکەوێت، وەک شێوەی (١- ٤١).

٧. کاتێک کەرەستەکان دادەنرێت ڕەچاوی هاوسەنگی بکرێت، شتەکانی پێشەوە لەگەڵ دواوە، سەرەوە لەگەڵ ژێرەوە، ئەوە جگە لەو قوماشەی لە پاشینەی کارەکەدا دادەنرێت، پێویستە ڕەنگەکەی شیاوبێت لەگەڵ کەرەستەکاندا، وەک شێوەی (١- ٤٢).

## هەڵسەنگاندن

**ئامانجی هەڵسەنگاندن:** بەخۆداچوونەوە.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی نرخاندن.

**ئەنجامی فێرکاری:** ئەنجامدانی کارێکی هونەری بە سروش وەرگرتن لە ستیل لایف و سروشت.

## ئامرازی هەڵسەنگاندنی پێشنیارکراو

خشتەی نرخاندن بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی کاری هونەری خۆیی

| ژ | ڕەفتار، یان تایبەتمەندی | نرخاندن | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گۆشەیەکی گونجاوم بۆ وێنەکێشان هەڵبژارد. | ١ | ٢ | ٣ | ٤ |
| ٢ | فڵچەکانم بەشێوەیەکی دروست بەکارهێنا. | ١ | ٢ | ٣ | ٤ |
| ٣ | بناخەی کارەکەم بە جوانی و بە باشی هەڵچنی. | ١ | ٢ | ٣ | ٤ |
| ٤ | ڕەچاوی ڕەنگەکانم کردو لە گەڵ کارەکەدا گونجاندم. | ١ | ٢ | ٣ | ٤ |
| ٥ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی کارەکەم کردووە. | ١ | ٢ | ٣ | ٤ |
| ٦ | کارەکەم لە کارەکانی هاوڕێکانم جیاوازترە. | ١ | ٢ | ٣ | ٤ |
| ٧ | کارەکەم لە کاتی دیاریکراودا ئەنجامدا. | ١ | ٢ | ٣ | ٤ |

### لێکبەستن و پێکگرتن

- پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەت، تەوەری یەکەم، دەربڕینخوازی.
- پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەت، تەوەری یەکەم، وانەی سێیەم، بابەت: نیگارکێشان لەناو سروشتدا.

## چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەکردن

**چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن:**

قوتابییەکان بۆ وێنەکێشان ڕەنگی گەرم و سارد بۆ پاشینەی (باکگراوند) کارەکە بە بۆیەی ئاوی بەکاردەهێنن، بەمەبەستی دەرخستنی شێوەی زیندوو، یان بێگیان، وەک شێوەکانی (١- ٤٣) و (١- ٤٤).



مام ڕێوی – کاری قوتابی  شێوەی 1-43



وەرزی پاییز – خەزان – کاری قوتابی  شێوەی 1-44

## چالاکی بەمەبەستی چارەکردن:

بۆئەوەی قوتابییەکان دیمەنێکی زیندوو بکێشنەوە لە پەنجەرەی پۆلەکەوە، یان لەدەرەوەی پۆلەکەدا ئەو دیمەنە هەڵدەبژێرن، کە پێی سەرسامن، یان ئەو دیمەنە دیاریدەکەن، کە ئارەزووی دەکەن لە ڕێگەی پارچە کاخەزێکی براوەی شێوە چوارگۆشەوە، کە هاوشێوەی زوومی کامێرایەو دەیهێنێتە پێش و دەیباتە دواوە، کە پێی دەگوترێت ‹پەنجەرەی نیگارکێشان›، وەک شێوەی (١- ٤٥)، دوای سێرەگرتن دەستدەکات بە وێنەکێشانی دیمەنە دیاریکراوەکەو دواتر پانتاییە بەتاڵەکە بە ڕەنگ پڕدەکاتەوە.



پەنجەرەی نیگارکێشان  شێوەی 1-45

بۆ وەرگرتنی وێنەی ڕوونکاری زۆرتر سەردانی ئەم پێگە ئەلەکترۆنییە بکە:
https://www.pinterest.com/pin/210754457535654425/?lp=true

## ئیدمۆند ئارسەر Edmund Arthur Harvey

نیگارکێشـی جیهـانی «ئیدمۆنـد ئارسـەر هـارڤی» لە سـاڵی (١٩٠٧) لە شـاری نیوکاسـڵی بەریتانیا لەدایکبووە. لە سـاڵی (١٩٠٩) لەگەڵ خێزانەکەی بەرەو ئوسـتورالْیا کـۆچ دەکەن و لە نێوان بەریتانیـاو ئوسـتوڕالیادا خوێنـدن تەواو دەکات. بە یەکێک لە نیگارکێشـە بەناوبانگەکانی جیهان ئەژماردەکرێت و خاوەنی چەندین تابلۆی ناوازەی ستیل لایف و سروشتە. لە ساڵی (١٩٩٤) کۆچی دوایی کردووە.













چەند کارێکی هونەری ‹ستیل لایف›ی هونەرمەندی کورد «**ئامانج ئەمین**»











## جەوهەر محەمەد



هونەرمەندی کورد «جەوهەر محەمەد» لەساڵی (١٩٥٨) لە شاری هەولێر لەدایکبووە. لە ساڵی (١٩٧٦)ـەوە لە بواری نیگارکێشاندا کار دەکات و خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و ئەزموونێکی دەوڵەمەندی هەیە لە کێشانەوەی دیمەنە سروشتییەکانی کوردستاندا. چەندین پێشانگەی شێوەکاری کردۆتەوە.













# تەوەری سێیەم



# نەخشەسازی Design

ئەم تەوەرە باس لە بەهاکانی نەخشەسازی دەکات (یەکیەتی، هاوسەنگی، گونجاندن)، کە ئەوانەش دەتوانرێت لە کاری هونەریدا بەکاربهێنرێن، جا ئەو بەکارهێنانە بە تاک بێت، یان بە کۆمەڵ دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت، تا یەکەیەکی جوانی ئیستاتیکی لە کارێکی هونەری یەکگرتوودا بخاتە ڕوو.

لێرەدا دیاریکردنی ئەم بەهایانە دەتوانێت تونودوتۆڵی بە کارە هونەرییەکە ببەخشێت و دواتر وەک کارێکی هونەری جوان بیناسێنێت.ئیدی دەتوانرێت گفتوگۆ لەسەر چەند بابەتێکی نەخشەسازی ئەندازەیی و گیایی و ئاژەڵی و نووسین بکرێت و کارو جوانکارییەکانیان بخرێنە ڕوو.

ئیدی گرنگی ئەم تەوەرە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە قوتابییەکان دەتوانن لە نەخشەسازی تێبگەن لەڕێگەی ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری لەڕێگەی کردارەکییەوە، کە ئەم چالاکییەش گونجاوبێت لەگەڵ ئاست و تواناو تەمەنی قوتابییەکاندا، کە ئەم چالاکیانەش دەتوانێت ئاستی کارامەیی و گەشەی لەشەکی و ئەقڵی قوتابییەکان بەرێتە پێش و لە چەقبەستوویی و گیرخواردن ڕزگاریان بکات، دواتر دەتوانن ئاستی خەیاڵبازی و بەخۆزانیان بزانن و لە تواناکانی خۆیان تێبگەن.

### پێشبینی دەکرێت لەڕێگەی ئەم تەوەرەوە قوتابییەکان بتوانن:

١. لە بەهاکانی نەخشەسازی تێبگەن (یەکیەتی، هاوسەنگی، گونجاندن).
٢. توانای زیادکردنی بەهاکانی نەخشەسازی بۆسەر کارە هونەرییەکە لە ڕێگەی شێوازی جۆراوجۆرەوە، وەک: چاپگەری، دەسماڵ کاخەزی، چنین، یان هەرشتێک گونجاوبێت بۆ قوتابییەکان.
٣. زیادکردنی نەخشەسازی ئەندازەیی و گیایی و ئاژەڵی و نووسین بۆسەر نەخشەسازییە جۆراوجۆرەکان.
٤. شانازیکردن بە کەلتورو فەرهەنگی کوردییەوە.
٥. نرخاندنی بە هونەری و جوانییەکان، کە لە نەخشەسازییە هونەرییەکەدا خۆی دەبینێتەوە.

# وانەی یەکەم

تەوەر: نەخشەسازی.

بابەت: بەهای نەخشەسازی.

کاتی دیاریکراو: ٤ بەشەوانە.

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

بەهای نەخشەسازی دەزانێت (یەکیەتی، هاوسەنگی، گونجاندن).

### سوودە کارامەییەکان

لەڕێگەی بەرهەمهێنانی نەخشەسازییەوە بەهای نەخشەسازی دەزانێت (یەکیەتی، هاوسەنگی، گونجاندن).

### سوودە ویژدانییەکان

نرخاندنی بەها هونەرییە بینراوەکان لە کاری نەخشەسازیدا.

## ڕاهێزان و توانستە پیشەکییەکان

- لەڕێگەی ئەزموون و توانستەکانی ڕابردووی، قوتابی لەم قۆناخەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە:

١. پێکهاتەکانی نەخشەسازی کامانەن؟

٢. چۆن دەتوانین بگەینە کارێکی هونەری ئاست بەرز، کە لە ڕوانگەی جوانی و پیشەییەوە پێگەیشتبێت؟

## بڕگەی خۆئامادەکردن

تێگەیشتن و هەستپێکردنی پێکهاتەو بەهاکانی کاری هونەری لەلای قوتابیان، هاوکاریان دەکات، تا لەکاری کردارەکیاندا پلان بۆ کارە هونەرییەکانیان دابنێن و چالاکییەکەیان بۆ ئاسان ببێت.

لێرەدا کاتێک قوتابیان مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی کاری هونەریدا دەکەن، پێویستە ئەو ئامانجانە دیارییکەن، کە دەیان گەیەنێتە ئەوەی بەهای هونەری کارەکە بەرز بکەنەوەو دواتر ئامانجە پلان بۆ داڕێژراوەکە

بهێنەدی. جا لێرەدا مامەڵەکردنی باش لەگەڵ ئەم پێکهاتانەدا قوتابی دەتوانێت بگاتە کارێکی هونەری ئاست بەرز، کە بەهای جوانی کارەکە بەرز بکاتەوە، هەروەکچۆن هاوکاریان دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی کارە نەخشەسازییەکانیان و گەشەپێدانیان و دواتر کاری هونەری هاوڕێکانی بەرز بنرخێنێت و بێ بەها تەماشان نەکات.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

١. مامۆستا هەندێک کاری هونەری دەخاتە بەرچاوی قوتابییەکان، کە لە نێوکارەکاندا ڕەچاوی بەهای نەخشەسازی کراوە (یەکیەتی، هاوسەنگی، گونجاندن). لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەم کارانە ببنە جێگەی تێڕامانی قوتابییەکان. شایانی باسە، ژینگەی دەوروبەرمان زۆرێکیان لەسەر بنەمای بەهای نەخشەسازی



دیمەنێکی سروشتی لەکاتی وێنەگرتندا ڕەچاوی یەکیەتی و هاوسەنگی و گونجاندن کراوە شێوەی 1 -2

دامەزراون (یەکیەتی، هاوسەنگی، گونجاندن)، هەروەک لە شێوەی (١- ٢)دا دەبینرێت.

٢. مامۆستا لەڕێگەی داتاشۆوە هەندێک وێنەو کاری هونەری هونەرمەندان بۆ قوتابییەکان نمایش دەکات، بەمەبەستی باشتر تێگەیشتن لە بەهای نەخشەسازی (یەکیەتی، هاوسەنگی، گونجاندن).

## یەکیەتی

مەبەست لە یەکیەتی، هاوکاریکردن و پێگەیشتنی پێکهاتەی کاری هونەرییە، وەک یەکەیەکی یەکگرتووی توندوتۆڵ ، چونکە پێویستە هەر بەشێک لە کارە هونەرییەکە شوێنی گونجاو بێت بۆ تەواوی پێکهاتە هونەرییەکە. لێرەدا تەواوی کارە هونەرییەکە، وەک یەکەیەکی تەواوکاری دێتە بەرچاو، جا لە ڕووی، ڕەنگ، یان هێڵ، یان ڕووگەییەوەبێت.

ئیدی ئەم پێکهاتانەش هەموو پێکەوە کارلێکدەکەن و دواتر کاریگەری لەسەر هەستی



هەموو تابلۆکان پێکەوە یەکیەتییەکی هونەریان پێکهێناوە شێوەی 3 -2

بینەر لەڕێگەی یەکەی کاری هونەرییەوە بەجێدەهێڵن. شایانی باسە، بۆ بەدەستهێنانی یەکییەتی لە کاری هونەریدا، پێویستە پلان دابڕێژرێت، کە چی دەکەیت؟ چۆن دەکەیت؟ لەکوێی دادەنێیت؟ هەموو ئەوانەش پێویستی بە بیرکردنەوەی پێشوەخت هەیە، تا تەواوی پێکهاتەکان لەبەر



هەموو شێوەکان پێکەوە یەکیەتیان پێکهێناوە- یەکیەتی بیرۆکە شێوەی 2 -2

چاودا، وەک یەکەیەکی یەکگرتووی تۆکمە لە چوارچێوەی تابلۆیەکی هونەریدا دەربکەون، وەک شێوەی (٢- ٢) و (٣- ٢).

## هاوسەنگی

مەبەست لە هاوسەنگی، ئەو دۆخەیە، کە هێزە دژبەیەکەکان لە بەرانبەر یەکدا یەکسان دەبن. کەواتە هاوسەنگی ئەو هەستەیە، کە لە ناخی مرۆڤەکاندا، وەک دیاردەیەکی سروشتی گەشە دەکات، وەک جەستەیەکی ڕێک و هاوسەنگ بەرەو سەرەوە لە زەوی جیابۆتەوە، مرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی و دڵخۆشی دەکات. هەروەها دیاردەی هاوسەنگی لە سروشتدا



تەوەری هاوسەنگی لێکچوو – دوولا یەکسان   شێوەی 4 -2

دەردەکەوێت لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی نێو ژینگەدا، کە پێی دەڵێن ‹هاوسەنگی ژینگەیی›. هەروەها هاوسەنگی جووڵەی ڕۆژ و مانگ و زەوی و ئەو ماوەیەی لەنێوانیانەدایە بە هاوسەنگی دەمێنێتەوە. لە ڕێگەی ئەم شێوانەوە دەتوانرێت جۆری هاوسەنگی ڕوونتربێتەوە، وەک: شێوەکانی (٤ – ٢) و (٥– ٢) و (٦– ٢) و (٧– ٢) و (٨– ٢).



دوو شێوەی هاوسەنگی لێکنەچوو   شێوەی 5 -2



شێوەی هاوسەنگی لێکچووی تیشکی        شێوەی  2– 6



دوو تەوەری هاوسەنگی لێکنەچوو        شێوەی  2– 7



تابلۆیەکی شێوە هاوسەنگی ڕووتەڵەك   شێوەی 8 –2

## گونجاندن

مەبەست لە گونجان، ڕێکوپێکی و سازان و پەیوەندیگرتنە بە پێکهاتەی نێو کارە هونەرییەکەوە، لە ئەنجامیشدا ڕێکخستنێکی دیاریکراو بۆ پێکهاتە هونەرییەکە لە کارە هونەرییەکەدا دەردەکەوێت، کە لە ئەنجامی تەواوی پرۆسەکەدا مرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی دەکات و لە دیدێکی قووڵەوە لە ئاستی جوانکارییەکەی دەڕوانێت، وەک شێوەکانی (٩- ٢) و (١٠- ٢) و (١١- ٢) و (١٢- ٢).



گونجاندن لە ڕەنگەکانی هونەرمەندی جیهانی ڤانکوخدا   شێوەی 9 –2



گونجاندن لە نێوان ڕەنگ و شێوەدا    شێوەی 10 –2



گونجاندن لە نێو پێکهاتەی کارێکی فۆتۆگرافیدا    شێوەی 11 –2



گونجاندن لە نێو شمەك و کەرەستەی نێوماڵدا    شێوەی 12 –2

## پلانی فێرکاری

**ئامانج:** کاری گرووپکاری، یان کاری بە کۆمەڵ

مامۆستای بەڕێز، دەتوانێت ئەم وانەیە جێبەجێ بکات لەڕێگەی ئەنجامدانی گوتنەوەی وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ و فێرکردنی بەکۆمەڵ، یان فێرکردن بە هەرەوەزی بەم شێوەیە:

١. مامۆستا ناونیشانی وانەکە لەسەر تەختە ڕەشەکە دەنووسێت.

٢. مامۆستا خۆی ئامادە دەکات لەڕێگەی ئاڕاستەکردنی ئەم پرسیارانە:

- کاری هونەری لەسەر چەند بەهایەکی هونەری ئەنجام دەدرێت، ئەم بەهایانە چین؟
- چۆن بەها کاردەکاتە سەر کاری هونەری نەخشەسازی؟

دەتوانرێت لەڕێگەی وەلامەکانەوە بەهای کاری هونەری (یەکیەتی، هاوسەنگی، گونجاندن) کورتبکرێنەوە و لەسەر تەختە ڕەشەکە بنووسرێن و دواتر لەگەڵ قوتابییەکاندا گفتوگۆ بکرێت.

٣. پێشوەختە مامۆستا هەندێک کاری هونەری ئامادە دەکات، کە کارەکان بەهای هونەرییان تێدا ڕەچاوکراوە (یەکیەتی، هاوسەنگی، گونجاندن).

٤. قوتابییەکان بکرێنە گرووپی (٤ بۆ ٦) کەسی و بۆ هەر گرووپێکیش سەرپەرشتیارێک هەبێت، دواتر ناو لە گرووپەکان دەنرێت بەپێی بەهاکان، وەک:

**گرووپی یەکەم:** چەمکی یەکیەتی.

**گرووپی دووەم:** چەمکی هاوسەنگی.

**گرووپی سێیەم:** چەمکی گونجاندن.

٥. هەریەکێک لە گرووپەکان ئیش لەسەر کارێکی هونەری دەکات، لە چەمکی کارەکە تێدەگات و تێبینی و سەرنجەکانیان دەنووسنەوە.

٦. تێبینی هەریەک لە گرووپەکان لەسەر کاخەزێکی سپی دەنووسرێتەوەو لە تەختە ڕەشەکە دەدرێت و مامۆستاش گفتوگۆی تێبینی و سەرنجەکان، لەگەڵ گرووپەکان دەکات.

## ئامانجی وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ، پرسیارو وەڵام

١. مامۆستا دەتوانێت بە گەشتێک قوتابییەکان بەرێتە ناو باخچەی قوتابخانە، تا خەیاڵبکەن لەوشتانەی لەنێو باخچەکەدا هەن لە گوڵ و گژوگیاو درەخت، دواتر لەبارەی سێ بەهاکەی نەخشەسازییەوە (یەکیەتی، هاوسەنگی، گونجاندن) گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، ئنجا ئەم پرسیارانەیان ئاڕاستە بکات:

- لە کوێی باخچەکەدا هاوسەنگی دەبینین؟
- لەکوێی باخچەکەدا گونجاندن دەبینین؟
- لەکوێی باخچەکەدا یەکیەتی دەبینین؟

٢. لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە قوتابییەکان سێ بەهاکەیان بۆ ڕووندەبێتەوەو لەهەمانکاتیشدا نرخاندیان بۆ کاری هونەری زۆردەبێت.

- چۆن یەکیەتی لە نێو باخچەی قوتابخانەکەدا بەدەستدێت؟

٣. بۆ نموونە، قوتابییەکان لە چەمکی یەکیەتی باخچەکە تێدەگەن، کە باخچەکە پێکهاتەی گیایی تێدایە، جا لەبەر ئەوە هەرشتێک لەنێو باخچەکەدا گوزارشت لە شتێک دەکات، وەک گوڵ، گژوگیا، درەخت، چیمەن...

- چۆن گونجاندن لەنێو باخچەی قوتابخانەکەدا بەدەستدێت؟

٤. لێرەدا پێکهاتەی گونجاندن لەڕێگەی ڕەنگەکان، یان لەڕێگەی هێڵ و ڕووگەی شتەکانەوە بەدەستدێت.

٥. قوتابییەکان لە بەهای نەخشەسازی تێدەگەن لەڕێگەی پێکهاتەی نێو باخچەکەوە. هەروەها ئەو پرسیارانەشی، کە لەڕابردوودا لێیان کراوە.

## سەرچاوەی فێرکاری

**کەرەستەو پێداویستی سەرەتایی:** دەفتەری وێنەکێشان بە قەبارەی جیاوازو کاخەزی جیاواز، قەڵەم ڕەساس، بۆیەی ئاوی، فڵچەی قەبارە جیاواز، مقەست، کەتەر، ڕاستە، کەتیرەی وشک (ستیک).

**هۆکاری ڕوونکاری:** تابلۆی هونەری هونەرمەندان، کە لەمەوپێش ئامادەکاری بۆکراوە، چەند نموونەیەکی سروشت، کۆمپیوتەر، داتاشۆ.

## چالاکی کردارەکی

**چالاکی یەکەم:** بەرهەمهێنانی چەند کارێکی نەخشەسازی لەڕێگەی چاپگەری جۆراوجۆرەوە.

لەم چالاکییەدا مامۆستا نەرمونیانی پیشان دەدات، تا بابەتێکی گونجاو هەڵبژێرن بۆ جێبەجێکردنی لە وانەکەدا. هەروەها ئازادی تەواو بە قوتابییەکان ببەخشرێت، تا لە چوارچێوەی وانەکەدا بە ئازادی و بێ سڵەمینەوە بتوانن گوزارشت لە ناخی خۆیان بکەن و ئەو بابەتە ڕازاندنەوەو نەخشانە هەڵبژێرن، کە بەلایانەوە پەسەندە و دواتر لە ڕێگەی گەڵای دارەوە، یان پەتاتەی کوڵدراوەوە، یان هەر کەرەستەیەکی تر بتوانن بە هاوسەنگی کاری چاپگەری پێ ئەنجام بدەن.

لێرەدا قوتابی دەتوانێت گەڵاکان چەندجار و بە ڕەنگی لێکچوو، یان جیاواز دووبارە لەسەر یەک کاغەز چاپ بکات، جا لەوانەیە چاپکردنەوە هەڕەمەکی، یان ڕێک بێت، ئەوەش پەیوەندی بە ویستی قوتابییەکەوە هەیە.

ئەم کارەش لەڕێگەی ئەم هەنگاوانەوە ئەنجام دەدرێن:

١. ئامادەکردنی گەڵای دار بە قەبارەی جیاواز، یان لێکچوو.

٢. ئامادەکردنی بۆیەی ئاوی، وەک گواش، یان ئەکریلیک.

٣. سەرەتا ڕووی گەڵاکە لە بۆیە بدەو دواتر بە فشار بیکێشە بە کاغەزەکەدا.

٤. لە سەر دەفتەری وێنەکێشانەکە چاپکردنەکە ئەنجام بدە. شێوەی (١٣- ٢).



چاپکردن لەڕێگەی گەڵاوە شێوەی 2– 13

## کەرەستەو شمەکی بەکارهاتوو:

١. گەڵای جۆراوجۆر، وەک: گەڵای هەنجیر، مێو، ژاڵە، گوڵەباخ،... سەلکە پەتاتە...
٢. دەفتەری وێنەکێشان، یان کاخەزی فرە قەبارە.
٣. بۆیەی ئاوی (گواش، یان ئەکریلیک).
٤. کەتەر، بەکاردەهێنرێت بۆ کۆڵینی پەتاتەکە، بەمەبەستی دروستکردنی مۆر.

**- بۆ زانیاری زۆرتر بروانە پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەت، تەوەری دووەم، وانەی چوارەم، چالاکی یەکەم و دووەم.**

**چالاکی دووەم:** چنینی کاخەز لەڕێگەی کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ.

مەبەست لەو چالاکییە، چنینی کاخەزی ڕەنگاوڕەنگی بڕاوەیە بە شێوەیەکی ڕووتەختی یەک لەدوای یەکی تێکهەڵکێشراوی یەکتر بڕ، بەڵام بەومەرجەی ڕەچاوی بەهای ڕەنگی کارەکە بکرێت و ئاڵۆز نەبێت.

لەڕێگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە کارەکە ئەنجام دەدرێت:

١. ئامادەکردنی کاخەزی ڕەنگ سوور، یان هەر ڕەنگێک بەشیاو دەزانرێت، لاکێشەیی، یان چوارگۆشەیی بێت و چوارچێوەی بۆ دیاری بکە.
٢. بە ڕاستە ماوەی نێوانیان بە یەکسانی دیاری بکەو دواتر بە مقەست بیبڕە.



چنینی کاخەز لەڕێگەی کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ شێوەی 14-2

٣. کاخەزێکی ڕەنگ جیاواز بەهەمان شێوە نیشانە دەکرێت و دواتر دەبڕدرێت.
٤. دواتر کاخەزەکان بەشێوەی چنین بۆ سەروخوار، ڕاست و چەپ تێک دەئاڵێنرێن، هاوشێوەی تەون مامەڵە لەگەڵ کاخەزە بڕاوەکاندا دەکرێت.
٥. دواتر کاخەزە دەرچووەکان ببڕەو شێوەکە خشت بکە.
٦. لە کۆتاییدا پارچە کاخەزێکی چنراوی پوختت چنگ دەکەوێت، وەک شێوەی (١٤- ٢).

## ئامانجی فێرکردن و فێرکردنی کراوە

**ئامانجی هەڵسەنگاندن:** تێبینیکردن.

**ئامراز:** خشتەی سڕینەوە.

مامۆستا تێبینی ئاستی جێبەجێکردنی قوتابییەکان لەکاتی چالاکییەکەدا دەکات.

خشتەی چاودێری پێشنیارکراو بۆ ڕاهێزانی ئاستی کارامەیی قوتابییەکان.

| ژ | ڕەفتارو تایبەتمەندی | نرخاندن | |
|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر |
| ١ | کەرەستەو پێداویستی تەواوی بۆ کارکە ئامادەکردووە. | | |
| ٢ | لە کارەکەدا ڕەچاوی (یەکیەتی، هاوسەنگی، گونجاندن) کردووە. | | |
| ٣ | گەڵاکەی بە فڵچە ڕەنگ کردووە. | | |
| ٤ | فڵچەو بۆیەکەی بەشێوەیەکی دروست لە پرۆسەکەدا بەکارهێناوە. | | |
| ٥ | شێوەو هێڵەکانی بە جۆراوجۆری داناوە. | | |
| ٦ | لە گەڵ هاوڕێکانیدا لە کاتی کاردا لە پەیوەندی و گفتوگۆکردندایە. | | |
| ٧ | ڕەچاوی یاسای پاکوخاوێنی و پوختی و ڕێکخستنیان کردووە. | | |

### لێکبەستن و پێکگرتن

پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەت، تەوەری حەوتەم، شێوازو ڕێگاکانی ڕەنگکردن و چاپکردنی ساکار.

**چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن:** چەند شێوەیەکی ئەندازەیی جیاواز وێنەبکێشە، کە سەرجەم هاوسەنگییەکان ڕوونبکاتەوە، وەک: هاوسەنگی دوولایەکسانی لێکچوو، هاوسەنگی لێکنەچوو، هاوسەنگی لێکچووی تیشکی، هاوسەنگی ڕووتەڵەکی.

**چالاکی بەمەبەستی چارەکردن:** قوتابییەکان چەند وێنەیەک کۆدەکەنەوە، کە سێ بەهاکە لەخۆبگرێت (یەکیەتی، هاوسەنگی، گونجاندن)، دواتر بۆ قوتابییەکان نمایشبکرێن و لەگەڵیاندا گفتوگۆ بکرێت، ئنجا لە پۆلەکەدا هەڵبواسرێن.

## وانەی دووەم

تەوەر: نەخشەسازی.

بابەت: زیادکردنی نەخشەسازی ڕازاندنەوە.

وانە: پێکهاتەکانی ڕازاندنەوە.

کاتی وانە: ٣ بەشەوانە.

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

قوتابی پێکهاتەکانی ڕازاندنەوەی ئەندازەیی و نائەندازەیی (نووسین، گیایی، ئاژەڵی) دەزانێت.

### سوودە کارامەییەکان:

کۆمەڵێک نەخشەسازی بەرهەمدەهێنێت، کە پێکهاتەی ڕازاندنەوەی ئەندازەیی و نا ئەندازەیی (نووسین، گیایی، ئاژەڵی) لە ڕێگەی چاپگەرییەوە بۆ نەخشەسازییەکە زیاد دەکات.

### سوودە ویژدانییەکان:

شانازی بە کەلتورو فەرهەنگی کوردییەوە دەکات.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

دوای ئەوەی قوتابییەکان لە ڕێگەی سەردانیکردنیانەوە بۆ ناوچە مێژوویی و کەلتوری و دێرینەکان تێدەگەن، کە هونەری نەخشەسازی ڕازاندنەوە لە کوردستاندا چەند دێرینە. بۆنموونە سەردانی قەڵای هەولێر، قەڵای شێروانە، ئاکرێ، ئامێدی، کۆیە، کفری، شوێنە میللییەکانی هەر شارێک لە کوردستان...، شتە چنراوو دروستکراوە کوردییەکان، وەک شێوەکانی (١٥- ٢) و (١٦-٢). پێشتر قوتابی ئەزموونی لەسەر هونەری نەخشەسازی و ڕازاندنەوە پەیداکردووە، بۆیە ئێستە پێویستە وردتر بچێتە نێو کارەکەوەو لە سەرنجدان و تێراماندا بە وریاییەوە مامەڵە بکات، چونکە ئیدی لێرەوە توانا کارامەیی و ئەزموونەکانی باشترو پوختەتر ڕێکدەخاتەوە، جا ئەوەش لەڕێگەی ئاڕاستەکردنی مامۆستاوە ڕوودەدات، چونکە ڕۆڵ و کاریگەری مامۆستا بەسەر قوتابییەکانەوە ڕوون و ئاشکرایەو ئەم پرسیارانەش لە قوتابییەکان دەکات:

١. ڕازاندنەوە چییە؟
٢. ڕازاندنەوە لەکوێ بەکاردەهێنرێت؟
٣. ڕۆڵی ڕازاندنەوە لە جوانترکردنی شتەکاندا چییە؟



نەخشی ڕازاوەی فەڕشی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات   شێوەی 15 –2



نەخشی ڕازاوەی سەر پەنجەرەی خانووەکانی ئاکرێ   شێوەی 16 –2

## بڕگەی خۆئامادەکردن

هونەری ڕازاندنەوە بە یەکێک لە بنەما جوانکارییەکانی کاری هونەری دادەنرێت، بەتایبەت لە هونەری کوردیدا، چونکە وەستای کارامەی دەسترەنگینی کورد بە نیرو میوە توانیویانە ئەم هونەرە بەمەبەستی جوانکردن و ڕازاندنەوە بەکاربهێنن، جا ئەم ڕازاندنەوانە لە کاری تەلارسازی، ڕستن و چنین، نیگارکێشان، نووسین، کاردەستی تردا بەکاریهێناوەو شێوەو بابەتی جۆراوجۆری پێ نەخشاندووە.

هونەرمەندی کورد هەوڵیداوە بابەتە میللی و خۆجێییەکان لە کارەکانیدا ڕەنگپێبداتەوەو چارەی ئەو شێوانەش بکات و داهێنانیان تێدا بکات و بیگونجێنێت لەگەڵ ئەو ڕووگەو ڕووەی، کە شیاوە بۆ کارکردن.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش


ڕازاندنەوەی ئەندازەیی شێوەی 17 -2

مامۆستا کۆمەڵێک کاری نەخشەسازی ڕازاندنەوە بۆ قوتابییەکان نمایش دەکات، لە هەمانکاتیشدا پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکات، کە کارەکان ببنە جێگەی تێڕامانی قوتابییەکان و گوزارشت لە شتەکانی دەوروبەری بکات و ببێتە ڕێگە خۆشکەرێک بۆ ئاشنابوونی بە نەخشەکان. وەک شێوەی (١٧-٢).

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

### ١. ڕازاندنەوەی ئەندازەیی

بریتییە لەو شێوە ڕازاندنەوانەی، کە پشت بە یەکەی ئەندازەیی ڕێک دەبەستێت، وەک چوارگۆشە، لاکێشە، بازنە، شەشپاڵو، هەشپاڵو، ئەستێرە، شێوەی ئەندازەیی تێکئالاو، ئەم شێوانەش بۆ ڕازاندنەوەی تەلار و ڕستن و چنین و دارتاشی و مسگەری بەکارهێنراوە، زۆر جار شێوەکان تێکەڵ دەکرێت بابەتێکی یەکگرتوی هاوسەنگی تۆکمەی هونەری لێپێکدەهێنرێت. شێوەی (١٨- ٢).



ڕازاندنەوەی ئەندازەیی و نائەندازەیی شێوەی 18 -2

### ٢. ڕازاندنەوەی نائەندازەیی

بریتییە لەو ڕازاندنەوانەی، کە لە شێوەی نائەندازەیی پێکدێت، وەک نووسین، گیایی، ئاژەڵی، ئادەمی... جا ئەم ڕازاندنەوانە بۆ مەبەستی جوانکردنی ڕووگەی دەستنووس و وێنە ڕوونکارییەکان و فەرش و قوماش و گلێنەکاری (مۆزائیک) بەکارهێنراوە. شێوەی (١٩-٢).



نەخشی ڕازاوەی سەر گلێنە شێوەی 19 -2

**هەروەها بەشەکانی تری ڕازاندنەوەی نائەندازەیی پێکدێن لە:**

**أ. ڕازاندنەوەی گیایی:** بریتییە لەو ڕازاندنەوەیی بۆ مەبەستی جوانکاری ڕووگەی شتە بەردەستەکان بەکاردەهێنرێت و زیاتر شێوەی گوڵ، گیا، گەڵا، درەخت لەخۆدەگرێت، وەک شێوەی (٢٠- ٢).



ڕازاندنەوەی گیایی شێوەی 20 -2

**ب. ڕازاندنەوەی ئاژەڵی:** لەم جۆرە ڕازاندنەوەیەدا زیاتر پشت بە شێوەی ئاژەڵی دەبەسترێت، جا ئەم ئاژەڵانە باڵندەبن، یان ئاسک، یان ئەسپ، یان ئاژەڵی ئەفسانەیی، وەک سیمرخ، یان ئەژدیها...، وەک شێوەی (٢١- ٢).



ڕازاندنەوەی ئاژەڵی لەسەر فەرش شێوەی 21 -2

**ت. ڕازاندنەوەی ئادەمی:** لەم ڕازاندنەوەیەدا زیاتر مرۆڤ، وەک یەکەیەکی ڕازاندنەوەی سەرەکی بەکاردەهێنرێت. جا ئەم دیمەنانە گوزارشت لە ڕاووشکار، یان ئاهەنگ و بۆنەکان، یان بابەتێکی خۆشەویستی دەکات، وەک شێوەی (٢٢- ٢).


ڕازاندنەوەی ئادەمی لەسەر فەرش شێوەی 22 -2

**پ. ڕازاندنەوەی نووسین:** ئەمجۆرەشیان نووسین وەک یەکەیەکی ڕازاندنەوەی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و هێزی کاری جوانکاری پێدەبخشرێت. لێرەدا هونەرمەندی خۆشنووس بە شێوەیەکی ناسک و هەستیارو وردو پوخت ڕەفتار لەگەڵ پیتەکاندا دەکات و هێزی جوانکاریان پێدەبەخشێت. جا ئەم نووسینانە لەسەر کاغەز، یان گلێنە، یان شووشە، یان مۆزائیک بن، گرنگ ئەوەیە توانای جوانکاری خۆی ببەخشێت بە شتەکان، وەک شێوەی (٢٣- ٢).


تابلۆی هونەرمەند و نەخشەسازی کورد ئەرکان مەجید شێوەی 23 -2

شایانی باسە، هونەرمەندو خۆشنووسی کورد هەمیشە هەوڵیداوە لەڕێگەی نووسینەکانییەوە هێزی جوانکاری بەشتەکان ببەخشێت، جا ئەو جوانکارییە لەسەر کاخەز، یان وێنە، یان تابلۆ، یان فەرش، یان هەرشتێک خۆی مەبەستی بووبێت. هەروەک دەزانرێت لە ڕابردوودا چاپەمەنی نەبووە، هەرلەبەر ئەوەش مرۆڤی کورد هەوڵیداوە دەستنووسەکان بە پەرەموچ، یان بەقەڵەم بەشێوەیەکی زۆرجوان و پوخت بنووسێتەوەو نوسخەی دیکەکەیان لەبەربگرێتەوە.



ڕۆژمێری بورجەکان دروستکراوی مەلاو زانای کورد حامید عەسکەری   شێوەی 24 -2

لێرەدا وەستای کارامەی دەسترەنگینی کورد لەو بوارەدا لایەنی جوانکاری فەرامۆش نەکردووەو هەوڵیداوە ئەو پەڕەیەی لەسەری دەنووسێتەوە بەشێوەیەکی زۆرجوان و پەخت ڕێکی بخات و جوانییەکەی دەربخات.



تابلۆیەکی خۆشنووسی کورد عەلی زەمان   شێوەی 25 -2

هەروەها هونەرمەندی کورد هەر بەوەندەوە ڕانەوەستاوەو نووسینی خستۆتە سەر کاری ڕستن و چنین و مۆزائیک و گڵێنەکاری و ڕازاندنەوەی بنمیچ و بنبان و سەردەرگاو سەرپەنجەرەکان. ئیدی بەوەش کارێکی جوانکاری مەزنی ئەنجامداوە، ڕاستە لەوانەیە لەڕابردوودا کارەکان ئەوەندە نەبووبن، بەڵام ویست و ئاوات و خەونی هونەرمەندی کورد وێڕای سادەیی ئەو کەرەستەو شمەکانەی لەبەردەستیدابوون، بەڵام توانیویەتی کارێکی جوانی دڵفرێن بەرهەم بهێنێت. شێوەی (٢٤- ٢) و (٢٥- ٢).

## فێرکردن لەڕێگەی گرووپکارییەوە

مامۆستای بەڕێز، دەتوانرێت ئەم وانەیە لەڕێگەی وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆو فێرکردن لەڕێگەی هەرەوەزیکردنەوە ئەنجام بدرێت.

سەرەتا مامۆستا ناونیشان و بەرئەنجامی وانەکە لەسەر تەختە ڕەشەکە دەنووسێت.

١. مامۆستا خۆی بۆ وانەکە ئامادە دەکات لەڕێگەی ئەم دوو پرسیارکردنەوە، بەم شێوەیە:

- جۆرەکانی ڕازاندنەوە چین؟ یان چەند جۆر ڕازاندنەوە هەیە؟
- جۆرەکانی نەخشاندنی کوردی کامانەن؟ (ڕازاندنەوەی نا ئەندازەیی، ڕازاندنەوەی ئەندازەیی و جۆری هێڵکارییەکانی خڕ، ڕاست، چەماوە، تێکئالاو، یەکتربڕ...).

لەڕێگەی دەستکەوتنی پرسیارەکانەوە دەتوانرێت کورتەیەک لە زانیاری پوختە لەبارەی هونەری ڕازاندنەوە دەستبکەوێت و مامۆستاش ئەم وەڵامانە لەسەر تەختەڕەشەکە تۆماری دەکات و دواتر لەگەڵ قوتابییەکاندا گفتوگۆی دەکات.

٢. مامۆستا کۆمەڵێک کاری فرەجۆری ڕازاندنەوە بۆ قوتابییەکان نمایش دەکات.

٣. قوتابییەکان دابەشی چەند گرووپێکی (٤ بۆ ٦) کەسی دەکات و هەر گرووپێکیش سەردارێکی دەبێت، هەریەک لە گرووپەکان بەناوی یەکێک لە پێکهاتەکانی ڕازاندنەوە دەنرێن، بەم شێوەیە:

**گرووپی یەکەم:** ڕازاندنەوەی ئەندازەیی.

**گرووپی دووەم:** ڕازاندنەوەی گیایی.

**گرووپی سێیەم:** ڕازاندنەوەی ئاژەڵی.

هەریەکێک لەم گرووپانە کۆمەڵێک وێنەی تایبەت بە ڕازاندنەوە کۆدەکاتەوەو گفتوگۆی لەسەر دەکات.

- هەریەکێک لە گرووپەکان وێنەی ڕازاوەی تایبەت بە گرووپەکەی کۆدەکاتەوەو تێبینی و سەرنجی خۆیان لەسەر دەنووسن.
- وەڵامەکان لەسەر کاخەز دەنووسرێن و دواتر بە تەختەڕەشەکەوە هەڵدەواسرێن و مامۆستاو قوتابییەکان پێکەوە گفتوگۆی لەسەر دەکەن.

## سەرچاوەی فێرکاری

**کەرەستەو پێداویستی سەرەتایی:** نەخشێکی ڕازاوەی ئامادە، کاخەزی ترێس، کـاخەزی سـپی، کەتەر، قەڵەم ڕەســاس، کـارتۆن، ڕۆڵە، کەتیـرەی وشـک، ئیسفنجێکی مەتاتی، فلچەی ڕۆڵ، بۆیە.

**هۆکــاری ڕوونکــاری:** مامۆســتا چەنـد کــارێکی هــونەری کۆڵــدراوی ئامـادەکردووە، لەگەڵ نمایشـکردنی چەنـد وێنەیەکـی ڕوونکـاری لەڕێـگەی داتاشۆوە.

## ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

**چـالاکی یەکەم:** سـازکردنی کـاری هـونەری چـاپگەری لەلایەن قوتابیـانەوە خۆشەویسـتەو پێویسـتە بۆ ئەم چالاکییە مامۆسـتا بە نەرمـی زانیارییەکـان بگەیەنێتە قوتابییەکان و مەبەستی کاریان بۆ ڕوونبکاتەوە. بـۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش پێویستە ئەم هەنگاوانە بگرنەبەر:

١. دانانی کاخەزە ترێسـەکە لەسـەر نەخشـە ڕازاوەکە و توندکردنی لەڕێگەی تێپەوە. وەک شێوەی (٢-٢٦).
٢. بەقەڵەم ڕەسـاس بەسـەر نەخشـەڕازاوەکەدا دەچیـنەوە، تـا دوو ڕوومـان پێبدات، وەک شێوەی (٢-٢٧).
٣. دەشـتوانرێت کـاخەزە ترێســەکە بخـرێتە سـەر ئیسـفنجێکی مەتـاتی و نەخشـــەکە لەبەری بگیـــرێتەوە لەگەی مۆنۆتـــاپیەوەو دواتـــر ئیســـفنجەکە بکۆڵدرێت، وەک شێوەی (٢- ٢٨).
٤. شـێوە کۆڵدراوەکە لێدەکرێتەوەو لە ڕێگەی کەتیرەی وشـکەوە لە ڕۆڵەکە قایم دەکرێت، وەک شێوەی (٢- ٢٩).
٥. لە کۆتاییدا ڕۆڵەکە (تیرۆک) لە بۆیە هەڵەکێشـرێت و دەتوانرێت تیشـێرت، یان کاخەز، یان کارتۆن، یان دیواری پێ بنەخشـێنرێت و برازێنرێتەوە، وەک شێوەی (٢- ٣٠).



شێوەی 2-26



شێوەی 2-27



شێوەی 2-28



شێوەی 2-29



شێوەی 2-30



ئەم شێوە چاپگەرییە بە یەکێک لە شێوە پەسەندەکان دادەنرێت لەلای قوتابی، چونکە ئەزموونێکی نوێ دەخاتە سەر خەرمانەی زانیارییەکانی و ڕاهێزانێکی نوێش دەبێت بۆ تەواوی کارە کردارەکییەکانی، کە تا ئێستە ئەنجامی دابێت.

**ماملۆستا دەتوانێت بۆ بیرهێنانەوە بگەڕێتەوە بۆ پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەت، تەوەری دووەم، وانەی چوارەم، وانەی نیگارکێشان بە یەکەی ڕازاندنەوە.**

## هەڵسەنگاندن

**ئامانجی هەڵسەنگاندن:** تێبینیکردن.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی سڕینەوە (دەفتەری تێبینیکردن).

مامۆستا تێبینی ئاستی جێبەجێکردن دەکات لەکاتی چالاکییەکانی پێشوودا.
خشتەی چاودێریکردنی پێشنیارکراو بەمەبەستی نرخاندنی ئاستی کارامەیی قوتابی لە چاپگەریدا

| ژ | ڕەفتار، یان تایبەتمەندی | نرخاندن | |
|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر |
| ١ | کەرەستەو پێداویستییەکان ئامادە دەکات. | | |
| ٢ | ڕازاندنەوەی گیایی بۆ کارەکە زیاد دەکات. | | |
| ٣ | ئەو شوێنانەی دیاریکردبوون بەباشی شێوەکانی بڕین و دەریهێنان. | | |
| ٤ | بۆیەو ئاوەکەی تێکەڵکردوو بە دروستی بەکاریهێنا. | | |
| ٥ | بۆیەو فڵچەکەی بە دروستی بەکارهێنا. | | |
| ٦ | لەگەڵ هاوڕێکانیدا پەیوەندی گرت و هاوکاری یەکتریان کرد. | | |
| ٧ | ڕەچاوی یاسای پاکوخاوێنی و پوختی و ڕێکخستنیان کرد. | | |

**چالاکی دووەم:** بەرهەمهێنانی نەخشەسازی ڕازاندنەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی پیتی کوردی.




شێوەی 31 -2

مامۆستا دەتوانێت هەندێک ناو، یان دەستەواژەی جیاواز بەکاربهێنێت، وەک کوردستان، کورد، وڵات، ئازادی...، وەک شێوەکانی (٣١- ٢) و (٣٢- ٢)، قوتابی دەتوانێت ئەم وشانە لەسەر کاخەزێک بنووسێت و یەکەیەکی ڕازاندنەوەی جوانی هونەریان لێپێکبهێنێت. دواتر هەمان ڕێچکەی چالاکی یەکەم بگرێتەبەرو نووسینەکە دەربهێنێت، بەوەش قوتابی فێری چاپگەری دەبێت.




شێوەی 32 – 2

## لێکبەستن و پێکگرتن

- پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەت، تەوەری پێنجەم، وانەی یەکەم، بابەتی نەخشەسازی.

## چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەکردن

**چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن:** قوتابییەکان هەندێک نەخشەسازی سادەو ساکار ئەنجامدەدەن و لە پۆلەکەدا نمایشی دەکەن، دواتر مامۆستاو قوتابییەکان پێکەوە گفتوگۆ لەسەر کارەکان دەکەن.

**چالاکی بەمەبەستی چارەکردن:** نەخشەکێشان لەڕێگەی بەکارهێنانی قەڵەمڕەنگ، یان فلۆماستەر، یان بۆیەی پاستیلی چەور، بەمەبەستی کێشانی پیتی کوردی و دواتر تێکەڵکردنی بە ڕازاندنەوەی ئەندازەیی ڕێکوپێک و پوخت.

## لانه ڕزگار



خانمه هونەرمەندی کورد «لانه ڕزگار» Lana Rzgar له ساڵی (١٩٩٤) له شاری قەڵادزێ لەدایکبووه. دەرچووی کۆلێژی هونەر، بەشی شێوەکاری، لقی گرافیک و نەخشەسازییه. تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووه لەبواری کۆڵین و ڕازاندنەوەدا Ornament. کار له هونەری ڕازاندنەوەدا دەکات و وەک یەکەیەکی کاری هونەری نەخشەسازی تێدا ئەنجام دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا له ڕێگەی هونەری چاپگەرییەوه نەخشه ڕازاوەکانی چاپ دەکات لەسەر کاغەز، قوماش، که ئەمەش بەیەکێک له جوانترین جۆرەکانی ڕازاندنەوه دادەنرێت، که لەسەر جلوبەرگ و شمەکی ڕازاندنەوه ئەنجام بدرێت.



## قادر ئاكیۆڵ

هونەرمەندی كورد «قادر ئاكیۆڵ» Kadir Akyol لە ساڵی (١٩٨٤) لە



شاری ‹ماردین›ی باكوری كوردستان لەدایكبووە. لە ساڵی (٢٠٠٨) كۆلێژی هونەرەجوانەكانی لە زانكۆی ‹مێرسین› تەواوكردووە. لە ساڵی (٢٠١١) خوێندنی ماجستێر لە زانكۆی ‹غازی عەنتاب› لە ژێرناوی Hybrid Approaches in Contemporary Art تەواو دەكات. هەروەها خوێندنی باڵا درێژەپێدەدات لە زانكۆی Sevilla University in Spain بەمەبەستی برەودان بە توێژینەوەكانی لەسەر هونەری هاوچەرخ. ئێستا یەكێكە لە هونەرمەندە چالاكەكان و لە ئەوروپاو جیهان چالاكییە هونەرییەكانی لە بواری: نیگاركێشان، ئاوێتەبوونی وێنەی جووڵاوو جێبەجێكردن پێشكەش دەكات.



## وانەی سێیەم

تەوەر: نەخشەسازی.

بابەت: خۆشنووسین.

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە.

---

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

قوتابی ئاشنایەتی لەگەڵ هونەری خۆشنووسیدا پەیدا دەکات.

### سوودە کارامەییەکان

قوتابی پەنجەکانی ڕادێت لەگەڵ پیتەکان و هێزی خەتکێشانی باش دەبێت و توانای بەخۆزانی زۆردەبێت.

### سوودە ویژدانییەکان

قوتابی فێری پشوودرێژی و مانەوە دەبێت لەکاتی کارکردندا.

## ڕاهێزان و توانستە پێشوەختییەکان

### فێرکاری پێشوەخت

مامۆستا ئەو وانەیەی لە پۆلی پێنجەمدا لەبارەی خۆشنووسی خوێندبوویان بیریان دەخاتەوەو کورتە باسێک لەبارەی خەتی ڕوقعە باس دەکات و هەندێک نموونەی پەندی کوردیان لەڕێگەی نووسینەوە پیشان دەدات و دواتر بۆیان دەخوێنێتەوە. لێرەدا مامۆستا باسی گرنگی هونەری خۆشنووسی بۆ قوتابییەکان دەکات و بەهای جوانکاری ئەم کارە بۆ قوتابییەکان ڕووندەکاتەوە، وەک:

١. نووسینی جوان دەچێتە دڵەوە.

٢. نووسراوی جوان سەرنج ڕاکێشە.

٣. نووسراوی جوان زوو دەخوێنرێتەوە.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات قەڵەمێک بە دەستیانەوە بگرن و بەرزی بکەنەوە و لەهەوادا چەند وشەیەک بنووسن، وەک شێوەی (٣٣- ٢)، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئاستی نووسین و سەروبۆری وشەکان. لێرەدا قوتابییەکان سەما بەدەستیان دەکەن و جۆرێک لە ئازادی جووڵەیان پێویستە.



نووسین لە هەوادا شێوەی 33 –2

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

مامۆستا چەند ڕۆژنامەیەکی بەسەرچوو، یان چەند پەڕێکی قەبارە گەورە (٥٠×٧٠سم) و ماجیک ئامادە دەکات و داوا لە قوتابییەکان دەکات بە گروپ کار لەسەر نووسینێک بکەن. هەروەها پێویستە هەر گروپێک بزانن چی دەکەن؟ واتە چی دەنووسن؟ لە هەمانکاتیشدا پێویستە نووسینەکان جۆرێک لە جوانکاری تێدابێت، جا ئەگەر قوتابییەکان زیادەڕەویش بکەن کێشە نییە، چونکە ئەم چالاکییە تەنها بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆشە.

هەروەها قوتابییەکان ترسیان لە نووسین دەشکێت و توانای کارکردنیان، ئنجا ئارەزووی ئیشکردنیان زۆرتر دەبێت، ئیدی بەم چالاکییە قوتابییەکان لە مەبەستی کار تێدەگەن و کاتێکی خۆشیش بەسەر دەبەن و ترس و بێئارامیان دەڕەوێتەوە.

## چالاکی یەکەم

مامۆستا چەند کارێکی ئامادەکراو بۆ قوتابییەکان نمایش دەکات، دواتر هەنگاوەکانی کارکردن بۆ قوتابییەکان شیدەکاتەوە، تا بزانن چۆن دەکێشرێت؟ یان چۆن مامەڵە لەگەڵ پیت و هێڵەکاندا بکەن؟ هەروەها مامۆستا چەندجارێک لەسەر کاخەزە گەورەکە (٥٠×٧٠سم) چەند پیتێک بە لارولەنجە بە ماجیکی ڕەنگاوڕەنگ لەبەرچاوی قوتابییەکان دەکێشێت. دواتر قوتابییەکان دەکاتە سێ گروپەوە و هەر گروپێک لە گروپەکان وتەیەکی نەستەقی کوردی، یان پەندێکی کوردی، یان چەند پیتێکی کوردیان پێ دەدات و هەر گروپەش بە ویستو خواستی خۆیان کاری جوانکاری تێدا دەکەن، وەک شێوەی (٣٤- ٢). قوتابییەکان دەتوانن پیتەکان دوای ڕەنگکردن ببڕن و لەشێوەی لکاندن تابلۆی هونەری پێدروست بکەن. مەرجیش نییە پیتەکان کتومت، وەک خۆیان دەربچنەوە، بەڵکو قوتابییەکان زیاتر کار لەسەر بواری جوانکاریدا دەکەن.

## سەرچاوەی فێرکاری

**کەرەستەو پێداویستی سەرەتایی:** کاخەزی سپی، ماجیک، بۆیەی ئاوی، ڕاستە، مقەست.

**هۆکاری ڕوونکاری:** تابلۆی ئامادە، نووسینی مامۆستا، نمایشکردنی چەند فیلمێکی بەڵگەنامەیی.



چەند نووسینێکی شێوە ئازاد شێوەی 34 –2

## بەدیع باباجان

«باباجان» یەکێکە لە نیگارکێش و نەخشەسازو گرافیکست و خۆشنووس و



دەسترەنگینەکانی مەزنی کورد. ناوی ‹‹بەدیع حوسێن باباجانە››، لە سالّی (١٩٢٣) لە شاری ‹کەرکوک› لەدایکبووە. هەروەک خۆی دەلّێ: هەر لە منداڵیەوە حەزی لە وێنەو مۆسیقا بووە. خوێندنی سەرەتایی لە شاری سلێمانی تەواو کردووەو دواتر لەشاری کەرکوک بەردەوام بووە لە خوێندنی ناوەندی. لە سالّی (١٩٤٥) چۆتە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا. لەسالّی (١٩٥٠) بەشی وێنەکێشانی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە. بە





یەکێک لە نەخشەسازە بەسەلیقەو وردبینەکان دادەنرێت و زۆر بە جوانی نیگاری کێشاوە. کاتێک مامۆستاو نوسەری گەورەی کورد، ‹‹عەلائەدین سەجادی›› لەسالّی (١٩٥٠) نامەیەک بۆ ‹‹ بەدیع باباجان›› دەنووسێ و داوای لێدەکات وێنەی شاعیرانی کورد لە خەیالّدانی هونەری خۆیدا بکێشێ. مامۆستا «عەلائەدین»، هەندێ باسی لەبارەی شاعیرەکان بۆ نوسیبوو. ئەمیش بۆ یەکەم جار بە خەیالّ وێنەکانی کێشاوەتەوەو یەکەم سەرچاوەی وێنەیی ئەم شاعیرانەیە، تا ئێستاو دواتریش وێنەکان لە کتێبی ‹‹مێژووی ئەدەبی کوردی›› لە سالّی (١٩٥١، تا ١٩٧١) چاپی یەکەم و دووەمدا بڵاوکرانەوە. تایبەتمەندییەکانی ئەم هونەرمەندە بریتی بوون لە: پشوودرێژی لەکاتی کارکردندا و توانای مانەوەی زۆربووە، بەمەش دەیتوانی جوانکاری تەواو لە هونەرەکەیدا بکات و مافی تەواو بدات بە بابەتەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا نەرمونیان و هێمن بوو لە ڕەفتارکردندا بێدەنگانە کارەکەی خۆی ڕادەپەڕاند، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم تایبەتمەندییانەشدا لەڕووی هونەرییەوە خامەڕەنگین و دەستڕەنگین بوو، ئارەزووی لەهەرشتێک کردبا ئەنجامی دەداو ئەرکەکەی سەرشانی ڕادەپەڕاند.



مەحوی و حاجی قادری کۆی لەلایەن باباجانەوە کێشراون

‹باباجان› لەکاتی کارکردندا وردەکارو ئارامگربووە، هەمان ئەم تایبەتمەندیانەش یەکێکن لە تایبەتمەندییەکانی هونەرمەندی نیگارکێش، چونکە کارێکی وردەکارییەو لەکاتی کارکردندا پێویستی بە مانەوەو پشودرێژی هەیە. کەواتە ئەگەر بە وردی سەیرێکی ئەو نەخشەسازییانە بکەین (جگە لە کارە هونەرییەکان) دەبینین کاری وردەکاری تێکەڵی هونەری میللی کردووەو ئەمەش بەڕوونی بەکارە بازرگانییەکانییەوە دیارە.




‹بەدیع باباجان› بۆ دواجار لە ڕۆژی ١٥-١١-١٩٩٦ ماڵئاوایی لە ژیان دەکات و لە گۆڕستانی (حەمەد سەکران) لە نزیک ‹ڕاشدیە› لە شاری بەغدا بەخاک دەسپێردرێت. لە دوای خۆی خەزێنەیەکی گەورەی هونەری بۆ کورد بەجێ هێشت.

## چالاکی دووەم

لەم چالاکییەدا مامۆستا ڕەچاوی یاساو ڕێساکانی خەتی ڕوقعە دەکات. واتە بە قوتابییەکان دەڵێت هەر پیتێک لە پیتەکان خاوەن جووڵەی تایبەت بەخۆیەتی و نابێت ئەم جووڵانە فەرامۆش بکرێن، چونکە لە کۆتاییدا جوان دەرناکەون و ناڕێک دێنە بەرچاو. نموونەی پۆلی پێنجەم بهێنەوە بەرچاو، وەک شێوەی (٣٥- ٢). ئیدی لێرەوە قوتابییەکان پابەندی ڕاهێنانەکە دەبن و لەهەمانکاتیشدا لە شێوازی کارکردن تێدەگەن. (سەرەتا پەندە کوردییەکەی پیرەمێرد بۆ قوتابییەکان شی بکەوە)



جوڵەی پیتەکان شێوەی 35 -2

### دەستپێک

داوا لە قوتابییەکان بکە بە قەڵەم جاف، یان سۆفتەکانیان بەسەر ئەو پەندە کوردییەی شاعیری مەزنی کورد پیرەمێرددا بچنەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پوختی و پاکی لە نووسیندا.

### سەرچاوەی فێرکاری

**کەرەستەو پێداویستی سەرەتایی:** قەڵەم جاف، قەڵەم سۆفتی نوک حەوت.

هۆکاری ڕوونکاری: کلێشەی ئامادەکراو بۆ کارکردن.

ئەو دوژمنانەی لە پەروەردا دۆستن
بۆ هەمووان دەگوترێ چاوەڕێکەی پۆستن
هەرچی بەهەوری بکرێ زۆر خۆشە
لەگەڵ دوو پەروەردا هەڵکەی دەبێ بۆشە .

ئەو دوژمنانەی لە پەروەردا دۆستن
بۆ هەمووان دەگوترێ چاوەڕێکەی پۆستن
هەرچی بەهەوری بکرێ زۆر خۆشە
لەگەڵ دوو پەروەردا هەڵکەی دەبێ بۆشە .

ناو: پۆل:

لق:

دوو کەس کە دڵیان لە یەک نزیک بێ
وایان لێ دەکە، کە بیان شێتگیر بێ
چونکە ئەوانە کە ئاشق بوونەوە
وا لە تۆ دەکەن بچیە کونەوە.

دوو کەس کە دڵیان لە یەک نزیک بێ
وایان لێ دەکە، کە بیان شێتگیر بێ
چونکە ئەوانە کە ئاشق بوونەوە
وا لە تۆ دەکەن بچیە کونەوە.

ناو: پۆل:
لق:

# تەوەری چوارەم



# کاردەستی Handcraft

بەشـێوەیەکی گشـتی شـێوەکان لە هێڵـی جۆراوجـۆر پێکهـاتوون، جـا هەندێک لەوهێڵانە نەرمۆڵەن و هەندێکی تریشیان ڕێک و پوخت و دڵبەرن، بەڵام هەنـدێکی تـر لەهێڵەکـان تێکئـاڵاوو نـاحەزن، ئەوەی گرنگبێـت بـۆ دەرخســتنی هێڵەکــان ئەوە توانــای هونەرمەنــدە، کە دەتوانێــت هێڵەکــان بەشێوەیەکی هونەری جوان و باش بەکاربهێنێت و یەکەیەکی هونەری، یان شێوەیەکی هونەری جوانی لێبەرهەم بهێنێت.

لێرەدا ئەوە هونەرمەندە، کە بەهای هونەری بە هێڵەکان دەبەخشێت و دواتر شێوەی هونەرییان لێدروست دەکات، جا هەندێک لەو شێوانە قەبارە جیاوازن، یـان ڕووگەیـان ڕووبەرزە، یـان ڕووتەختە، یـان ڕووچـاڵە. ئیدی دواتـر هونەرمەنـد تێبینـی داهێنـان و جوانکـاری لە شـێوەکاندا دەکـات و نەخشەسـازی لە کـارە هـونەرییەکەدا دەکـات و ڕۆحـی بە بەردا دەکـات لە ڕێـگەی ئەو شـێوازە هـونەرییەی دەیگـرێتەبەر لە کێشـان و ڕێکخسـتن و پەیوەندیگرتنی بە ڕێبازە هونەرییەکانی ترەوە.

هەروەهـا دەرخسـتنی بۆشـایی و پاشـینەو پێشـینەی کـارەکە ئەرکـی سەرەکی هونەرمەندە، تا یەکەیەکی یەکگرتووی هونەری جوان پیشان بدات، چونکە ئەوە دیدو بۆچوونی هونەرمەندە، کە بڕیار دەدات، کارە هونەرییەکە چۆن بێت؟ یان بەچی بیکێشێت؟ یان بەچی دروستی بکات؟

لەوبارەیەوە «شارڵ بوهلەر» پێی وایە، کە:

«کاتێـک مـرۆڤ بە باشـی مـامەڵە لەگەڵ کەرەسـتەکاندا دەکـات، ئەوا بێگومـان کـارەکەش خۆشـدێت بەدەسـتەوە، دواتـر زاڵ دەبێـت بەسـەریدا، لە کۆتاییشـدا بەرهەمێکـی جـوان پێشکەشـی جیهـان دەکـات. ئیتـر بەبـێ ئەم نەچوونە ژێر ڕکێفەی کەرەستەکانەوە، ئەوا بێگومان جەستەو ئەقڵ ناتوانن ئەو هێزە بەکاربێنن، کە کارەکە بۆ ئەنجامدانی پێویستی پێیەتی». بۆیە لێرەدا پێویسـتە منـداڵان بپـارێزرێن لەو بێبەریکـردنە لە کـارکردن و بواریـان بـۆ بڕەخسـێنرێت، تـا کـاری جدی و خەیاڵبـازی نـوێ و کـارامەیی خۆیـان لە کارەکانــدا بەکــاربهێنن، ئەگەر نــا، ئەوا بێگومـــان منـداڵەکان خەیاڵیــان دەپـــوکێتەوەو توانــا کارامەییەکانیــان لاوازدەبێــت و هێــزی داهێنانیــان دادەبەزێـت، جـا ئەوەی لێـرەدا بـۆ منـداڵەکان گـرنگە بـوار ڕەخسـاندن و پەیداکردنی ئەزموونی نوێیە.

کەواتە، منداڵ بوونەوەرێکی ناسکی هەست بەرزی خۆگرە لەبەردەم گۆڕانکارییەکاندا، بەڵام هەمیشەش پێویستی بە ئاڕاستەکردن و ڕێنماییکردن و چاودێریکردن هەیە، تا بتوانێت لەسەر پێیەکانی خۆی ڕاوەستێت و ئاشنایەتیش لەگەڵ دەوروبەری پەیدا بکات.

**ئەم تەوەرە لە دوو بابەتی سەرەکی پێکهاتووە، کە ئەوانیش بریتین لە:**

١. هەستکردن بە پێکهاتەکانی دروستکردن و بەکارهێنانی لە بنەماکانی شێوەو بارستەو شتە بەرجەستەکان، دواتر بەرهەمهێنانی شێوەی داهێنراو، کە چێژبەخشبێت لە ڕووی جوانکاری و هونەرییەوە.

٢. بەکارهێنانی ئەو کەرەستەو شمەکە هونەریانەی پێویستن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاساکانی خۆپاریزی و مەرجەکانی کارکردن.

**پێشبینی دەکرێت لەگەڵ خوێندنی ئەم تەوەرەدا قوتابییەکان بتوانن لەم شتانە تێبگەن:**

١. لە چەمکی بارستە و بۆشایی و کاری بەرجەستە تێبگەن.

٢. دروستکردنی شێوەی بەرجەستە لە کەرەستەی جۆراوجۆر و بەکارهاتوو، وەک (تەختە، پلاستیک، کارتۆن، یەن هەرشتێکی تر...) لەگەڵ ڕەچاوکردنی پەیوەندی نێوان بارستەو بۆشایی.

٣. بەکارهێنانی کەرەستەو شمەکی نێو ژینگە، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی شێوەی جیاوازو جۆراوجۆر، وەک ئاژەڵ، یان باڵندە، یان قەڵات، یان ئۆتۆمبێل، یان هەرشتێک، کە قوتابییەکە ئارەزووی بکات.




شێوەی 1 –3 پوختی، هاوسەنگی لەکاردەستیدا

٤. ڕەچاوکردنی پوختی و ڕێکی و هاوسەنگی لە بنیاتنانی کاری هونەریدا، وەک شێوەی (١– ٣).

## وانەی یەکەم

تەوەر: کاردەستی.
وانە: بارستەو بۆشایی.
بابەت: تێگەیشتن لە بارستە و بۆشایی لە کاری بەرجەستەدا.
کاتی دیاریکراو: ٥ بەشەوانە.

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

لە بارستەو بۆشایی نێوکاری هونەری تێدەگات.

### سوودە کارامەییەکان

بابەتێکی هونەری دروست دەکات، بەمەبەستی بەرجەستەکردنی بارستەو بۆشایی لەکارێکی بەرجەستەکراودا.

### سوودە ویژدانییەکان

پارێزگاری لە پاکوخاوێنی و ڕێکخستن و پوختی لەکاتی دروستکردندا دەکات.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکەکان

وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە:

١. چۆن دەتوانرێت لە کاری هەویرکاریدا بارستەو بۆشایی پیشان بدرێن؟ وەک شێوەی (٢-٣).

٢. مەبەست لە چەمکی یەکییەتی و پێکەوەبەستنەوە چییە لە کاری هونەریدا؟



دەرخستنی بارستەو بۆشایی لەکاری گلێنەکاریدا شێوەی 2 –3

## بڕگەی خۆئامادەکردن

قوتابی لەم تەمەنەدا بە قۆناخی دەربڕینی ڕاستیگەراییدا تێدەپەڕێت و لەهەمانکاتیشدا توانا تایبەتییەکانی دەردەخات. دواتر جیاوازی تاکایەتی لەنێو قوتابییەکاندا دەردەکەوێت، جا ئەوە شتێکی سروشتییە، کە دەبینرێت قوتابییەکان تایبەتمەندییەکانیان دەردەخەن و توانایەکی بەرز پیشان دەدەن، وەک دەرخستنی دووری و نزیکی، پیشاندانی پێکهاتەکانی پاشینەو پێشینە لە وێنەکێشانداو بەکارهێنانی ڕەنگ لە شوێن و کاتی خۆیدا، وەک گەڵاکان سەوزن، ئاسمان شینە، هەرگوڵەو بە ڕەنگی خۆی دەردەخات. بە کورتییەکەی قوتابی دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەستی بیستن و بینینەوە و پشتیان پێدەبەستێت لە دەربڕینە هونەرییەکانیدا.

لێرەوە زۆر گرنگە مامۆستا بایەخ بە دیدو تێڕوانینەکانی قوتابی بدات و زانیاری پێویستیان پێبدات و لەکاتی پێویستدا ئاڕاستەیان بکات، تا شێوازی هونەری تایبەت بەخۆی دەدۆزێتەوە. هەروەها ئەو زانیارییانەی پێی دەدات ببنە هۆی ئەوەی شوێنپێی خۆی هەڵبگرێت و زانیاری تەواو لەسەر پێکهاتەو بنەما سەرەکییەکانی پێکهاتەی کاری هونەری بزانێت.

بەسەربردنی کاتێکی خۆش

١. مامۆستا چەند شێوەیەکی جیاوازی خاوەن بۆشایی پیشانی قوتابییەکان دەدات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی شتەکان ببنە جێگەی تێڕامانی قوتابییەکان.

٢. مامۆستا سوود لە پرۆگرامی کۆمپیوتەر وەردەگرێت، تا بیخاتە خزمەتی وانەکەوەو وەک یەکەیەکی فێرکاری مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

٣. مامۆستا کەرەستەو شمەکی وانەکە لەگەڵ خۆیدا ئامادە دەکات، وەک هەویر، پارچە کارتۆن، یان پارچە تەختە، یان میکاتۆ، یان هەر شتێک بۆ وانەکە شیاوبێت.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**بارستە:**

لەشـێکی خـاوەن سـێ ڕووە، کە مـرۆڤ دەتوانێـت لەهەر لایەکەوە دەسـتی لێبدات.

**بۆشایی:**

پانتـاییەکی بەتـاڵەو ڕوودراوە بە شـێوە، یـان بە بۆشـایی کە لەپێکهـاتەی شـێوەکەیە. شـایانی باسـە، ئەم پانتاییـانە گرنگـی خۆیـان هەیە لە کـاری هونەریدا، چونکە هێزی جوانکاری پێ دەبەخشێت، جا لەبەر ئەوە پێویستە بۆشـایی هەرەمەکی نەبێت، بەڵکو پێویسـتە وەک بارسـتە، بۆشـایی بکەوێتە ژێر چاودێری کاری وردەوە، تا هێزی جوانکاری لەدەست نەدات.

**یەکەی کاری هونەری:**

ئەو پێکهاتـانە لەسـەر بنەمـایەکی دیـاریکراو چـارە دەکـات، تـا بەهـای هونەری بپارێزن. ئیدی لێرەدا بارستەو بۆشـاییەکان لە شـێوە ئاوێتەییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگیان لە دروستکردن و فرەجۆریدا دەبێت.

## ئامانجی فێرکاری و فێرکاری کراوە

**وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ**

دەتوانرێـت ئامـانجی وانەکە لە هەمـوو بەشـەوانەکاندا ڕەچاوبکرێـت، بەتـایبەت لە بەشـەوانەی یەکەمـدا، مامۆسـتا سـەرجەم پێکهـاتەو کەرەسـتە جیـاوازە پێویسـتەکان کۆدەکـاتەوە، تـا شـێوەی بەرجەسـتە لە بارسـتەو بۆشاییان پێ دروست بکات. گرنگە سـەرەتا شێوە بەرجەستە ئەندازەییەکان بەکاربهێنێـت. سـەرەتا مامۆسـتا هەنـدێک لایەنـی جـوانی و دەربڕینخـوازی شێوەو پێکهاتەو ڕەنگەکان بۆ قوتابییەکان ڕوون دەکاتەوە، تا قوتابییەکان بزانن و هەست بە شتەکانی ژینگەی دەوروبەریان بکەن و دیدو تێڕوانینیـان لەسـەر شـتەکان هەبێـت، لەگەڵ پاراسـتنی جیـاوازی تاکـایەتی لەنێـو قوتابییەکاندا، تـا هەمـوو قوتابییەکـان هەست بە دڵنیـایی بکەن و کەسـایەتی تـایبەتی هەریەکەیـان پارێزراوبێـت، چـونکە هەنـدێک لە قوتابییەکـان درەنـگ فێردەبن، یان سستن لەکارکردن، بە پێچەوانەشەوە هەندێکی تریشـیان گورج و دەستگەرم و خاوەن بیرۆکەن لە کارکردندا.

## فێرکردن لەڕێگەی چالاکییەوە

١. مامۆستا خۆی ئامادە دەکات، تا بە کەرەستەو شمەکی جیاواز کار لەگەڵ قوتابییەکاندا بکات.
٢. مامۆستا ڕێگە بۆ وانەکە خۆش دەکات بەهۆی ڕوونکردنەوەی هەنگاوەکانی ئەو کارەی مەبەستە ئەنجام بدرێت.
٣. مامۆستا بابەتی وانەکە لەگەڵ قوتابییەکاندا گفتوگۆ دەکات و دواتر بوار بە قوتابییەکان دەدات تێبینی و سەرنج و پێشنیارو پرسیارەکانیان بە ئازادی بخەنە ڕوو. لە هەمانکاتیشدا مامۆستا گوێڕایەڵی پرسیارو گفتوگۆکان دەبێت و بابەتەکە بە هەند وەردەگرێت، ئەوەش بەمەبەستی پەیداکردنی متمانەی زۆرترە لەلایەن قوتابییەکانەوە و لە هەمانکاتیشدا زانیاری و ئەزموونی زۆرتر پەیدا دەکەن. ئەوەش وادەکات قوتابییەکان وەڵامەکانیان بەهادارو ئارەزووی دەربڕینخوازی و چێژ لە وانەکە وەربگرن و لەکۆتاییشدا هەموو سەتەکانیان لەسەر کارەکەبێت.
٤. مامۆستا چەند نموونەیەکی کاری قوتابییەکانی تر لەهەمان تەمەن پیشانی ئەو قوتابیانە دەدات، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی شێوازی کارکردنی سەرکەوتوو، کە ئەو قوتابیانە گرتویانەتەبەر لەکاتی کارکردندا. ئەوەش وادەکات هەست بە یەکەی کاری هونەری و بەستنەوەی بە پێکهاتەکانی ترەوەو دواتر جووڵاندنی بیریان بەرەو گوزارشتکردن و داهێنانی زیاتر، بەڵام پێویستە ئەو نموونانەی پیشاندراون زوو لاببرێت، تا قوتابییەکان کۆپی نەکەنەوە، بەڵکو پشت بە بیرۆکەی خۆیان و لەکاتی کارکردنیشدا پشت بە هێزو توانای خۆیان ببەستن و بیرۆکەی خۆیان جێبەجێ بکەن.
٥. کاتێک مامۆستا لە ڕوونکردنەوەی وانەکە دەبێتەوە، دواتر لە نزیکەوە چاودێری قوتابییەکانی دەکات و ڕێنمایی پێشکەش بەو قوتابیانە دەکات، کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی زیاترە، جا ئەم ڕوونکردنەوانە پێویستە بێجیاوازی هەمووان بگرێتەوە. هەروەها ڕێگە خۆشبکە، تا خۆیان بیربکەنەوەو کارەکانیان ڕاستبکەنەوە، بێ ئەوەی مامۆستا دەستلەکاروباریان وەربدات.

شایانی باسە، پێویستە ئامۆژگاری و ڕێنماییکردن بەشێوەیەکی نەرمونیان و پڕ لە خۆشەویستییەوە پێشکەش بکرێت، تا قوتابی زیاتر

هەست بە دڵنیایی بکات، ئیدی ئەوەش وا دەکات توانا تاکییەکان پێشبکەون و توانای دەربڕین و هەستکردن بەکارە هونەرییەکە زۆرتر ببێت، دواتریش پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان مامۆستاو قوتابییەکاندا دروست دەبێت.

٦. دوای ئەوەی قوتابییەکان لەکارەکانیان دەبنەوە، پێویستە مامۆستا ئاگاداری ئەو ئامانجانەبێتەوە، یان چاوێک بە ئامانجەکاندا بخشێنێتەوە، بەتایبەتیش ئامانجە پەروەردەیی و هونەرییەکان، تا بزانێت چەندیان هاتوونەتە دی و زانیاری قوتابییەکان، تا چەند هەڵکشاوە؟ لەهەمانکاتیشدا پلانی جێبەجێکردن چەند گونجاوبووە لەگەڵ ئاستی بیرکردنەوەی قوتابییەکان؟ یان بابەتی وانەکە، تا چەند شیاوبووە لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی قوتابییەکاندا؟ دواتر مامۆستا پلانی کاری نوێ دادەڕێژێت، تا وانەکان هەمیشە لێکنەچن و دووبارەنەبنەوە لەکاتی جێبەجێکردندا، ئیدی هەموو ئەوانەش پێویستیان بە دروستکردنی کەشێکی لەبارو ژینگەیەکی ئارام و زانیاری نوێ هەیە، تا قوتابی هەست بە دەروونێکی ئاسوودە بکات و یەکەی چالاکی هونەری بۆ گەشەپێدانی توانا خۆییەکان و گەشەی لەشەکی و ئەقڵییەکانی بەکاربهێنێت، دواتریش ئاستی ڕۆشنبیریان پێشدەکەوێت.

## چالاکی کردارەکی

**چالاکی یەکەم:** تێگەیشتن لە چەمکی بارستەو بۆشایی

مامۆستا دەتوانێت قوتابییەکان بەرێتە باخچەی قوتابخانەکە، یان دەرەوەی پۆلەکە، دواتر ڕێنماییان بکات بۆ ئەوەی بە بایەخەوە تێبینی شێوەکانی دەوروبەری خۆیان بکەن و گرنگی بە پێکهاتەو ڕێکخستنیان بدەن، وەک بەردەکان، گوڵەکان، درەختەکان،ماڵەکان... . هەروەها سەرنجی قوتابی بخرێتە سەر پەیوەندی ئەم شێوانە بەیەکەوەو پیشەی هەریەک لەو شتانە ڕوونبکرێنەوە. بۆ نموونە پیشەی کورسی چییە؟ مەبەست لە دروستکردنی کورسی بەئاسوودەیی لەسەر دانیشتنییەتی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی شێوەو قەبارەکەی.

هەروەها مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات چەند شتێکی بەردەستە وەک سەرچاوە ئامادە بکەن (کارتۆنی بەتاڵ، میکانۆ، پارچە تەختەی چوارگۆشە، یان هەر کەرەستەیەکی بەردەستە، کە بۆ وانەکە شیاوبێت، دواتر ڕایاندەسپێرێت چەند شێوەیەکی گونجاو پێکبهێنن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارستەو بۆشایی لەهەرلایەک لە شێوەکانداو گونجاندیان لەگەڵ یەکتریدا.

**چالاکی دووەم:** سازکردنی  چەند جۆرە خانوویێک.

دەتوانرێت بۆ دروستکردنی ئەم خانووە سوود لە کارتۆنی بەتاڵ وەربگیرێت، لەگەڵ بەکارهێنانی: مقەست، بۆیە، کەتیرە. دواتر دەتوانرێت دەرگاو پەنجەرەشی بۆ دروست بکرێت، وە ئەگەر ئارەزووشتکرد دەتوانی چەندین جۆری خانوو دروست بکەیت و شێوەشیان جیاواز بن.

## کەرەستەو پێداویستی

١. کارتۆنێکی بەتاڵ (دڵنیابەوە لە قەبارەی کارتۆنەکە، تا شیاوبێت بۆ کارەکەت).
٢. پارچە کارتۆنێکی ڕووتەخت بۆ سەربانەکەی.
٣. قەڵەم ڕەساس.
٤. مقەست، یان کەتەر (نەشتەر) بۆ بڕینی کارتۆنەکە.
٥. بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ، یان کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ.
٦. هەندێک ڕۆژنامەی بەسەرچوو بۆ زەوی کارەکە سوودی لێوەردەگیرێت.

## سوودەکانی ئەم چالاکییانە:

١. قوتابی دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ شمەکی قەبارە گەورەو جیاوازدا بکات.
٢. چالاکییەکان دەبنە چالاکی سێ ڕوو. واتە لەگەڵ چوارگۆشەو لاکێشەو... قەبارەو بارستایی جیاوازدا مامەڵە دەکات.
٣. قوتابی باشتر دەتوانێت کۆنترۆڵی پەلەکانی سەرەوەی بکات و لە ژێر کاریگەری بیرو هزریدا دەمێنێتەوە.
٤. گرووپەکان باشتر لێک تێدەگەن و بیرۆکەی باشتریان بەمێشکدا دێت و هەندێکجاریش خۆی دەکێشێت بۆ داهێنان.
٥. لە بارستایی و قەبارە تێدەگات.

## تاقیکردنەوەی یەکەم:



### کەرەستەو پێداویستی:

١. کارتۆنی بەتاڵ.
٢. چیلکەی دار.
٣. کەتیرەی وشک، یان تەڕ.
٤. مقەست.

### چۆنییەتی جێبەجێکردن:

مامۆستا پێشوەخت داوای لە قوتابییەکان کردووە، تا کەرەستە و پێداویستییەکان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن. دواتر داوایان لێدەکات لە گروپەکانیاندا خۆبگرن و لەسەر کاخەزێکی A4 بە قەڵەم ڕەساس نەخشەسازی بۆ جۆرێک لە خانوو بکەن (مامۆستا پێشوەختە شێوەیەکی ئامادەکردووەو پیشانی قوتابییەکانی داوە). دواتر نەخشەکە بکەنە ڕاستی و لەڕێگەی کارتۆنەکەوە جێبەجێی بکەن. پوختی و ڕێکی و پاکوخاوێنی مەبەستی سەرەکی کارەکەیە.

مامۆستا چاودێری کارەکە دەکات و قوتابییەکان ئاڕاستە دەکات.

## تاقیکردنەوەی دووەم:




### کەرەستەو پێداویستی:

١. کارتۆنی ڕووتەخت.

٢. چیلکەی چلورە.

٣. مقەست.

٤. کەتیرەی تەڕ.

### چۆنییەتی جێبەجێکردن:

سەرەتا مامۆستا بەهەمان شێوەی وێنەکە خانووێک دروستدەکاتەوە، بەڵام لێکی نادات، بەڵکو لەناو پۆلداو لەگەڵ قوتابییەکان کاردەکات و هەنگاوەکانی کارکردنیان بۆ ڕوون دەکاتەوە، دواتر داوا لە قوتابییەکان دەکات شوێنپێی هەنگاوەکانی بکەون و لەگەڵ بەکارهێنانی بیرۆکەی خۆیان تێکەڵی بکەن. لێرەدا مامۆستا تەنها چاودێرەو هەندێکجاریش قوتابییەکان ئاراستە دەکات.

## تاقیکردنەوەی سێیەم:



**کەرەستەو پێداویستی:** کارتۆن، مقەست، کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، ڕاستە.

### چۆنییەتی جێبەجێکردن:

پێویستە مامۆستا پێشوەختە کەرەستەو شمەکی کارکردنی ئامادەکردبێت، بەڵام لێکی نەدابێت، تا لەبەرچاوی قوتابییەکان و لەگەڵ قوتابییەکاندا جۆری خانووەکە دروست بکات و دواتر پارچەکانی لێکبدات. لێرەدا ئەرکی مامۆستا ئەوەیە وێنەکە، ئنجا شێوە دروستکراوەکە پیشانی قوتابییەکان بدات، تا بزانن چ جۆرە خانوێک مەبەستە بۆ ئەم ئەزموونکردنە. ئیدی لێرەوە قوتابی تێدەگات بەپێی جۆری خانووەکان، ئەوا پلانەکان و جۆرو کەرەستەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردادێت و چونکە هەرخانووەو پێداویستی خۆی هەیە.

## چالاکی سێیەم: پڕۆژە

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەم چالاکییە بریتییە لە سازکردنی پڕۆژە. واتە قوتابییەکان هەموو پێکەوە پلان بۆ پڕۆژەیەک دادەنێن و تەواوی ئەندامانی پۆلەکە پێکەوە ئەنجامی دەدەن.

### ئەرکی مامۆستا:

مامۆستا گروپەکان ڕێکدەخاتەوەو دواتر بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئاڕاستەیان دەکات، بەشێوەیەک، کە لە ئاستی پڕۆژەکەدابن و بتوانن گروپەکان کارێکی مەزنی پوخت و شیاو پێکەوە ئەنجام بدەن.

### شێوازی کارکردن و ئاڕاستەکردن:

مامۆستا کروپەکان ڕادەسپێرێت هەمووان پێکەوە لەسەر کاغەز نەخشەسازی بۆ پڕۆژەیەک بکەن و دواتر لەسەر ڕێک بکەون. واتە پێش ئەوەی بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە پلانیان بۆ هەمووشتێک دارشتبێت و لەسەر ڕێک کەوتبن.

دواتر بەپێی پلانەکە هەر گروپەو بەپێی ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشانی، کارەکان ڕایی دەکات و دواتر هەموو گروپەکان پێکەوە کارەکانیان لێکدەدن و پڕۆژەیەکی مەزنی جوانی پوخت بەرهەم دەهێنن.

ئامانج لەم چالاکییە:

١. قوتابی فێری کاری پڕۆژە دەبێت.
٢. لەگەڵ گروپەکاندا فێری پلاندانان دەبن.
٣. فێردەبن چۆن ئەوپلانە جێبەجێبکەن و دواتر بەسەر کێشەکاندا زاڵبن.
٤. لە بارستەو قەبارەو بۆشایی تێدەگەن و گرنگی و بایەخی هەریەکێیان لا ڕوون دەبێت.
٥. لەکاری مەزن تێدەگات و جۆری پلانەکانی دەگۆڕێت.

### لێکبەستن و پێکگرتن:

بگەڕێوە بۆ پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەت، تەوەری هەشتەم، پڕۆژە.

## پرۆژەی یەکەم:

کاری سەرجەم گروپەکان کۆبکەوەو داویان لێبکە هەموو خانووەکان پێکەوە بەپێی ئەو پلانەی دایان ڕشتووە لێکی بدەن، وەک ئەم وێنەیە. لێرەدا مامۆستا سەرپەرشتیارو ئاڕاستەکەرە، تا قوتابییەکان هەست بە ئارامی و دڵنەوایی زیاتر بکەن، بەڵام پێویستە مامۆستا ڕاستەوخۆ دەست لەکاری قوتابییەکان وەرنەدات.



دروستکردنی گەڕەکێک بە خانوو، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بۆشایی و بارستە و شێوەو پوختی.

## پڕۆژەی دووەم:

هەروەک پـڕۆژەی یەکەم مامۆسـتا ڕەچـاوی ڕێنماییەکـان دەکـات.



هەروەهـا پێویسـتە لە هـۆڵی کـارکردن کەرەسـتەو شـمەکی بەردەسـتە ئامادەکرابێـت، یـان شـوێنی هەڵچنینـەکە دەستنیشان کرابێت، تا هۆکاری گواستنەوە نەبێـتە هـۆی دووبـارە تێکـدانەوەی. واتە پێویسـتە شـوێنێکی جێگیر دیاریکرابێت بۆ پڕۆژەکە.





چەنـد نمـوونەیەکی نەخشەسـازی خـانوو، پێویسـتە مامۆسـتا ئەم نموونـانە بـۆ قوتابییەکان نمایش بکات.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانجی هەڵسەنگاندن:** جێبەجێکردن.
**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی نرخاندن.

خشتەی نرخاندن بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنییەتی کارکردن لە قەڵاکەدا

| ژ | جێبەجێکردن | زۆرباش | باش | پەسەند |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | شێوەی نەخشەسازی خانوەکەی لە کارتۆن دروستکرد. | | | |
| ٢ | هەنگاوە ڕاستەکانی بۆ کارکردن گرتەبەر. | | | |
| ٣ | لەکاتی کارکردندا جەختی لە خۆپارێزی دەکردەوە. | | | |
| ٤ | پارچەی گونجاوی بۆ کارەکە دەبڕی. | | | |
| ٥ | هاوکاری هاوڕێکانی کرد بۆ هەڵبژاردنی پارچەکان. | | | |
| ٦ | تێبینی و سەرنجی بە باشی لەسەر شێوەو بۆشاییەکان دەدا. | | | |
| ٧ | کەرەستەو پێداویستییەکانی بەشێوەیەکی دروست بەکارهێناوە. | | | |

### لێکبەستن و پێکگرتن

- پەروەردەی هونەر بۆ باخچەی منداڵان، تەوەری چوارەم، وانەی دووەم، بابەتی بەکارهێنانەوە.
- پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەت، تەوەری دووەم، داهێنان.
- پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەت، تەوەری هەشتەم، پرۆژە.

## چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەکردن

چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن: ئامادەکردنی هەرچالاکییەک، کە بگونجێت لەگەڵ ئاستی قوتابییەکان، مامۆستا چاوی لەسەر پێکهێنان و لێکگرێدانی شێوە بەرجەستەکان بێت، کە لە ژینگەی قوتابییەوە نزیکبێت. هەروەها کەرەستەکانیش شیاوبن بۆ کارکردن. بۆ ئەو مەبەستە دەتوانرێت سوود لە شێوەی (١٣- ٣) وەبگیرێت و وەک ئامرازێکی داهێنراو سوود لە بیرۆکەکانی وەربگیرێت، ئەوەش بە بەکارهێنانی کارتۆنی بەتاڵ لە یەکەی کاری هونەریدا.

**چالاکی بەمەبەستی چارەکردن:** ئامادەکردنی هەرچالاکییەک، کە لەگەڵ ئاستی قوتابییەکاندا بێت. ئەوەش بە تیشک خستنەسەر ئەو شێوە بەرجەستە سادەو ساکارانەی دروستیان دەکات، کە بە سوود وەرگرتن لە ژینگەی دەورووبەری دروستیان دەکات. بۆنموونە دروستکردنی زەرفێکی نامە.



3- 13 کەرەستەو شمەکی جیاواز

مامۆستای بەرێز... خۆشت دەتوانیت سوود لە بیرۆکەی خۆت، ئنجا بیرۆکەی قوتابییەکانیش وەربگریت و دووبارە لە وانەیەکدا، یان لە ئەرکی ماڵەوەدا بەکاریان بهێنیتەوەو سوود بە قوتابییەکان بگەیەنیت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نابێت ئەم چالاکیانە، وەک فشار بۆسەر قوتابییەکان بەکاربهێنرێت، چونکە ئەم کارە زیاتر چالاکییەکی دڵخوازانەیە.

## وانەی دووەم

تەوەر: کاردەستی.

وانە: بارستەو بۆشایی.

بابەت: سوودوەرگرتن لەکەرەستەی فڕێدراو، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی کاری داهێنراوی هونەری.

بەشەوانە: ٥ بەشەوانە.

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

ئاشنابوون بە هەندێک چەمکی هونەری، کە لەڕێگەی کاری هونەری بەردەوامەوە فێریان دەبێت و توانا و ڕاهێزانەکانی بۆ چەمکە هونەرییە کەڵەکەبووەکان باشتر دەبێت.

### سوودە کارامەییەکان

بیرۆکەکانی پێشدەکەوێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو توانا خۆییانەی، کە هەیەتی بۆ گوزارشتکردن و دروستکردن، تا شێوەی جیاواز دروست بکات بە بەکارهێنانی کەرەستەی ناو ژینگەکەی و دواتر لەم ڕێگەیەوە پەیوەندی بە ژینگەوە دەکات.

### سوودە ویژدانییەکان

ڕەچاوی پوختی و هاوسەنگی لە دروستکردنی کاری هونەریدا دەکات.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

مامۆستا هەندێک لەو شێوە بەرجەستە بەتاڵانەی قوتابییەکان لە ڕابردوودا ئامادەیانکردووە (قوتابی پۆلەکانی تر، یان ساڵانی ڕابردوو) بۆ قوتابییەکانی نمایش دەکات و دواتر ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی قوتابییەکان دەکات:

١. ئەوە چ شێوەیەکە؟

٢. کوا شوێنە بەتاڵەکە؟

٣. شوێنە بەتاڵەکە چ پەیوەندییەکی بە یەکەی شێوەوە هەیە (ئاماژەدان بۆ یەکەی پێکەوەبەستن و هەردووک پێکهاتەی بارستەو بۆشایی)؟

٤. ئەو کەرەستانە چین، کە لەو شێوەیەدا بەکارهێنراون؟

## برگەی خۆئامادەکردن

دوای ئەوەی قوتابییەکان کەرەستەو شمەکی پێویست بۆ کارە هونەرییەکە لە ژینگەکەی خۆیاندا کۆدەکەنەوەو ئامادەی دەکەن بۆ کارکردن، ئەوا بێگومان قوتابییەکان خۆشیان دەتوانن بیرۆکەو توانا خۆییەکانیان بخەنە سەر کارەکەو شتێکی جوانی لێبەرهەمبهێنن، کە گوزارشت لە ژیانیان، ئنجا پەیوەندی بە کەلتوورو فەرهەنگی میللی خۆیانەوە هەبێت، کە لە کۆتاییشدا چێژو توانا هونەرییە جیاوازەکانیان پێشدەکەوێت. ئیدی لێرەوە پێویستە قوتابییەکان روویان بکەنەوە بەڕووی ڕۆشنبیری جیهانیدا و ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا بکەن، کە ئەوەش دەبێتە دەروازەیەکی باش، تا بەڕووی جیهاندا بکرێنەوە و تایبەتمەندییە ڕۆشنبیرییە جیهانییەکان بزانن و لە نزیکەوە پێیان ئاشنابن، دواتریش بەراوردی دەکات لەگەڵ ڕۆشنبیری میللەتەکەی و بەمەش ئاشتی ڕۆشنبیری ڕەگی لەناخی قوتابییەکەدا باشتر دادەکوتێ و لەڕووی ڕۆشنبیریشیەوە دەوڵەمەند دەبێت و توانا خۆییەکانیشی پێشدەکەوێت.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

١. مامۆستا سوود لە کۆمپیوتەر وەردەگرێت و دەیخاتە خزمەت وانەکەوە لە ڕێگەی نمایشکردنی هەندێک کاری هونەری ئامادەکراو.
٢. ڕێنمایی قوتابییەکان دەکرێت، کە چۆن سوود لەو کەرەستە خاوانە وەربگرن، کە لە ژینگەدا دەیاندۆزنەوەو دووبارە لە دروستکردنی شێوە، یان چۆنیەتی بەکارهێنانەوەدا بەکاریان دەهێننەوە.
٣. نمایشکردنی هەندێک شێوەی ئامادەکراو.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**کەرەستەی بەکارهاتوو:**

ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بەکاری هێناون و ئێستە فڕێدراون و وەک شتێکی بێکەڵک تەماشادەکرێن.

## وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ

دەتوانرێت ئەمو ئامانجە زیادبکرێت لە بەشەوانەی خۆئامادەکردا. واتە لەڕێگەی نمایشکردنی ئەو نموونانەی پێشتر ئامادەکراوان، کە ئەوەش هاوکاری قوتابی دەکات، تا زووتر لە ئامانجەکە نزیکبێتەوە، جا ئەگەر پارچەکان هەنگاوەکانی کارکردن ڕوون بکەنەوە، ئەوا بێگومان سوودی زیاتری دەبێت لەکاتی جێبەجێکردندا، چونکە قوتابی دەزانێت چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ چۆن جێبەجێی دەکات؟

## فێرکردن لەڕێگەی چالاکییەوە

١. بەشێوەیەکی سادەو ساکار خۆ بۆ وانەکە ئامادەبکرێت.
٢. خۆئامادەکردن بەمەبەستی هاوکاریکردنی قوتابییەکان لەکاتی کارکردندا.
٣. گفتوگۆکردن لەگەڵ قوتابییەکان و ڕێگەخۆشکردن بەمەبەستی دەربڕینی بیروبۆچوونی قوتابییەکان و گوزارشتکردن لە سەرنج و پێشنیارو تێبینییەکانیان. ئەوەش لەڕێگەی وروژاندنی هەندێک پرسیاری تایبەت بە بابەتی وانەکەوە، کە ئەوەش وا دەکات گفتوگۆی دڵگەرمانە دروست ببێت لە نێوان مامۆستاو قوتابییەکاندا. لێرەدا سازدانی ئەم جۆرە گفتوگۆیانە زانیاری نوێتر، زانینی زیاتر، پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەوانی تردا، ڕێزگرتنی بیروبۆچوون، دوورکەوتنەوە لە داخۆرین (نامۆیی، یان گۆشەگیری)، دواتریش کرانەوە بەڕووی جیهاندا ڕوودەدات. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت، کە پێویستە گفتوگۆکان کورت و پوخت بەدیقەت بن و تەنها بۆ کات کوشتن نەبێت.
٤. نمایشکردنی هەندێک نموونەی ئامادەکراوی قوتابییەکان، کە نموونەن لە ڕووی پوختی و جوانی و باشییەوە، ئەوەش تا هەستی قوتابییەکان بجووڵێنێت و هانیان بدات بەرەو ئەنجامدانی کاری پوخت و داهێنەرانەو هەستکردن بە ڕێکوپێکی لەکاتی کارکردندا.
٥. داوا لە قوتابییەکان دەکرێت، بەتاک، یان بە گروپ کاربکەن، بەومەرجەی لە گروپدا هەریەکەو کاری خۆی بزانێت و بەیەکسانی بەسەریاندا دابەشبکرێت.

٦. لەکاتی کارکردندا چاودێری قوتابییەکان بکرێت و ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێویستیان پێبدرێت، بەمەرجێک ئەم ئامۆژگاری و تێبینیانە ڕاستەوخۆ کار نەکاتە سەر بیرۆکەی قوتابییەکان (بیرۆکەکانیان نەشێوێنرێت).

٧. دوای جێبەجێکردن و ئەنجامدانی کارە هونەرییەکە، پێویستە مامۆستا هەڵسەنگاندن بۆ وانەکەی بکات، تا بزانێت چەندە لە ئامانجی پلان بۆداڕێژراو نزیکبۆتەوە، یان پێکاویەتی؟ یان بابەتەکە چەند لە وانەکەو هەستی قوتابییەکانەوە نزیکبۆتەوە؟ ئایا ئەو تێبینی و سەرنجانەی لە وانەکەدا بە قوتابییەکانی داوە جێگەی خۆی گرتووە؟ ئایا توانیوانە گوزارشت لە هەستی خۆیان بکەن؟ دواتریش مامۆستا هانا بۆ پلان و ئامانجی نوێ دەبات و ژینگەیەکی دەروونی پڕ لە ئارامی دەسازێنێ، کە ئاستی ڕۆشنبیری قوتابییەکان بەرێتە سەرو بەردەوامی بدات بە گەشەی هونەری، لەگەڵ ئەوەشدا وا بکات وێڕای جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و چینایەتی قوتابییەکان، بەڵام هەمووان پێکەوە، وەک گرووپێکی یەکگرتوو کاردەکەن.

## سەرچاوەی فێرکاری

**کەرەستەو پێداویستی سەرەتایی:** دابینکردنی ئەو کەرەستەو پێداویستیانەی لەنێو ژینگەدا دەستەبەرەو دەتوانرێت بخرێتە خزمەتی بابەتی وانەکەوە، جا ئەوشتانە کارتۆنی بن، یان پلاستیکی، بۆیەی بەردەستە، قەڵەم ڕەساس، کۆمپیوتەر، داتاشۆ.

**هۆکاری ڕوونکاری:** نموونەی کاری بەرجەستەی ئەو قوتابییە پێشەنگ و دەسترەنگینانەی، کە لەمەوپێش کارەکانیان ئەنجامداوە، سەردانی پێشانگەی هونەری، پێشانگەی قوتابخانە، نمایشی فیلمی دیکۆمێنتاری، سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت.

## چالاكی كردارەكی

**چالاكی یەكەم:** دروستكردنی چەند خانوێكی جوان و پوخت.

### كەرەستەو پێداویستی:

١. كارتۆن.
٢. كاخەزی ڕەنگاوڕەنگ.
٣. كەتیرەی وشك.

### چۆنییەتی جێبەجێكردن:

مامۆستا داوا لە هەر قوتابییەک دەكات شێوەی خانووێک بە كارتۆن ببڕێت و دواتر بە كاخەزی ڕەنگاوڕەنگ دایبپۆشێت، وەک ئەم شێوەیە. لە كۆتاییشدا مامۆستا هەموو خانووەكان كۆدەكاتەوەو لە شێوەیەكی پانۆڕامیدا لێكیان دەدات.



### سوودەكانی ئەم چالاكییە:

١. قوتابییەكان فێری كاری هاوبەش دەبن.
٢. سوودەكانی كاری هاوبەش بە كرداری دەبینن.
٣. تێدەگەن چۆن كاری پرۆژە جێبەجێبكەن.
٤. ئاستی جوانناسییان پێشدەكەوێت و دیدو تێڕوانینیان بۆ شتەكانی دەورووبەر دەگۆڕێت.

**چالاکی دووەم:** دروستکردنی چەند بەلەمێکی چارۆگەدار.

**کەرەستەو پێداویستی:**

١. کارتۆن.
٢. کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ.
٣. قوماشی ڕووگە جیاواز.
٤. چیلکە.

**چۆنییەتی جێبەجێکردن:**

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان هەریەکەیان شێوەی بەلەمێک لەسەر کارتۆنەکە دیاری بکەن و دواتر بە مقەست بیبڕن، دوای بڕین بە کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ و قوماش بە ویستی خۆیان ڕووپۆشی بکەن و لە کۆتاییشدا بە چیلکەدارەکە چارۆگەیەکی بۆ دروست بکەن، وەک ئەوەی لەنێو تابلۆکەدا دیارە. دوای ئەوەی قوتابییەکان لە کارەکە دەبنەوە مامۆستا کارتۆنێکی گەورەی ئامادە کردووەو شێوەی دەریای پێبەخشیوەو سەرجەم بەلەمەکان لەسەر تابلۆکە جێگیر دەکات (یەک تابلۆ، یان دوو ئامادە دەکات).



**چالاکی سێیەم:** نیگاری پۆرترێت.

**کەرەستەو پێداویستی:**

١. کارتۆنی هێلکە.

٢. بۆیەی ئەکریلیک.

٣. فڵچە.

٤. پالێت، یان پارچە کارتۆنێک.

**چۆنییەتی جێبەجێکردن:**

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات هەر قوتابییەک بە قەڵەم ڕەساس وێنەی کەسی خۆی بکێشێتەوە (پۆرترێت)، دواتر داوا لە قوتابییەکان بکە هەر کەسەو بە ویستی خۆی ڕەنگ بەکاربهێنێت بۆ ڕەنگکردنی وێنەکەی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پاکوخاوێنی و بەکارهێنانی تاک ڕەنگی، وەک لە وێنەکەدا دیارە.

مامۆستا دوای تەواوبوونی کارەکان، تابلۆکان کۆدەکاتەوەو دواتر لە کارێکی پانۆرامیدا لێکیان دەدات و دەیانکات بە پرۆژەیەکی هاوبەشی قوتابییەکان.

**سوودەکانی ئەم چالاکییە:**

١. قوتابی ئاست و توانای خۆی تاقیدەکاتەوە.

٢. توانا لەشەکی و هەستییەکانی قوتابی بەدەردەخات.

٣. قوتابی لە کاری پرۆژە تێدەگات.

٤. قوتابی لە بۆشایی و بارستە تێدەگات و دواتر تێدەگات چۆن مامەڵە لەگەڵ هەردووکیاندا بکات.

قوتابییەکان لەسەر کارتۆنی تەبەقە هێلکە کاری هونەری ئەنجام دەدەن



**چالاکی چوارەم:** لێکدانی کەرەستەی جیاواز.



**کەرەستەو پێداویستی:**

١. چیلکەدار.
٢. گەڵای دار.
٣. کارتۆن (فایل).
٤. دەزوو و دەرزی.
٥. کەتیرەی وشک.

## چـــــــــــــــــــۆنییەتی

**جێبەجێکردن:**

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات گروپ دروستبکەن و دواتر ئەرکی کارکردنیان بۆ ڕووندەکاتەوەو شێوازی پرۆژەی کاریان پیشان دەدات، پێشوەختە مامۆستا کارێکی ئامادەکراو پیشانی قوتابییەکان دەدات و دواتر داویان لێدەکات هەر گروپەو بە ویستی خۆیان کارێکی هونەری ئەنجام بدەن. لێرەدا گروپەکان سەرپشک دەکرێن لە زیادکردنی کەرەستەی جیاواز بۆ کارە هونەرییەکە بەومەرجەی کار نەکاتە سەر تابلۆکە. وەک لە وێنەکەدا دیارە.

**سوودەکانی ئەم کارە:**

١. قوتابی لە بۆشایی و بارستایی تێدەگات.
٢. دەتوانن سوود لە کەرەستەو شمەکی جیاواز وەربگرن.
٣. گیانی هاوکاری و پشتیوانی یەکتر لەنێو گروپەکاندا زیاد دەکات.
٤. توانای هاوڕێگرتنی بەهێز دەبێت.
٥. تێدەگات کاری هونەری هەر بە ڕەنگ و کاخەز ناکرێت.

قوتابی دەتوانێت بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری سوود لە چەندین کەرەستەو شمەکی جیاواز وەربگرێت.

**چالاكی پێنجەم:** تێكەڵەیەك لە كەرەستەی جیاواز (Mix).

**كەرەستەو پێداویستی:**

١. چیلەكەی دار.
٢. كاخەزی ترێس.
٣. كاخەزی سپی و ڕەنگاوڕەنگ.
٤. چنگاڵ (چەتاڵ)، یان كەوچك، یان هەرشتێك قوتابییەكە پێی باش بێت.
٥. كەتیرەی وشك.
٦. مورو، یان هەر كەرەستەیەكی تر.

**چۆنییەتی جێبەجێكردن:**

مامۆستا پێش وەخت قوتابییەكانی ئاگاداركردۆتەوە لە ئامادەكردنی ئەم كەرەستانەدا، بۆیە لەكاتی جێبەجێكردندا داوا لە قوتابییەكان دەكات سەرنج بدەنە ئەو شێوەیەی مامۆستا زووتر بۆی ئامادەكردوون و دواتر قوتابییەكان لە چەند گروپێكدا كۆدەكاتەوەو ڕایاندەسپێرێت هەر گروپێك بەپێی ویستی خۆی كارو بیرۆكەكانی جێبەجێ بكات و مامۆستاش چاودێری گروپەكان دەكات.

**سوودەكانی ئەم كارە:**

١. وەك چالاكی چوارەم قوتابی تێدەگات، كە كاری هونەری بە كەرەستەو شمەكی جیاوازیش ئەنجام دەدرێت.
٢. قوتابی باشتر لە پڕكردنەوەو گرنگی بۆشایی و بارستە تێدەگات و باشتر مەتریاڵە بەرجەستەكان لەكاری هونەریدا بەكاردەهێنێت و دەیانخاتە خزمەتی كارە هونەرییەكەوە.



قوتابی له به‌کارهێنان و تێکه‌ڵکردنی که‌ره‌سته‌و شمه‌کی به‌رجه‌سته‌دا، هه‌میشه بیرۆکه‌ی تازه‌ی بۆدێت و ئاستی خه‌یاڵبازی پێشده‌که‌وێت و به‌دوای بابه‌ت و شێوه‌و که‌ره‌سته‌ی نوێدا ده‌گه‌ڕێت. ئیدی ئه‌وه‌ش وا له قوتابی ده‌کات هه‌موو شتێکی نامۆی پێ جوانبێت و به‌لایه‌وه سه‌یربێت، له کۆتاییشدا له‌کاری جوان تێده‌گات و ئاستی جوانناسیشی به‌رز ده‌بێته‌وه. له هه‌مانکاتیشدا ده‌توانێت و فێرده‌بێت سوود له هه‌موو که‌ره‌سته‌یه‌کی به‌رده‌سته وه‌ربگرێت بۆ ئه‌نجامدانی کاری هونه‌ری.

## لەم چالاکیانەدا قوتابی چی بەدەستدەهێنێت؟

پێویستە مامۆستا ئەم پرسیارە لەخۆی بکات، تا بزانێت لە کارەکەیدا چەند ئامانجەکانی پێکاوە؟ چونکە پێویستە مامۆستای کارزان هەمیشە بەداوای بیرۆکەو شێوازی جیاوازی کارکردنی نوێدا بگەڕێت و هەمیشە وانەکەی نوێ بکاتەوەو ئاستی خەیاڵبازی منداڵەکانیش بەرەو پێشەوە بەرێت، جا ئەگەر مامۆستا کەمێک خۆی ماندوبکات و بە دوای سەرچاوەی جیاوازدا بگەڕێت، ئەوا بێگومان قوتابییەکانیش تواناکانیان پێشدەکەوێت و باشتر لە مەبەستی سەرەکی تێدەگەن.

لێرەدا گەشەپێدانی بیرۆکەی قوتابی زۆر گرنگە، مەرج نییە هەر مامۆستا پێشنیار بکات، بەڵکو پێویستە مامۆستاش دەرفەت بۆ قوتابییەکانی برەخسێنێت و بواریان پێبدات، تا بیرۆکەو پێشنیارەکانی خۆیان بخەنە ڕوو، جا ئەگەر ئەم بیرۆکەو پێشنیارانە لە کاری کردارەکی ئەرکی ماڵەوەدا ڕەنگ بداتەوە هەر زۆر باش دەبێت و قوتابیش دەرفەتی باشتری دەبێت، تا ئاستی تواناکانی پیشان بدات و لە کارەکانیدا ڕەنگی پێبداتەوە.

هەروەها پێویستە مامۆستا هەوڵبدات قوتابیەکان هان بدات، تا بە گروپ کارەکانیان ئەنجام بدەن و کەمتر خۆ لەکاری تاککاری بدەن، ئەوەش وەک پێشنیار پێویستە بخرێتە بەردەم قوتابییەکان و سەرپشک بکرێن لە شێوازی هەڵبژاردنی کارکردنەکانیاندا.

## پێشانگەی پۆل

پێویستە مامۆستا لەهەر وانەیەکدا پێشانگەی پۆل بۆ کارە هونەرییەکان ساز بکات و هەر گروپێکیش سەرپشک بکات، تا لەسەر کارەکەیان بدوێن و بەوەش دەرفەتی خۆسازاندن و خۆڕێکخستن و ئیتیکی کارکردن و گفتوگۆکردن فێردەبن.

فەرهەنگۆک

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|
| Stability | إستقرار | ئارامگرتن، ئۆقرەگرتن، تویێتکەگرتن |
| Liberty | الحرية | ئازادی |
| Level | مستوى | ئاست |
| Simplification | تبسيط | ئاسانکردن |
| Familiar | مألوف | ئاسایی، باو، ئاشنا |
| Assyrians | آشوريين | ئاشورییەکان |
| Assyrian | الاشوري | ئاشوری |
| Attention | الانتباه | ئاگاداری، وریاکردنەوە |
| Moral | أخلاق | ئاکار |
| Instrument | آلة، أداة | ئامێر، ئامراز، کەرەستە |
| Readiness | الاستعداد | ئامادەیی |
| Preface | تمهيد | ئامادەکردن، ئاسانکردن، پێشەکی |
| Preliminary | تمهيدي | ئامادەکاری، ئامادەیی |
| Thickness | ثخانة | ئەستوری، سەختی، دژوار |
| Attitudes | الاتجاهات | ئاڕاستەکان |
| Tendency | ميل، أسلوب | ئارەزوو، حەز، مەبەست |
| Prism | المنشور (نشور زجاجي) | ئاوێزە |
| Consciousness | الوعي | ئاگامەندی |
| Experience | اختبار، تجربة، خبرة | ئەزموون (تاقیکردنەوە) |
| Experimental | اختباري، تجريبي | ئەزموونگەری |
| Acad | أكد | ئەکەد |
| Acadian | أكديين | ئەکەدییەکان |
| Result | نتيجة | ئەنجام |
| Imagination | التخيل، تصور | ئەندێشەکردن، خەیاڵکردن |
| Envy، Jealousy | حسد، غيرة | ئێرەیی، ئیرەیی، چکۆسی، کندۆسی، حەسوودی |
| Handdicraft | أعمال يدوية | ئیشی دەست، کاردەستی |

| | | |
|---|---|---|
| Conventional | تقليدي | باو |
| Valuable | قيم | بايەخدار، بەنرخ |
| Promotion | ترويج، تعزيز | برەوپێدان، پێشخستن |
| Generalization | التعميم | بڵاوکراوە (گشتاندن) |
| Basis, Basics | اساس، عنصر اساسي | بنەڕەت، بنچینە |
| Basics of Design, Principies of Design | أسس التصميم | بنەماکانی نەخشەسازی |
| Self conscious | واع ذاته، الوعي الذاتي | بەخۆزان |
| Self consistent | متاوق الاجزاء، منسجم مع ذاته | بەخۆگونجاو |
| Self approbation | الاستغراق في الذات | بەخۆوەگلان |
| Self indulged | منغمس في الذات، الانغماس الذاتي | بەخۆوەگلاو |
| Comparison | مقارنة | بەراورد، بەراوردکردن، بەراوردکاری |
| Visible | قابل للرؤية | بەربین (بەرچاو) |
| Response | استجابة، الاستجابة | بەرتەک |
| Voluntary Reaction | الاستجابة الارادية | بەرتەکی خوازەکی |
| Seek | التماس | بەرکەوتن، گەڕان |
| Perception | المدرک الحسي | بەرهەست |
| Manager | مدير | بەڕێوەبەر |
| Inference, deduction | أستدلال | بەڵگەهێنانەوە، بەرەنجام |
| Induction | الاستقراء، تجنيد، احداث، تقليد، تخليد | بەڵگەهێنانەوەی مادی |
| A paragraph | فقرة | بەند، بڕگە |
| Intuition | الحدس | بەهرە |
| Creative | خلاق | بەهرەدار |
| Acquired | المكتسب | بەهرەگیر |
| Field | مجال | بوار |
| Learning field | مجال التعليم | بواری فێربوون |
| Inheritance | وراثة | بۆماوەیی، ڕەگەما |
| Poster color | أصباغ البوستر | بۆیەی پۆستەر |
| Gouache color | أصباغ الجواش | بۆیەی گواش |

| | | |
|---|---|---|
| Water color | أصباغ المائية | بۆیەی ئاوی |
| Acrylic color | أصباغ أكريليك | بۆیەی ئەكریلیك |
| Quick Thinking | تفكير السريع | بیركردنەوەی خێرا |
| Recollection | استذكار، تذكر | بیرهێنانەوە |
| Ideas | أفكار، فكرة | بیرۆكە |
| Boredom | ملل | بێزار، بێتاقەت، بێ ئومێد |
| Vision | الرؤية | بینگە |
| Optic | البصري | بینەوەر |
| Anxiety | قلق | بێئارامی، پەژارە، بێئۆقرە، دوودڵ |
| Reward | ثواب، مكافأة | پاداشت، خەڵات |
| Prophylaxis | وقاية | پاراستن |
| Blocks | كتل | پارچە، تۆپەڵ |
| Hindsight | الاستبصار الخلفي، الادخار المتأخر | پاشبینی |
| Background | خلفية | پاشخان، پاشینە |
| Thrift | ادخار | پاشەكەوتكردن، زۆركردن |
| Motive | الدافع | پاڵنەر |
| Space | مساحة، الفضاء، مسافة | پانتایی |
| Reinforcement | تعزيز، تقوية، تعزز، تعمق | پتەوكردن، بەهێزكردن، ڕاهێزان |
| Dynamic | حركي، ديناميكي | پڕجووڵە، جووڵە (بزێو) |
| Dynamic character | شخصية الديناميكية | پڕجووڵە، كەسییەتی پڕجووڵە، جرپن |
| Forget it | فزولي | پرسن، كونچكاو (لەبیری بكە) |
| Project | مشروع | پڕۆژە |
| Program | برنامج | پڕۆگرام، بەرنامە |
| Educational programs | برنامج تعليمية | پڕۆگرامی فێركاری |
| Plan, policy, outline, schedule, schema | خطة، برنامج، خريطة، هدف، غاية | پلان، نەخشەڕێگە |
| Scheme | مخطط | پلانبۆدارێژراو |

| | | |
|---|---|---|
| Educational Plan | الخطة التعليمية | پلانی فێرکاری |
| Evolution | تطور | پەرەسەندن |
| Education | تربية | پەروەردە |
| Spectrum Colors | الوان الطيف | پەلکەزێڕینە |
| An example | مثال | پەند، نموونە |
| Curiosity | حب الاستطلاع | پەیدۆزی (لەدووگەڕان) |
| High Relief | نحت البارز | پەیکەری بەرزەڕوو، پەیکەری هەڵتۆقیو |
| Low Pictorial | نحت مبسط | پەیکەری تەختەڕوو |
| Relationship | علاقة، صلة | پەیوەندی |
| Classification | تصنيف | پۆلێنکردن |
| Depict | وصف | پیاهەڵدان، باسکردن |
| Collapse | طي | پێچانەوە، قەدکردن، لولدان |
| Winding | متعرج | پێچاوپێچ، بەرزونزم |
| Prophecy, forecast | تنبؤ، تكهن | پێشبینی، نوقلانە |
| Artisan | حرفي، صنائعي | پیشەگەر |
| Identical | مطابق | پێکچوو |
| Structure | بنية | پێکهاتە |
| Elements of abstraction | عناصر التجريد | پێکهاتە ڕووتەڵەکییەکان |
| Artistic elements | عناصر الفنية | پێکهاتە هونەرییەکان |
| Structure | تركيب، بنية | پێکهاتە، پێکهاتەی هونەری، بنەمای هونەری |
| Design Elements | عناصر التصميم | پێکهاتەکانی نەخشەسازی |
| Rebuilding | ترميم | پینەکاری، دەستپێداهێنان |
| Measure | قياس | پێوانە |
| Criterion | معيار، محك | پێوەر |
| Need for knowledge | الحاجة الى المعرفة | پێویستی زانیاری، زانستخوازی |
| Biological need, Biochemstry | الحاجات البايولوجية أو الحيوية | پێویستیە بیۆلۆجییەکان، زیندەکی |
| Educational board | لوحة تعليمية | تابلۆی فێرکاری |
| Low Relief | نحت نافر | تاشینی دیار (پەیکەری |

| | | |
|---|---|---|
| | | ڕووبەرز) |
| Experiment | تجربة | تاقیکردنەوە، ئەزموونکردن |
| Acceleration | تسارع | تاودان |
| Edgy | منفعل | تاوگیر |
| Emotion | إنفعال | تاوگیری(هەڵچوون بۆ ئەم دەستەواژەیە بەکارنایەت، چونکە مرۆڤ هەڵناچێت، بەڵکو تاوێک گیردەبێت) |
| Emotions | إنفعالات | تاوگیرییەکان |
| Privacy | خصوصية | تایبەتمەندی |
| Fear | خوف | ترس |
| Flat | منبسط | تەخت |
| Translation | ترجمة | تەرجومە (وەرگێڕان) |
| Architecture | العمارة، هندسة معمارية. فن معماري، أسلوب بناء | تەلار، ئەندازیاری تەلارسازی، هونەری تەلارسازی، شێوازی تەلارسازی |
| Formation | تكوين، تشكيل، بنية | تەواوکردن |
| Preparation | الاستعدادات، تنظيم، تنسيق | تەیاری، ڕێکخستن، خۆئامادەکردن |
| Ability | قدرة | توانا |
| Adaptability | قابلية التكيف | توانای خۆگونجاندن، توانای ڕاهاتن |
| Visual elements | العناصر البصرية | توخمە بینەوەرییەکان، پێکهاتە بینەوەرییەکان |
| Anger | غضب | تورەیی |
| Anatomy | تشريح | توێکاری |
| Notice | الملاحظة | تێبینی |
| Introspection | استبطان، التأمل | تێڕامان |
| Contemplating | التفكير | تێڕامان، لێوردبوونەوە، سەرنجدان |
| Satisfying, Satiation | الاشباع، اشباع | تێربوون |
| Look | تمعن | تێڕوانین، دیقەتدان، |

| | | |
|---|---|---|
| | | تێبینیکردن |
| Irradiation | اشعاع | تیشکدان |
| Rivalry | تناحر | تێکبەربوون |
| Damage | عطب | تێکچوون |
| Destruction | هدم، تخريب، تدمير | تێکدان، ڕووخاندن |
| Concord, Accord | تفاهم، وفاق | تێکگەیشتن |
| Mix | خلط | تێکەڵاوکردن |
| Dysfunctional system | اختلال النظام | تێکهەڵدایی |
| Scrimmage | مشاجرة | تێکهەڵقژان (تێکهەڵپژان) |
| Comprhension | استيعاب | تێگەیشتن |
| Common understanding, Mutual understanding | الفهم المشترک | تێگەیشتنی هاوبەش |
| Learning theory | نظرية التعلم | تیۆری فێربوون |
| Delinquent | جانح | جرپن، لاسار، سەرکێش |
| Delinquency | الجنوح | جرپنی، لاساری |
| Esthetic, aesthetic | علم الجمال، جمالي | جوانناسی، جوانزانی |
| Discrimination | تمييز | جیاکردنەوە، جیاکاری |
| Individual Differences | الفروق الفردية | جیاوازی تاکایەتی |
| Disparity, inequality, difference, variance, disproportion, Contrast | تفاوت، تباين، فارق، غير متساو | جیاوازی، جودایی، نایەکسان |
| Integration | تکامل | جێبەجێبوون، تەواوبوون |
| Application | تطبيق | جێبەجێکردن |
| Execution | أداء، تنفيذ، إعدام، إنجاز، إجراء، عمل حاسم | جێبەجێکردن، بەجێهێنان |
| World | العالم | جیهان |
| Globalization | العولمة | جیهانگیری |
| Print With a | طباعة بالبصمة | چاپگەری پەنجەمۆر |

| | | |
|---|---|---|
| Fingerprint | | |
| Behaviour therapy | العلاج السلوكي | چارەی ڕەفتاری، چارەکردنی ڕەوشتی |
| Activity | نشاط، فعالية | چالاکی |
| Observation | مراقبة | چاودێری (چاودێریکردنی شتێک) |
| Ream | غصن | چڵ |
| Repression | كبت | چەپاندن، سەرکوتکردن |
| focus, concentration, concentricity, condensation | تكثيف، تكاثف، تركيز، تلخيص، نتاج التلخيص، كتلة مكثفة | چەسپاندن، چەقاندن، دامەزراندن |
| Axial education | تربية محوري | چەقی پەروەردە |
| Concept | مفهوم، فكرة | چەمک، بیرۆکە |
| Square | مربع | چوارگۆشە |
| Taste | ذوق (الذوق الفني) | چێژ (چێژی هونەری) |
| Gustation | الذوق | چێژ، تام |
| Artistic taste | التذوق الفني | چێژی هونەری |
| Desire, Inclination | رغبة، ميل | حەز، ئارەزوو |
| Dot | النقطة | خاڵ |
| Dotting | تنقيطي، تنقيط | خاڵەکوتە |
| Point Faded | نقطة تلاشي | خاڵی ونبوون |
| Abreaction | تفريغ، تنفيس | خاڵیبونەوە، دامرکانەوە، ڕەوینەوە |
| Purity | صفاء | خاوێنی |
| schedule | جدول | خشتە |
| Sad | محزن | خەمگین |
| Depression | الاكتئاب، هبوط | خەمۆکی، دڵتەنگی |
| Dreams | الاحلام | خەون، خەونبینی |
| Fantasia | التخيل | خەیاڵبازی، فەنتازیا |
| Habit | عادة | خوو |
| Self Realization | تحقيق الذات | خۆبەدیهێنان |
| Self assertion | تأكيد الذات | خۆچەسپاندن |
| Self- centeredness | التمركز حول الذات | خۆخۆیی |

| | | |
|---|---|---|
| (Autocentrism) | | |
| Self closing | ذاتي الانغلاق | خۆداخەر |
| Self accusation | انتقاص نت الذات، الاتهام الذاتي | خۆداشکاندن، خۆدانەگومان، خۆتاوانبارکردن |
| Self reformation | اصلاح الذات | خۆدروستاندن، خۆچاککردن |
| Self expression | التعبير عن الذات | خۆدەربڕین، گوزارشتکردن له خود |
| Inborn | فطري | خۆڕسکی، ڕەچەڵەکی، سروشتی |
| Self discipline | ذاتي الانضباط | خۆڕێکخەر |
| Self abuse | اذلال الذات | خۆشکاندن |
| Joy | فرح | خۆشیی |
| Self acting | ذاتي الفعل، آلي | خۆکار |
| Self action | الفعل الذاتي | خۆکاری |
| Self control | ضبط النفس | خۆگری، دانبەخۆداگرتن |
| Self rising | ذاتي الاخمار، ذاتي قابل للاخمار | خۆگور (وەکو خۆڕسک) |
| Self denial | إنكار الذات | خۆنایاندن، نکوڵی لەخۆکردن |
| Self abandonment | التخلي عن الذات | خۆنەویستی |
| Self contradictory | مناقض نفسه | خۆهەڵوەشێن |
| Egoism | أنانية | خۆویستی (خۆپەرست) |
| Self | الذاتي | خۆیی |
| Family | الاسرة | خێزان |
| Customs and traditions | العادات و التقاليد | داب و نەریت |
| Isolation | عزل | دابڕان، تەریک کردنەوە، جیاکردنەوە |
| Distribution | توزيع | دابەشکردن |
| Invention | إبداع | داهێنان |
| Inventor | مبدع | داهێنەر |

| | | |
|---|---|---|
| Incubation | حضانة | دایەنگە، گۆشگری |
| Innovation, Invention | ابتكار | دروستكردن، دروستكردنێكی داهێنەرانە |
| Creating symbols | خلق الرموز | دروستكردنی هێما |
| ،Mental bygiene Psychological health | الصحة النفسية | دروستی دەرونی، دروستی دەرونایەتی |
| Long | طويل | درێژ |
| contradiction | تناقض | دژبەیەک |
| Volunteer | تطوع | دڵخواز، دڵخوازانە (خۆبەخش) |
| Stupid (Moron) | الغبي (المأنون) الغباوة (المورونية) | دەبەنگ، لاژک، کەودەن، گەوج |
| Expression | تعبير | دەربڕین، گوزارشت |
| Expressionism | التعبيرية | دەربڕینخوازی |
| Projection | الاسقاط | دەرپۆقین، چوکڵە، دەرپەڕین |
| Insight | الاستبصار | دەروونبینی |
| Inner self | ناشيءفي باطن الذات | دەروونزا |
| Psyche | نفس، روح | دەروون، گیان |
| Conclusion | استنتاج | دەرئەنجام |
| Handmade | يدوي | دەستکرد (بەدەست دروستكراوە) |
| Artificial | اصطناعي | دەستکرد، دروستكراو |
| body | هيئة | دەستە |
| Fanaticism | التعصب | دەمارگیری |
| Enrichment | إثراء، خصوبة، سعة، أناقة، ترف | دەوڵەمەندی |
| Mental retardation | التأخر العقلي | دواکەوتنی هۆشەکی |
| Repeatability | التكرار | دووبارەبوونەوە |
| Situation | حالة، وضع، موقف، حال، ظرف، مركز | دۆخ، بار، چۆنییەتی |
| Development | استنباط | دۆزینەوە، داهێنان، |

| | | |
|---|---|---|
| | | هەڵێنجان |
| Phenomenon | ظاهرة | دیاردە |
| Formalism | صوري | دیتەنی، وێنەیی |
| Learning debate | مناقشة التعلم | دیمانەی فێربوون |
| Sight | منظر | دیمەن |
| Oscillation | تأرجح، تذبذب | ڕاڕا، دوودڵ |
| Ornament | زخرفة | ڕازاندنەوە |
| Adornment | زخرفة | ڕازاندنەوە (ڕازاندنەوەی بنمیچ) |
| Ornamentation | تزيين، تزين (مصدر زينة) | ڕازاندنەوە (شتێک بڕازێنینەوە) |
| Lavish | زخرفة | ڕازاندنەوە، نەخشاندن |
| Reality | حقيقة، واقع | ڕاستی |
| Real | حقيقي، واقعي | ڕاستییەکی، ڕاستێتی |
| Analysis, Explanation | تحليل، تفسير | ڕاڤە، ڕاڤەکردنی بابەتێک |
| Stretch | تمطط، تمتد | ڕاکێشان، درێژبووەوە، کشان |
| Communication | اتصال | ڕاگەیشتن، پەیوەندیگرتن |
| Habituation | التعود | ڕاهاتن (گونجاندن، سازاندن) |
| Strengthening | تقوية | ڕاهێزان |
| Training | تدريب، تدرب، تمرين | ڕاهێنان |
| Yarn and textile | غزل و النسيج | ڕستن و چنین |
| Integration | تكامل | ڕەخسکان، تەواوکاری |
| Critic | ناقد | ڕەخنەگر |
| Art critic | الناقد الفني | ڕەخنەگری هونەری |
| Behaviour | سلوك | ڕەفتار، ڕەوشت، کردار |
| Diffuse Behaviour | السلوك المشتت | ڕەفتاربڵاو، ڕەفتاری پەرشوبڵاو، ڕەوشتی پەرتوبڵاو |
| Behaviorism | السلوكية | ڕەفتارییەتی، ڕەوشتایەتی |
| Sex | الجنس | ڕەگەز، نەژاد |

| | | |
|---|---|---|
| Instinct | غريزة | ڕەمەک |
| Daltonism Achromatism | عمى الالوان، عمى الالوان العام | ڕەنگ کوێری |
| Paint, color | لون، صبغ، طلاء | ڕەنگ، بۆیە |
| Dyer | صباغ، صابغ | ڕەنگکار |
| Colouring, coloring | تلوين بشكل فني | ڕەنگکردن بەشێوەی هونەری |
| Cool color | الالوان الباردة | ڕەنگە ساردەکان |
| Primary color | الالوان الاولية | ڕەنگە سەرەتاییەکان |
| Warm color | الالوان الحارة | ڕەنگە گەرمەکان |
| Pastel color | لون الباستل | ڕەنگی پاستیل |
| Tempra color | الوان تمبرا | ڕەنگی تێمپرا |
| Oil color | اللون الزيتي | ڕەنگی ڕۆنی |
| Glass color | لون الزجاج | ڕەنگی شوشە |
| Fresco color | ألوان الفريسكو، ألوان في الهواء الطلق | ڕەنگی فریسکۆ |
| Dyeing | خضاب، صبغ | ڕەنگی کردن، ڕەنگکار |
| Gouache color | ألوان الغواش | ڕەنگی گواش |
| Water color | الالوان المائية | ڕەنگی ئاوی |
| Acrylic color | لون الاكريليک | ڕەنگی ئەکریلیک |
| Course of development | سير النمو | ڕەهەندی فراژووتن |
| Perspective | منظور | ڕوانگە |
| Artistic Vision, Technical vision | الرؤية الفنية | ڕوانگەی هونەری |
| Abstract | تجريد | ڕوتەڵەک (ڕوتکراوە، داماڵدراو لە وێنە، داماڵدراو لە شێوە) |
| Frustration | احباط (خيبة) | ڕوخاندن، سەرنەکەوتن |
| Lot, Platform | مسطح | ڕووتەخت |
| Feel | ملمس | ڕووگە |
| Optical Contactor | الملامس البصرية | ڕووگە بینەوەرییەکان |
| Method | طريقة | ڕێباز، ڕێگە |

| | | |
|---|---|---|
| Rhythm | إقاع | ڕیتم |
| Irregular Rhythm | إقاع غير منتظم (غير رتيب) | ڕیتمی ڕێکنەخراو |
| Sequence | تسلسل | ڕیزکردن، زنجیرە |
| Attribution | نسب | ڕێژە |
| Rule | قاعدة | ڕێسا، یاسا |
| Arrangement | ترتيب، تنظيم | ڕێکخستن، سازکردن |
| Regulator | منظم | ڕێکخەر، |
| Labial/ Orally | شفوي | زارەکی |
| Kindergarten | روضة الاطفال | زارۆخانە، باخچەی مندالان. زارۆک: بەکرمانجی یاتی مندالّ. خانە: بەهەورامی یانی ئەو شوێنەی لێی کۆدەبنەوە، یان خانو. زارۆخانە، کتومت لەبری وشە ئینگلیزییەکە دانراوە. |
| Cognition | معرفة | زانیاری، زانیار |
| Kataphasia | التهتهة، ثقل اللسان | زمانگرتن، لالّ، زمان پەلّتی |
| Linguistics | علم اللغة | زمانەوانی، زمانناسی |
| Compelling | اجبار، قهر | زۆرلێکردن |
| Intelligence | ذكاء | زیرەکی |
| Androgyny, Effeminacy | تخنث | ژنانی، نەمێریی |
| Culture | ثقافة، الحضارة | ڕۆشنبیری، ژیاری، شارستانییەت |
| Environment | البيئة | ژینگە |
| Simplicity | بساطة | سادەبوونەوە |
| Adaptation | التكيف | سازان، ڕاهاتن (خۆگونجاندن) |
| Nature | طبيعة | سروشت |
| Naturalism | المذهب الطبيعي | سروشتگەرایی |
| Passional nature | الطبيعة الانفعالية | سروشتی تاوگیر |
| Inspiration | الهام | سرووش |

| | | |
|---|---|---|
| coin | عملة | سکه (دراوی کانزایی) |
| Confidence limits | حدود الثقة | سنوری متمانه |
| Resources | مصادر | سەرچاوە |
| Springs | منابع | سەرچاوە، سەرچاوەکان |
| Brawler | مشاكس | سەرکێش |
| Contemplation | تأمل | سەرنجدان، تێڕامان، لێوردبوونەوە |
| Attractive | جذاب | سەرنجڕاکێش |
| Quotient | الحاصل | سەرئەنجام، ئەنجام |
| Triangle | مثلث | سێگۆشە |
| Expert | خبير، صاحب خبرة | شارەزا، بەئەزموون |
| Skill, expertise, experiences | مهارة، خبرة، ممارسة | شارەزایی، کارامەیە، لێزانی |
| Comb | مشط | شانە، شە |
| Agitation, disturbance | إضطراب | شڵەژان، ناڕێکی |
| Spectrum | طيف | شەبەنگ، تارمایی، پلەی ڕەنگی |
| Passion | شغف | شەیدایی، پەرۆش |
| Analysis | تحليل | شیکردنەوە، شرۆڤەکردن |
| Light and Lysiss | تحليل الضوء | شیکردنەوەی ڕەنگ، شیکردنەوەی ڕووناکی |
| Style, method, manner, way, mode, technique | اسلوب، نمط، سلوك، نسق، نوع، وضع | شێواز، شێوە، ڕێگە |
| Direct style | اسلوب مباشر | شێوازی ڕاستەوخۆ |
| Engineering forms | أشكال الهندسية | شێوە ئەندازەییەکان |
| Form, Figure | صورة، شكل | شێوە، دیمەن، وێنە، ڕوخسار |
| Wide | واسع، عريض، شاسع | فراوان |
| Abundant | كثير، الوافر | فرە |
| Diversity | التنوع | فرەجۆری |

| | | |
|---|---|---|
| Polychrome | متعدد التلوين | فرەڕەنگ |
| Polychrome, miscellaneous | متنوع، متنوع الالوان | فرەڕەنگ، جۆراوجۆر |
| Frottage | فروتاج | فروتاج |
| Brush | فرشاة، فرشة | فڵچە |
| Porcelain | بورسلين | فەفوری، پۆرسەلین |
| Fantastic | خيالي | فەنتازی، خەیاڵی |
| Learning | تعليم | فێربوون |
| Festival | مهرجان، احتفال | فێستیڤاڵ، ئاهەنگ گێڕان |
| Size | حجم، مقاس | قەبارە |
| Charming, Revis | رائع | قەشەنگ |
| armor | درع، صفائح معدنية واقية | قەڵغان |
| Pencil | قلم رصاص | قەڵەم ڕەساس |
| Gulp | بلع | قوتدان |
| Pyramid | هرم | قوچەک |
| Graph paper | ورقة الرسم البياني | کاخەزی بەیانی، کاخەزی وێنەی بەیانی، کاخەزی میلیمەتری |
| Good Performance | حسن الاداء | کارباشی (کەسێک کاری باش ئەنجام دەدات) |
| Touching | مؤثر | کارتێکەر |
| Reaction | رد فعل، رجع | کاردانەوە، پەرچەکردار |
| Interaction | تفاعل | کارلێککردن |
| Metal | معدن | کانزا |
| Practicability, procedure, practice | عملية، إجرائات، طريقة، أسلوب | کردار، کرداری، پراکتیکی |
| Practical | عملي | کردارەکی، کردەیی |
| Glue | صمغ | کەتیرە |
| Raw material | مواد خام | کەرەستەی خاو |
| Person | شخص | کەس |
| Personality | الشخصية | کەسایەتی |
| Atmosphere, | وضع، وضع العام | کەش، دۆخ، دۆخی گشتی |

| | | |
|---|---|---|
| General mode | | |
| Utilization | استخدام، استغلال، انتفاع | کەڵکوەرگرتن، بەکارهێنان |
| Superposition | تراكب | کەڵەکەبوون، چونەسەریەک (بۆشێوە ئەندازەییەکان بەکاردێت) |
| Short | قصير | کورت |
| Barrier | حاجز، عقبة | کۆسپ، بەربەست |
| Drilling | حفر | کۆڵین |
| Society | مجتمع | کۆمەڵ، کۆمەڵگە |
| Formation | تكوين، تشكيل | کۆمەڵەکردن، کەڵەکەکردن |
| Problem | مشكلة | کێشە، گیروگرفت، ئاریشە، گرفت |
| Psychological conflict | الصراع النفسي | کێشەی دەروونی، ململانێی دەروونی |
| Humour, Funny mock | سخرية، سخر | گاڵتە: بابەتێکی هونەری، یان ئەدەبی، کە ببێتە هۆی پێکەنین |
| Winged ox | ثور مجنح | گای باڵدار |
| Convulsion | تشنج | گرژبوون، بارگرژی |
| Muscle tension | توتر عضلي | گرژی ماسوولکەیی |
| Group | مجموعة، فئة | گروپ، کۆمەڵە |
| Psychological node | العقدة النفسية | گرێی دەروونی |
| Pottery, Crockery | فخار | گڵجۆشی |
| Ceramic | سيراميك، فخار | گڵێنەکاری، سیرامیک |
| Bright | لماع، مشرق | گەش، ڕووناک، درەوشاوە |
| Optimism | تفائل | گەشبین، خۆشبینی |
| tour | جولة، سفرة، زيارة | گەشت |
| Professional tour | جولة الفنية | گەشتی هونەری |
| Development | نمو | گەشە |
| Growth | نمو | گەشە، وەرار |
| Developing the ability to criticize | تنمية القدرة على النقد | گەشەپێدانی توانستی ڕەخنەگرتن |

| | | |
|---|---|---|
| Motor growth | النمو الحركي | گەشەجوڵە |
| Gallery | جاليري، صالة عرض فني | گەلەری، گالێری |
| Adult | راشد | گەورە، هەراش، پێگەییو |
| Agree | توافق | گونجان، ڕێککەوتن |
| Consistency | التناسق | گونجاندن |
| Color Scheme | نظام الالوان | گونجاندنی ڕەنگی |
| Canvac | خيش | گونییە، گوش، پەرچەمی ڕەشماڵ، قوماشێکی زبر |
| Cemetery | مقبرة | گۆڕستان |
| Modulation | تحوير | گۆڕین (گۆڕانکاری لە چینەکانی دەنگدا) |
| Isolation | منعزل | گۆشەگیر |
| Solitary | منعزل، وحيد، فريد، منفرد | گۆشەگیر، تەنیا، |
| Introversion | انطواء | گۆشەگیر، کەسێک پەنگبەخواتەوە، خۆیدەخواتەوە |
| Social isolation | إنعزال إجتماعي | گۆشەگیری کۆمەڵایەتی |
| Skewness, deviation | إنحراف | لادان |
| Refraction | إنحراف، إنكسار | لادان، شکانەوە |
| Slanted | مائل | لار، خوار، لێژ |
| Aberration | جنوح، إنحراف، ضال، شاذ | لاساری، سەرکێش، ڕێزپەر |
| Imitation | تقليد، المحاكات | لاسابیکردنەوە، لاساکردنەوە، دەمەلاسکێ، چاولێکەری |
| Profile | جانبي | لاوەکی |
| Biased | منحاز | لایەنگیر |
| Capacity, literacy | الكفائة، القابلية | لەبار، چوستی، توانست، لێهاتوویی |
| Body | جسم | لەش، بەدەن، جەستە |
| Physical | جسدي | لەشەکی، تەنیەتی، جەستەیی |
| Similarity | التماثل | لەیەکچوون، وەکیەکبوون |

| | | |
|---|---|---|
| Polished | أملس، صقيل | لوس، ساف |
| Proceedings, procedure, steps | إجرائات، محضر، متابعة، مقاضاة، أحداث، التصرف | لێپرسینەوە، بەدواداچوون |
| Development | تطوير | لێزیادکردن، پەرەپێدان |
| Convergence | التقاء، نقطة التقاء، تجمع | لێکنزیکردنەوە |
| Investigation | إستقصاء | لێکۆڵینەوە، بەشوێنداگەڕان |
| Skilful | بارع، متفنن | لێهاتوو |
| Muscle | عضلة | ماسوولکە |
| Fatigue | التعب، اعياء | ماندووبوون، کۆڵدان، شەکەتبوون |
| Backward child | طفل متخلف | منداڵی دواکەوتوو، بیرکۆڵ |
| Mongolism (Down Syndrome) | المنغولية (تلازمة داون أو تناذر داون) | مەنگۆلی (داون سیندرۆم) |
| Seal | ختم، علامة، طابع | مۆر (وەک مۆری فەرمی دەوڵەت) |
| Museum | متحف | مۆزەخانە |
| History | تأريخ | مێژوو |
| Art History | تأريخ الفن | مێژووی هونەر |
| Mesopotamia | بلاد مابين النهرين | میسۆپۆتامیا، وڵاتی نێوان دوو ڕووبار |
| Brain | دماغ | مێشک، دەماغ |
| Unfit | غير مناسب | ناجۆر (نەشیاو) |
| Agnosticism | اللاايرادية | نازانکاری، بێخۆویستن |
| Contradiction | تناقض | ناکۆکی، دژواری |
| Conflict | صراع | ناکۆکی، ململانێ، کێشە |
| Alienation | إغتراب، خلل عقلي، انسلاخ، تغرب، ضياع | نامۆیی، تاران، نامۆیی دەروونی، کەسێکی هۆشڕۆیشتووە |
| Inartistic | غير فني، بدون موهبة | ناهونەری، بێهونەری، بێبەهرە |
| Abnormal | شاذ، غير عادي | نائاسایی، نامۆ |
| Price | سعر، ثمن | نرخ، بەها |

| | | |
|---|---|---|
| Evaluation, Estimate, Estimation | تقدير، تقييم، التثمين، التخمين | نرخاندن، خەملاندن |
| Assessment | إضفاء، التقويم | نرخاندن، هەڵسەنگاندن |
| Sample | عينة | نموونه |
| Design | تصميم | نەخشەسازی |
| Embroidery | تطريز | نەخشەکاری بە دەرزی و دەزوو، دەزوکاری، دەرزیکاری |
| Deep Engraving | نقش غائر | نەخشی چاڵ (لێگرتن) |
| Skin disease | المرض الجلدي | نەخۆشی پێست |
| Software | البرمجيات (الحاسوب) | نەرمەبەرنامە |
| Mores / Tradition | عرف، عادات | نەریت (داب و نەریت) |
| Dissonant | متنافر | نەشیاو، نالەبار، جیاواز |
| Constant | ثابت، ثبوت | نەگۆڕ، جێگیر، چەسپاو |
| Fillet | زخرفة ناتئة ضيقة | نەخشاندنی تەنک |
| Secret | سر | نهێنی |
| Trait | سمة | نیشانە، هێما، مۆرک |
| Oil painting | رسم بألوان الزيتي | نیگارکێشانی ڕۆنی |
| Children's drawing | رسوم الاطفال | نیگاری منداڵان، وێنەی منداڵان |
| Belonging | الانتماء | هاتنەڕیز، گەشەکردن، لایەنداری |
| Cooperation | تعاون | هاریکاری، هاوکاری، هەرەوەز |
| Suspense | تشويق | هاندان، لاشیرینکردن |
| Proportionality | تناسب | هاوتایی، هاوڕێژەیی |
| Modern | معاصر | هاوچەرخ، مۆدێرن، نوێ |
| Balance | توازن | هاوسەنگ |
| Poising, Pond | اتزان | هاوسەنگی |
| Synergy | التضافر | هاوکاری، یارمەتی |
| Idea | فكرة، فكر | هزر، بیر، بیرۆکە |
| Teenager | المراهق | هەرزەکار |

| | | |
|---|---|---|
| Adolescence | مراهقة | هەرزەکاری، باڵقبوو |
| Feeling | شعور | هەست |
| Unacenesthesia | عدم الاحساس بالذات | هەست بەخۆنەکردن |
| Consciousness | إحساس، حس | هەستکردن |
| Sensation | إحساس | هەستکردن |
| Sensory Perception | الادراک الحسي | هەستکردن |
| Feelings | الاحاسيس | هەستەکان |
| Sense of Accomplishment | الاحساس بالانجاز | هەستی بەجێهێنان |
| Aesthetic sense | الحس الجمالي | هەستی جوانناسی |
| Sensitive "Sensitivity" | حساسية | هەستیاری، هەستەوەری |
| Portfolio | حقيبة | هەگبە |
| Educational bags | الحقائب التعليمية | هەگبەی فێرکاری |
| Chance | فرصة | هەل |
| Relief | بارز، نافر | هەڵتۆقیو، ڕووبەرز (پەیکەری ڕووبەرز) |
| Cavalletto, Stand | ستاند، حمال | هەڵگری تابلۆ، ستاند، ڕاگر |
| Attitude | موقف، إتجاه | هەڵویست، ئاڕاستە |
| Clay | صلصال، طين | هەویر، هەویری قوڕکاری |
| Art | الفن | هونەر |
| Artist | فنان | هونەرمەند |
| Fine Arts | الفنون الجميلة | هونەرە جوانەکان |
| Artistic | فني | هونەری |
| Art Printing | الفن الطباعة | هونەری چاپگەری |
| The art is the language of communication | الفن هو لغة التواصل | هونەری ڕاگەیشتن، زمانی هونەری ڕاگەیشتن، هونەر زمانی پەیوەندیکردنە |
| Abstract art | فن تجريدي | هونەری ڕوتەڵەک |
| Graphic arts | فن جرافيک (الفنون التصويرية) | هونەری گرافیگ |
| Modern art | الفن الحديث، الفن المعاصر | هونەری هاوچەرخ |
| Cause | سبب، علة | هۆ |

| | | |
|---|---|---|
| Practical Hall | قاعة عملية | هۆڵی فرەمەبەست، هۆڵی کردارەکی، ئەزمونگە |
| Line | خط | هێڵ |
| Drawing | تخطيط | هێڵکاری |
| Lines | خطوط | هێڵەکان |
| Horizontal Line | خط الافقي | هێڵی ستونی |
| Symbol | رمز | هێما، سیمبول |
| symbolism | رمزية | هێماگەرایی |
| Allegoric, allegorical, Symbolic | رمزي | هێمایی |
| Slow learner | بطيء التعلم | هێواش فێربوون، سست فێربوون |
| Meaning | مدلول | واتا، ناوەڕۆک، کرۆک |
| Accuracy | الدقة | وردی، پوختی |
| Excitation | إثارة، الاثارة | وروژاندن |
| Delayed Response | إستجابة مرجأة، رد متأخر | وەڵامدانەوەی دواخراو، بەرتەکی دواخراو |
| Conscience | وجدان | ویژدان |
| Imagingation | خيال، تخيل | وێناکردن، خەیاڵکردن، وێنا، خەیاڵ |
| Image | صورة | وێنە |
| Image mental | صورة ذهنية، صورة العقلية | وێنەبیرییەکان |
| Pictorial Relief | التجسيم التصويري الاغاثة التصويرية | وێنەی بەرجەستەکراوی |
| Illustration | رسوم الايضاحية | وێنەی ڕوونکاری |
| Assistant | مساعد | یاریدەدەر |
| Monochrome | أحادية اللون | یەکڕەنگی، یەکڕەنگ |
| Proportionality | التناسب | یەکسانبوون، هاوتایی |
| Lesson units | وحدات الدرس | یەکەکانی وانە |
| Lesson Vocabulary | مفردات الدرس | یەکەکانی وانە، وشەکانی وانە |
| Vocabulary | مفردات | یەکەی زمان، یەکە، وشە |

## سەرچاوە کوردییەکان

- تاهیر، عبدالستار، قاموسی دەروون ناسی، ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی، چ١، چاپخانەی عەلاء ، بەغدا، ١٩٨٥.

- پیربال، فەرهاد، مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستان، لە کۆنەوە، تا پەنجاکان. بڵاوکراوەی دەزگای مێرگ، هەولێر، ٢٠٠٦.

- خاڵ، شێخ محەمەد، فەرهەنگی خاڵ، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

- عبداللـه، مجید، فەرهەنگی سەرچاوە، عەرەبی-کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٤

- عەلی، خەلیل، بنەماکانی پەروەردەی هونەر لە زارۆخانەو خوێندنگاکان. چ٢، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠١٦

- عەلی، خەلیل، پەروەردەی هونەری لە باخچەی ساوایانەوە تا دوا قۆناخی بنەڕەتی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤

- عمر، محمد، فەرهەنگی مەورید، ئینگلیزی-کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٣

- مەمەند میراودەلی، کەمال، فەلسەفەی جوانی و هونەر، زانکۆی سلێمانی- کۆلیجی ئاداب- بەشی زمانی کوردی، ١٩٧٩.

- محەمەد، مەسعوود، زاراوەسازی پێوانە، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ، ٢٠١١

- مستەفا، محمد، فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر، ئینگلیزی-کوردی، چ٢، لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، هەولێر ٢٠١٢.

- پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی: مستەفا ساڵح کەریم، فایق هۆشیار، مەحمود ئەحمەد محەمەد، ئەحمەد زرنگ، محەمەد نوری تەوفیق، ب١، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٩٥.

- پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی: مستەفا ساڵح کەریم، فایق هۆشیار، مەحمود ئەحمەد محەمەد، ئەحمەد زرنگ، محەمەد نوری تەوفیق، ب٢، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٩٥.

- پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی: مستەفا ساڵح کەریم، فایق هۆشیار، مەحمود ئەحمەد محەمەد، ئەحمەد زرنگ، محەمەد نوری تەوفیق، ب٣، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٩٦.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

- ابو الرب، محمد خليل، التربية الفنية و طرائق تدريسها، ط١، منشورات جامعة القدس المفتوحة، عمان، ١٩٩٦.
- ابو حويج، مروان، المناهج التربوية المعاصرة، القاهرة، ١٩٩٩.
- أرحيم هبة، أحمد، تأريخ الشرق القديم (٢): بلاد مابين النهرين (العراق)، دار الحكمة اليمانية، صنعاء، يمن، ١٩٩٦.
- اسكندر، كمال و غزاوي محمد، مقدمة فی التكنلوجيا التعليمية، مكتبة الفلاح، الكويت، ١٩٩٤.
- الآصيل، ناجي، ابداعات التاريخ فی العراق. كراس بلاد النهرين، مديرية الاثار، المتحف العراقي، لندن، ١٩٥٧.
- باقر، طه، مقدمة فی تاريخ الخضارات القديمة، ج١، ط٢، بغداد، ١٩٨٦.
- بدران، شبل، الاتجاهات الحديثة فی تربية طفل ما قبل المدرسة، دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٠.
- البسيوني، محمود، اسس التربية الفنية، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٩٣.
- جروان، فتحي، تعليم التفكير – مفاهيم و تطبيقات، دار الكتاب الجامعي، العين، الامارات العربية المتحدة، ١٩٩٩.
- جودي، محمد، تعليم الفن للاطفال، دار الصفاء للنشر، عمان، ١٩٩٧.
- حسين، عبدالمنعم خيري، القياس و التقويم فی الفن و التربية الفنية، مركز الكتاب الاكاديمي، عمان، ٢٠١١.
- الحوراني، ميسون. ١٩٩٨؛ الطقوس والمعتقدات فی العصر الحجري الحديث فی الشرق الادنی القديم (حوالی ٨٥٠٠– ٤٥٠٠ ق.م)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة اليرموك: إربد.
- الحيلة، محمد محمود، التربية الفنية و اساليب تدريسها، ط١، دار المسيرة للنشر و التوزيع والطباعة، عمان، ١٩٩٨.

- الحيلة، محمد، تكنلوجيا التعليم بين النظرية والتطبيق، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، عمان، ٢٠٠٣.
- الخضراء، فادية، تعليم التفكير الابتكارى و النقد، مركز ديبونة للطباعة والنشر، عمان، ٢٠٠٥.
- الخطيب، احمد و آخرون، دليل البحث و التقويم التربوي، دار المستقبل للنشر و التوزيع، عمان، ١٩٨٥.
- الدباغ، تقي. حضارة العراق - البيئة الطبيعية والانسان، ج١، بغداد، ١٩٨٥.
- ديلا بورت، بلاد مابين النهرين، ت: محرم كمال، ط٢، الهيئه المصرية العامة للكتاب، مصر، ١٩٩٧.
- رشيد، جمال، ظهور الكرد فى التاريخ، ج١، دار ئاراس، أربيل، ٢٠٠٣.
- الرشيدات، عبدالله و جعيني، المدخل الى التربية والتعليم، دار الشروق، عمان، ١٩٩٤.
- روتن، مارغريت، تأريخ بابل، ت: زينه عازار و ميثال ابى فاضل، ط٢، منشورات عويدات، بيروت – باريس، ١٩٨٤.
- ريد، هربرت، التربية عن طريق الفن، ت: عبدالعزيز جاويد، الهيئة المصرية العامه للكتب، القاهرة، ١٩٩٦.
- الزغول، عماد، مباديء علم النفس التربوي، دار الكتاب الجامعي، العين، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٢.
- زكى، لطفي محمد، التربية الفنية المعاصرة، دار المعارف، القاهرة، ١٩٧٠.
- السعود، خالد محمد، تكنلوجيا ووسائل التعليم و فاعليتها، ط١، مكتبة المجتمع العربى للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٨.
- التربيه الفنية – دليل المعلم، (الصف السادس)، وزارة التربية و التعليم- ادارة المنهاج والكتب المدرسية، ط١، عمان، الاردن، ٢٠٠٧.
- سليم، احمد امين، العصور الحجرية و ماقبل الاسرات فى مصر و شرق الادنى القديم، الاسكندريه، مصر، ٢٠٠١.
- سليم، احمد فؤاد، حدس المرئي و اللامرئي فى الصورة البصرية، قطر، ٢٠٠٦.
- سيد، فتح الباب عبدالحليم، البحث فى الفن و التربية الفنية، ط٢، عالم الكتب، القاهره، ١٩٩٧.

– الشـال، محمـد النبـوي، منهـاج و طرائـق تـدريس التربيـة الفنيـة، دار العـالم العربى للطباعة، القاهره، ١٩٩٣.
– الشهرى، عبدالله، الاتجاه المعرفي المنظم فى تدريس التربية الفنية، حولية كلية التربية – جامعة الملك سعود، ٢٠٠٧.
– شوقي، اسماعيل، مدخل الى التربية الفنية، ط٢، دار المعرفة للنشر والتوزيع، زهرة الشرق، القاهرة، ٢٠٠٢.
– صبحى انور رشيد و حياة عبد علي الحوري. الاختام الاكدية فى المتحف العراقي، دار الحرية للنشر، بغداد، ١٩٨٢.
– عبدالله، عبدالكريم. الاساليب والدوافع الفنية، كتاب بعنوان (فنون الانسـان القديم)، مطبعة المعارف بغداد، ١٩٧٣.
– عبدالله، عبدالكريم، الفن معناة و تطوره و علاقة الانسان به، كتاب بعنوان (فنون الانسان القديم أساليبها و دوافعها)، مطبعة المعارف، بغداد،١٩٧٣.
– عماري، جهاد سليمان و آخرون، التربية الفنية– اصولها، طرائق تدريسـها، ط١، عمان، ١٩٩١.
– ف.دياكوف و س.كوفاليف، الحضارات القديمة، ت: نسيم واكيم يازجى، ج.١، دار العلاءالدين، دمشق، ٢٠٠٠.
– ف.ك.أفاناسيف، أقدم مراحل فن وادي الرافدين. كتاب حول: فنون الشرق القديم. صـادر عـن أكاديمية علـوم الفـن لعمـوم الاتحـاد السـوفياتي. مطبعة اسكوستفا، موسكو–١٩٦٨.
– فـارس، شـمس الـدين، الجـذور التاريخيـة للصـور الجداريـة المعاصـرة فـى العراق. كتاب حول: المنابع التاريخية للفن الجداري فى العراق المعاصر. وزارة الاعلام مديرية الثقافة العامة، مطبعة رمزي، بغداد، ١٩٧٤.
– فـراج، عفـاف احمـد، سـيكولوجية التـذوق الفنـي، مكتبـة الانجلـو المصـرية، القاهرة، ١٩٩٩.
– فيشـر، ارنسـت، التربيـة الفنيـة، ت: اسـعد حلـيم، ط١، هـلا للنشـر والتوزيـع، الجيزة، مصر، ٢٠٠٢.
– قنـديل، يـس عبـدالرحمن، التـدريس و اعـداد المعلـم، ط٣، دار النشـر الـدولي، الرياض، ٢٠٠١.
– كفافي، زيدان. الاردن فى العصور الحجرية، مؤسسة آل البيت: عمان. ١٩٩٠

- كونتينو، جورج. الحياة اليومية فى بلاد بابل وآشور، ت: سليم طه التكريتي و برهان عبد التكريتي، ط١، دار الجمل البيروتية – البغدادية.
- لويد، سيتون، آثار بلاد الرافدين، من العصر الحجري القديم حتى الغزو الفارسي، ت: محمد طلب، ط١، دار دمشق للنشر، دمشق، ١٩٩٣.
- محمد بيومي مهران و محمد على سعدالله، دراسات فى عصور ما قبل التاريخ، الاسكندرية، مصر. ٢٠٠٥.
- محمود عبدالحميد و آخرون، اثار الوطن العربي القديم (العراق، سورية، مصر)، دمشق، ٢٠١٠.
- محيسن، سلطان. بلاد الشام فى عصور ما قبل التاريخ، دار الآبجدية: دمشق. ١٩٩٤
- المزين، عبدالرحمن، الفكر الاسطوري الكنعانى، دار الفضائات للنشر والتوزيع، ٢٠١١.
- ميلارت، جيمس. أقدم الحضارات فى الشرق الادنى، ت: محمد طلب، دار دمشق: دمشق. ١٩٩٠
- النجيحي، محمد لبيب و محمد منير مرسى، المناهج و الوسائل التعليمية، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧٧.
- النمري، غسان. عمان فى العصر الحجري الحديث التحليل البنائي لمنحوتات عين غزال، أمانه عمان: عمان. ٢٠٠٢
- نون، نائل، حقيقة السومرية و دراسات اخرى فى علم الاثار والنصوص المسمارية، دار الزمان، ٢٠٠٧.
- يورى ديميتريفن، الانسان و الحيوان عبر التاريخ من الاسطورة الى التقديس الى واقع المعاش، ت: محمد سليمان عبود، ط١، دار النمر للنشر، ١٩٩٣.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- "Salt Dome in the Zagros Mountains, Iran". NASA Earth Observatory. Retrieved 2006-04-27.(PDF).
- Arheim, Rudolf, Art and Visual Percepttion, Universi, California Press. 1954.
- Bahn, Paul, ed. (2002). The Penguin archaeology guide. London: Penguin Books. ISBN 0-14-051448-1.

- Bahrani, Z. (1998), "Conjuring Mesopotamia: imaginative geography a world past", in Meskell, L., Archaeology under fire: Nationalism, politics and heritage in the Eastern Mediterranean and Middle East, London: Routledge. ISBN 978-0-415-19655-0.
- Bozeman, W,C, Educational Technology: Best Practices from Americans Schools, NJ: Eye on Education. 1996.
- Breasted, James Henry (2003). Ancient Time or a History of the Early World, Part 1. Kessinger Publishing.
- Brian Fagan. Cro-Magnon: How the Ice Age Gave Birth to the First Modern Humans, 2011.
- Clive Finlayson. The Humans Who Went Extinct: Why Neanderthals Died Out and We Survived, ISBN-13: 978-0199239191.
- Delage, Christophe, ed. (2004). The last hunter-gatherers in the Near East. Oxford: British Archaeological Reports 1320. ISBN 978-1-84171-389-2.
- Dimitra Papagianni & Michael A. Morse. The Neanderthals Rediscovered: How Modern Science Is Rewriting Their Story (Revised and Updated Edition), ISBN-13: 978-0500292044.
- Donna Hart; Robert W. Sussman. Man the Hunted. ISBN 0-8133-3936-7.
- Dragoslav Srejovic Europe's First Monumental Sculpture: New Discoveries at Lepenski Vir. (1972) ISBN 0-500-39009-6
- Euthanasia. M. Helping Parents Help their Kids A Clinical guide to six child problem rewired journal. University of Colorado now. 2003.
- Feinberg, Sandra; Kuchner Joan F. and Feldman, Sari: Learning Environments for Young Children. Chicago, American Lebrary Association, 1998.
- Fiona Wait. Complete Books of Art Ideas. USPORNE PUBLISHING.Ltd. 2004.
- Fisher, Bobbi: Joyful Learning in Kinergarten, Revised Edition. New York, Heineman, 1998.
- Foster, Benjamin R.; Polinger Foster, Karen (2009), Civilizations of ancient Iraq, Princeton: Princeton University Press, ISBN 978-0-691-13722-3.
- Ghosh, Pallab. "Cave paintings change ideas about the origin of art". BBC News. Retrieved 8 October 2014

- Gramsch: Das Mesolithikum im Flachland zwischen Elbe und Oder. Veröffentlichungen des Museums für Ur- und Frühgeschichte Potsdam 7. Berlin, 1973.
- Grer. W. Art as a Basic (The Reformation in Art Education) Bloominaton & Phi Kappa Education Foundation. N.D.
- Habu, Junko (2004). Ancient Jomon of Japan. ISBN 978-0-521-77670-7.